# ڕووداو
RÛDAW

ژمارە (434) دووشەممە 2016/11/28 - 7ی سەرماوەزی 2716 (750) دینار


## مریشکێکی کوردی نرخەکەی دەگاتە 5000 دۆلار



**ڕووداو- هەولێر**

لە ئەنجامی لێکدانی سێ جۆر مریشک، جۆرە مریشکێکی تازەی کوردی بەرهەم دێت کە خاوەنی زیاتر لە هەشت تایبەتمەندییە. ئێستا نرخی ئەو جۆرە مریشکە کە بڕیارە بەشداری لە هەڵبژاردنی شاجوانی مریشکەکاندا بکات، گەیشتووەتە پێنج هەزار دۆلار.

مەسعود محەممەد، خاوەنی کێڵگەی زنجیر بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر و ئاژەڵ کە ئەو جۆرە مریشکە بەخێو دەکات، دەڵێت "تایبەتمەندی ئەم مریشکە لەوەدایە جگە لەوەی جوانییەکی بێوێنەی هەیە، دەتوانرێت بۆ گۆشت و هێلکەش سوودی لێ وەربگیرێ، چونکە ساڵانە 150 تاوەکو 180 هێلکە دەکات. بە ساڵێک کێشی مریشکەکەی دەگاتە زیاتر لە سێ کیلۆ و کەڵەبابەکەشی دەبێتە چوار کیلۆ".

بۆ ناساندن و هەڵبژاردنی شاجوانی ئەم جۆرە مریشکە، وا بڕیارە ڕۆژی 2016/12/23 پێشبڕکێیەک لە هەولێر بەڕێوەبچێ، هەندرێن محەممەد، خاوەنی 25 مریشکی کوردی لەو جۆرەیە کە بڕیارە بەشداری لە کێبڕکێیەکەدا بکەن. یەکێک لەوانەی بە 1700 دۆلار کڕیوە و بەهۆی ئەو کێبڕکێیەوە نرخەکەی بۆ 5000 دۆلار بەرزبووەتەوە.

«8

## گۆڕان و کۆمەڵ بە پڕۆژە پێشوازی لە پارتی دەکەن
3

## 2000 عەرەب دەبنە پێشمەرگە
4

## ناوەندی RAND: ئەنقەرە بە کردەوە یارمەتیی سەربەخۆیی کوردستان دەدات
17

### ئەندامێکی خێزانەکەی د.هۆشیار ئامادەی لێکۆڵینەوەکان دەبێت

# تۆمەتبارە سەرەکییەکەی کەیسی د.هۆشیار کۆنە ئیسلامییە

« 3



**باوکی یەکێک لە تۆمەتبارەکان:**
ئەگەر کوڕەکەم دەستی لەو تاوانەدا هەبێ حاشای لێدەکەم

دۆسیە 5

### کوردێک دەیتوانی ڕێ لە دروستبوونی داعش بگرێ



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

### لە هەولێر کچێکی دەزگیراندار هەڵدێت بۆ ئەوروپا

تەندروستی 18

### تەندروستی چاودێری دەخاتە سەر دەرمانی گیایی



هونەری 12

شەیما قاسم بۆ (ڕووداو):

### پەشیمانم لە وەرگرتنی نازناوی شاجوان



## ناوەندێکی میدیایی کوردی لە سوێد دادەمەزرێ
« 11

راپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە ( 434 ) – دووشەممە 2016/11/28



## لە هەولێر بکوژی "کوردێکی ئێزدی" دەستگیردەکرێ

**ڕووداو– هەولێر**

لە کۆمەڵگای مەلائۆمەر لە هەولێر، پۆلیس کەسێکی دەستگیرکردووە کە پێشتر کەسێکی کوشتووە. هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لە لێدوانێکدا بۆ ( ڕووداو) گوتی "دوای ئەوەی شەوی 2016/11/26 کەسێک هاووڵاتییەکی لە کۆمەڵگای مەلا ئۆمەر کوشت، شەوی دواتر توانرا بە هاوکاری ئاسایش و پۆلیس، تاوانبار دەستگیربکەین". گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەشڵێت "ئەو کەسەی تاوانەکەی ئەنجامداوە، کوردی ئێزدییە و ئەوەیشی کە کوژراوە هەر کوردی ئێزدییە". پۆلیسی هەولێر ئاماژە بەوەش دەکات کە لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا دەقی دانپێدانانی تۆمەتبارەکە بڵاودەکەنەوە.

# لە هەولێر کچێکی دەزگیراندار هەڵدێت بۆ ئەوروپا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو– هەولێر**

"بۆ کوڕ دەتوانێت بەتەنیا بچێتە ئەوروپا، ئەی بۆ کچ ناتوانێت". (ب) چەند جارێک ئەم پرسیارەی لە دایکی کردبوو. دواجاریش بە تەنیا بەرەو ئەوروپا کۆچی کرد و دەزگیرانەکەی بەجێهێشت.

(ب)، تەمەن 20 ساڵ، کە لە قۆناغی ئامادەیی وازی لە خوێندن هێنا، دوای چەند مانگێک دەدرێتە خزمێکیان و دەبنە مارەبڕی یەکدی، بەڵام بەر لەوەی بگوازرێتەوە، سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەچێتە ئەوروپا.

دایکی (ب) باسی کچەکەی دەکات " (ب) هەمیشەی خولیای ئەوە بوو بچێتە ئەوروپا و زۆرجار دەیگوت دایکە تۆ بڵێی ڕۆژێک بتوانم بچم بۆ ئەوروپا؟ منیش پێمدەگوت کچم ئەم خەیاڵانە چییە؟ دەیگوت، بۆ هەر کوڕ دەتوانێت بڕواتە ئەوروپا؟ بۆچی کچ ناتوانێت بە تەنیا بڕوات؟".

کاتی ئاهەنگی هاوسەرگیری (ب) نزیک دەبێتەوە، بەڵام خەیاڵی (ب) دوورتر دەڕوات لەو خانووەی بڕیار بوو لەگەڵ دەزگیرانەکەی تێیدا بژین. هەموو شتێک بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە ئامادە کرابوو، ئەوەی کە مابوو تەنیا پۆشینی جلی بووکێنی بوو.

دایکی (ب) دەڵێت "ئەو بە چەند ڕۆژێک پێش هاوسەرگیرییەکەی، ڕۆژێک لەدوای نیوەڕۆ خۆی گۆڕی. گوتی لەگەڵ خوشکی هاوژینەکەم دەچینە بازاڕ، هەندێک شتم پێویستە، دواتر دەچم قژم ڕەنگ دەکەم و لەگەڵ ئارایشگاکەش قسە دەکەم بۆ هەفتەی داهاتوو. پێشیگوتم پەیوەندیم پێوە مەکە، چونکە سەرقاڵم و خۆم پەیوەندیت پێوە دەکەم، منیش گوتم باشە".

دایکی دەڵێت "کچەکەم فێڵی لێکردم، ئێوارە پەیوەندیم پێوەکرد و پرسیم لەکوێی؟ گوتی لە ماڵی دەزگیرانەکەیەتی و ئێوارە بۆ نانخواردن لە ماڵی ئەوان دەمێنێتەوە، گوتی تەلەفۆن مەکە خۆم کاژێر 10ی شەو دێمەوە، منیش زۆرم پێخۆش بوو کە کچەکەم تێکەڵی ماڵی خەزوورانی دەبێت".

دایکی ئەو شەوە سەرقاڵی ئیشی ماڵەوە دەبێت "بە کارەوە سەرقاڵ بووم، کاژێر 10ی شەو بوو، بەڵام (ب) دیار نەبوو، بە کچەکەی دیکەم گوت تەلەفۆنی بۆ بکات، بەڵام تەلەفۆنەکەی داخرابوو، پێموابوو شەحنی نەمابێت، بۆیە پەیوەندیم بە دەستگیرانەکەیەوە کرد و گوتم کچەکەم لە ماڵی ئێوەیە؟ داوام کرد کچەکەم بهێنێتەوە، بەڵام ئەو پێیگوتم لەوێ نییە".

دایکی (ب) بەردەوام دەبێت و دەڵێت "کە وایگوت ئەژنۆم شکا و دڵم خێرا لێیدا، بانگی خاڵ و مام و براکانیم کرد، ئەو شەوە لە زۆر شوێن سۆراخیمان کرد، بەڵام بێسوود بوو، لە هیچ شوێنێک نەماندۆزییەوە، بۆ بەیانییەکەی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانیمان ئاگادار کردەوە، بەڵام ناوی لە فڕۆکەخانەکانیش نەبوو".

تا دەهات گومانەکانی خێزانی (ب) زیاتر دەبوون، وەک دایکی دەڵێت " (ب) ناسنامە و ڕەگەزنامە و پاسپۆرت و هەموو شتێکی لەگەڵ خۆی بردبوو، بەمەش گومانەکانمان زۆرتر بوون، بەڵام دوای ئەوەی زانیمان زێڕەکانی خۆی و خوشکەکەی و ئەو زێڕانەش نەماون کە بۆ هاوسەرگرییەکەی کرابوون، هیچ گومانێکمان نەما کە ڕۆیشتووە".

خێزانی (ب) پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان ئاگادار دەکەنەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ سۆراخێکی نییە. دایکی ئەو کچە دەڵێت "پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانمان ئاگادار کردەوە، بەڵام هیچ سۆراخێکی نەبوو، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک لە بازگەی یەکێک لە شارۆچکەکانەوە پەیوەندیمان پێوەکرا کە (ب) لە کامێرای بازگەکە دەرکەوتووە و لەناو ئۆتۆمبێلێکدا بووە، لەو بازگەیەش وەکو قوتابی زانکۆ خۆی ناساندووە، ئیدی لەوێوە هیچ هەواڵێکی نییە، بەڵام هەندێک هەواڵ هەن کە لە سنووری هەرێمی کوردستان دەرچووە و ئێستا نازانین لەکوێیە و چی بەسەرهاتووە؟".



# بازرگانێکی کورد بە ئۆتۆمبێلی حکومی دەڕفێنرێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– سلێمانی**

گەورەترین بازرگانی کوردی ئێزدی لە شاری بەغدا لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە ڕفێنرا. پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا دەڵێت ئەو بازرگانە کوردە لە شوێنێک ڕفێنراوە کە هێزی ئەمنی لێبووە. بەرپرسێکی پارتیش دەڵێت لەلایەن گرووپێکی مافیاییەوە بە ئۆتۆمبێلی حکومی ڕفێنراوە.

ڕۆژی 2016/11/25 داود شەمۆ کەسایەتی و بازرگانی کوردی ئێزدی لە ناوچەی عەرەفاتی شاری بەغدا لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە ڕفێنرا و بەرەبەیانی ڕۆژی 2016/11/27 ئازاد کرا.

د.ئەشواق جاف، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، ئەو بازرگانە لەناوچەی عەرەفات لە ڕێستۆرانتێکدا لەگەڵ خێزانەکەی بووە و ڕفێنراوە، لە کاتێکدا ئەو شوێنە هێزی پۆلیسی لێبووە و لەڕووی ئەمنییەتەوە زۆر باشە، بەڵام دیارە پێشتر چاودێرییان کردووە".

داود شەمۆ، بازرگانێکی دیارە و ساڵانێکی زۆرە لە بەغدا کار دەکات و لەوێ خاوەنی هوتێل و ڕێستورانتە.

عەلی عەونی، بەرپرسی لقی 20ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شێخان هەندێک زانیاری لەبارەی ئەو بازرگانە کوردە ئاشکرا کرد و گوتی "شەمۆ، گەورەترین بازرگانی ئێزیدییەکانە و ڕۆڵی گەورەی لە پێشخستنی کەرتی گەشتیاری لە عێراقدا هەبووە، لە بەغدا هوتێل و ریستۆرانتی هەیە. بەپێی زانیارییەکان، لەلایەن گرووپێکی مافیایی بە چەند ئۆتۆمبێلێکی حکومی ڕفێنراوە".

عەلی عەونی گوتیشی "شەمۆ لە کۆمەڵگەی خانکێی ناوچەی سێمێڵ خانووی هەبووە، لە بەغداش موڵکی زۆری هەیە، بەپێی زانیارییەکانمان دوای ڕفاندنی پەیوەندی بە خێزانەکەیەوە کراوە".

بەپێی ئەزموونی ڕفاندنی بازرگانە ئێزیدییەکان لەماوەی ڕابردوودا، پێدەچێت ڕفاندنی شەمۆ بۆ داواکردنی پارە بووبێت. عەلی عەونی گوتی "لەبەرئەوەی بەغدا شوێنی کارکردنە و ئێزیدییەکانیش دەوڵەمەندی زۆریان تێدایە، لەوێ کار دەکەن، لەماوەی ڕابردوودا دوو بازرگانی دیکەشیان ڕفێنران و یەکێکیان بە پارە ئازاد کرا، بەڵام ئەوەی دیکەیان دوای دانی پارەکەش کوژرا، ڕەنگە ڕفاندنی شەمۆش هەر بۆ پارە بووبێت".

هێمن باجەلان، ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە عێراق کە ئاگاداری ڕفاندنی ئەو بازرگانە ئێزدییە بوون، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پەیوەندیمان بە دەزگا ئەمنییەکانەوە کرد، بێئاگایی خۆیان لەو ڕووداوە دەربڕی، بۆیە نازانرێ بۆ چ مەبەستێک ڕفێنرابوو".

ئەنوەر دەروێش، کە ئامۆزای داودە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کاتی ڕفاندنەکە، داود لەگەڵ خێزانەکەی و شۆفێرەکەیدا لە ڕێستورانتێک بوون کاتێک هاتوونەتە دەرەوە و چوونەتە نێو ئۆتۆمبێلەکەیان، چوار ئوتومبیل کە نزیکەی 16 کەسیان تێدابووە، ڕێگەیان لێگرتوون و ژنەکەیان هێناوەتە خوارەوە و ئەوانیان ڕفاندووە.

ئەنوەر گوتی "داود لەلایەن میلیشیاکان ڕفێندرابوو گومان دەکەین هێزە ئەمنییەکانیش لەو ڕفاندنەدا بەشداربووبن، چونکە ئەو ناوچەیە هێزی ئەمنیی زۆری لێیە، دواتر ڕفێنەرەکان بەبێ ئەوەی هیچ بڕە پارەیەک داوا بکەن لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی موسەننا ئازادیان کردووە و پێیانگوتووە نابێت لەمەودوا بازرگانی مەی بکەیت".

بە گوتەی ئەنوەر، ئامۆزاکەی چیدی لە بەغدا نامێنێتەوە و بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بگەڕێتەوە شاری دهۆک.

هێمن باجەلان کە لە شاری بەغدا نیشتەجێیە، دەڵێت هەر کاتێک نێوانی کوردستان و بەغدا خراپ ببێت، کوردی نیشتەجێی بەغداش هەڕەشەیان لێدەکرێت.

لە ساڵانی ڕابردووشدا زۆرجار هەواڵی ڕفاندنی کورد لە ناوچەکانی عێراق بڵاودەکرانەوە، بەڵام تائێستا ئاماری وردی ڕفێندراوان لەبەردەست لایەنە پەیوەندیدارەکان نییە، د.ئەشواق نموونەی ڕفاندنی حەوت بارهەڵگری دیکەی هێنایەوە کە ئەمساڵ لەناوچەی دوزخورماتوو ڕفێندراون و دواتر پێنجیان ئازادکراون.

**ئەشواف جاف، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی عێراق:**
**لە ناوچەیەک ڕفێنراوە کە هێزی ئەمنیی لێبووە**

**ئامۆزایەکی بازرگانەکە:**
**ڕفێنەرەکان پێیانگوتبوو نابێت چیدی بازرگانیی مەی بکەی**

## لە دوو ساڵی ڕابردوودا تەنیا هەشت منداڵ برردرابوونە خانەکە

# ئەمساڵ 19 منداڵ براونەتە خانەی بێسەرپەرشتانی سلێمانی



**ڕووداو– سلێمانی**

ئامارەکانی خانەی منداڵانی بێسەرپەرشت لە سلێمانی ئاماژە بە زیادبوونی منداڵان لەو خانەیە و دۆزینەوەی منداڵانی فڕێدراو دەکەن. بەرپرسی خانەکەش دەڵێت هۆکارێکی هێنانی منداڵان، قەیرانی داراییە.

خانەی منداڵانی بێسەرپەرشت لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی لە ڕۆژی 2014/6/4 کراوەتەوە. وەک چۆپی عەلی ڕەزا، بەڕێوەبەری ئەو خانەیە گوتی، وەرگرتنی منداڵان لەوێ بە بڕیاری دادوەر دەبێت.

چۆپی ئاماری وەرگرتنی منداڵانی خانەکەیانی ئاشکرا کرد بە جۆرێک ساڵی 2014، تەنیا چوار منداڵ ڕوویان لە خانەکە کردووە کە هەموویان کوڕ بوون، لەوەش یەکێکیان دۆزراوە بووە کە تەمەنی نزیکەی 40 ڕۆژ بووە، ئەوانی دیکەش نزیکەی دوو ساڵ و یەکێکی دیکەشیان ساڵێک بووە.

ساڵی ڕابردووش هەر چوار منداڵ ڕوویان لە خانەکە کردووە کە سێیان دۆزراونەتەوە، یەکێکیان کچ بووە و تەمەنی نزیکەی مانگێک بووە، ئەوانەی دیکەش تەمەنیان نزیکەی ساڵێک بووە.

بەڵام ئەمساڵ ژمارەی وەرگرتنی منداڵانی بێسەرپەرشت لەو خانەیە زۆر زیادی کردووە. چۆپی گوتی "ئەمساڵ 19 منداڵ هاتوون، چوار منداڵیان دۆزراونەتەوە، یەکێک لە منداڵە دۆزراوەکان کچ بوو، کاتێک وەرمانگرت 20 ڕۆژ بوو، بەڵام سەرەتای ئەم مانگە درایە خێزانێک بەخێوی بکەن".

لەو منداڵانەی لە ماوەی کردنەوەی خانەکە هێنراونەتە خانەکە هەشتیان لەسەر شەقام و شوێنە چۆڵەکان و مزگەوتەکان دۆزراونەتەوە و تەمەنی هیچیان نەگەیشتووەتە ساڵێک. چۆپی گوتی "لەو هەشت منداڵەی دۆزراونەتەوە، شەشیان بە بڕیاری دادگا دراونەتە ئەو خێزانانەی منداڵیان نییە. ئێستا تەنیا 23 منداڵ لە خانەکەن".

ناوبراو وەرگرتنی منداڵانی لە خانەکەیان بۆ چەند هۆکارێکی جیاواز گەڕاندەوە و گوتی "بە گشتی ئەو منداڵانەی دەهێندرێنە خانە لە خێزانە هەژارەکانن. هەندێکیان بەهۆی قەیرانی داراییەوەیە کە دایک و باوکیان جیابوونەتەوە و کەس نییە منداڵەکانیان بەخێو بکات، هەندێکیشیان هەر بەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوکە، بەڵام ڕەنگە بۆ ماوەیەک منداڵەکان لای ئێمە بمێننەوە".

سەبارەت بە منداڵە دۆزراوەکانیش، گوتی "هەندێکیان ناشەرعین، بەڵام هەندێکی دیکەیان کەسوکاریان بەهۆکاری جیاواز فڕێیان داون".

لە هاوینی ئەمساڵدا لەلایەن ژن و پیاوێکەوە منداڵێکی تازە لەدایکبوو لە بەردەم مزگەوتی خانەقای شاری سلێمانی فڕێدرا، بەڵام دوای بەدواداچوونی دەزگا ئەمنییەکان توانرا کەسوکاری منداڵەکە بدۆزرێتەوە کە دانیشتووی ناحیەیەکی نزیک سلێمانی بوون و پاشان منداڵەکەیان ڕادەستکرایەوە.

**بەرپرسی خانەکە: لە هەشت منداڵی دۆزراوە شەشیان دراونەتە خێزانەکان**

### حاڵەتێکی مەترسیدارە

کوردستان عەبدولکەریم، توێژەری کۆمەڵایەتی ژمارەی ئەو منداڵانەی بەلاوە زۆرە کە ڕوویان کردووەتە خانە و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بێگومان ئەو ژمارەیە زۆرە، چونکە ئەگەر کۆمەڵگەی خۆمان بەراورد بە کۆمەڵگەکانی دیکە بکەین کۆمەڵگەیەکی موسڵمانین و جگە لە خێزانی سەرەکی، خێزانی پلە دوو و سێش بۆ بەخێوکردنی منداڵان هەن، لەبەرئەوە منداڵێک خێزانی پلە دوو و پلە سێیشی بۆ بەخێوکردن نەبێت و بردرابێتە خانە، حاڵەتێکی مەترسیدارە بۆ کۆمەڵگە".

بەبۆچوونی ناوبراو، قەیرانی دارایی هۆکاری سەرەکی بردنی ئەو منالاّنەیە بۆ خانە، هەروەها جیابوونەوەی دایک و باوک. کوردستان گوتی "بەهۆی قەیرانی دارایی ژن و مێرد هەیە چوونەتە سەر ماڵی باوکی یەکێکیان، بەڵام لەوێش نەگونجان و جیابوونەتەوە و ڕەنگە لەو کاتەدا منداڵەکەیان بە ناچاری بردبێتە خانە".



## "کۆسرەت ڕەسوڵ پاشگەزدەبێتەوە"

**ڕووداو- سلێمانی**

سەرکردەیەکی باڵی "زۆرینە"ی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەفتەی ڕابردوو مەلا بەختیار، بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پەیوەندی بە کۆسرەت ڕەسووڵ، جێگری یەکەمی سکرتێرەوە کردووە بۆ ئەوەی ڕۆژی 2016/11/26 کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بکەن، ئەو سەرکردەیە گوتی "سەرەتا کاک کۆسرەت ڕازی بووە، بەڵام دواتر پاشگەزبووەتەوە و بەو هۆیەشەوە کۆبوونەوەکە نەکراوە". سەرکردەکەی باڵی "زۆرینە" گوتیشی "ئێمە دەمانەوێت چارەسەری کێشەکان بکەین و تەنانەت ئەگەر بە گۆڕینی بەرپرسەکانیش بێت، بەڵام بۆ هەموو چارەسەرەکان هەر دەبێت کۆببینەوە، ئەگینا ناگەینە ئەنجام".

### تۆمەتبارانی دۆسیەی تیرۆرکردنی چۆن دۆزراونەتەوە؟

# ئەندامێکی خێزانەکەی د.هۆشیار ئامادەی لێکۆڵینەوەکان دەبێت لەگەڵ بکوژ



د.هۆشیار ئیسماعیل

**هێڤیدار ئەحمەد و مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەبارەی دەستگیرکردنی دوو کەس کە تۆمەتبارن بە تیرۆرکردنی د.هۆشیار ئیسماعیل، گوتاربێژی مزگەوتی عومەر بندیان لەشاری هەولێر، دەڵێت "هەنگاوی جددی و ڕاستەقینە لێرەوە دەست پێدەکات کە کێ لە پشت تاوانەکە بووە". ماڵباتەکەشی دەڵێن ئاسایش بەڵێنی پێداون لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا ئەندامێکی خێزانەکەی ئامادە بێت".

### بکوژەکە ئەندامی حیزبێکی ئیسلامی بووە

کاژێر 10:30 خولەکی شەوی 2016/11/22 کەسێک لە دەرگای ماڵی د.هۆشیار ئیسماعیل دەدات. دوای ئەوەی د.هۆشیار دەرگا دەکاتەوە، کەسەکە سێ گوللەی پێوەدەنێ، دوو لە گوللەکان بەر د.هۆشیار دەکەون و بریندار دەکرێ، دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانە، گیانی دەردەچێ.

ماوەی چەند ڕۆژێکە پرسیاری هەرکەس ئەمەیە: ئەو مامۆستایە چۆن و بۆچی کوژرا؟

هەر دوای تیرۆرکردنی ئەو مامۆستا ئاینییە، دەزگا ئەمنییەکان دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لێکۆڵینەوەکە لە بازنەیەکی بەرتەسکدا بەڕێوەدەچێ، تاوەکو دزە بە زانیارییەکان نەکرێ و بە زووترین کات ئەوانەی لە پشت ئەو ڕووداوەن ئاشکرا ببن.

بکوژی د.هۆشیار گەنجێکی تەمەن 25 ساڵە بەناوی (م.ع.و)، خێزاندارە و دوو منداڵی هەیە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان لە کوشتنی د.هۆشیار ئیسماعیل، هەندێک زانیاریی گرنگی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و بەپێی ئەو زانیارییانە، (م.ع.و) کە بکوژی سەرەکیی مامۆستا هۆشیار ئیسماعیلە، پێش ماوەیەک بە هۆکارێکی نادیار بریندار بووە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) بکوژەکە نارنجۆکێکی لە دەست تەقیوەتەوە، بکوژەکە پێشتر سەلەفی بووە و پەیوەندی بە حیزبێکی ئیسلامییەوە هەبووە، بەڵام دواتر وازی هێناوە.

### تۆمەتبارەکان ئاوەڵزاوای یەکدین

د.تارق گەردی، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاند "لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی کوشتنی د.هۆشیار ئیسماعیل هەنگاوی زۆر باشی بڕیوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا بکوژەکان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا دەکەین".

ماڵباتی د.هۆشیار ئیسماعیل، بکوژەکەیان بینیوە و ئاسایش بکوژەکەی هێناوەتە بەردەم ماڵی مامۆستا هۆشیار و سیناریۆی کوشتنەکەی پێ دووبارە کردووەتەوە.

**برایەکی د.هۆشیار:**

## دەمانەوێ نیو کاژێر بەتەنیا لەگەڵ بکوژەکە دابنیشین

دیار گۆران، برای د.هۆشیار ئیسماعیل بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وەک (کەشف دەلالە) ئاسایش بکوژەکەیان هێنابوو بۆ ئەوەی بڵێت چۆن کردەوەکەی ئەنجامداوە و چۆن لە دەرگای ماڵی داوە، چۆن دەمانچەکەی تەقاندووە، چۆن مامۆستای تیرۆر کردووە".

دیار گۆران باسی ئەو کاتە دەکات کە بکوژەکەی بینیوە و گوتی "کاتێ هێنایانە بەردەرگا هەوڵمدا پەلاماری بدەم، بەڵام ئاسایش ڕێگەی نەدا، ویستم پێی بڵێم بۆ ئەو ناپاکییەی بەرامبەر مامۆستا کرد".

لەو کاتەی بکوژەکە لەبەر دەرگای ماڵی مامۆستا هۆشیار بووە کە ماڵەکەی دەکەوێتە پشتی مزگەوتەکە و بەردەرگای ماڵەکەی گۆڕەپانە، نوێژکەرانی نوێژی عەسر تەواوببوون، کە بکوژەکەیان لەوێ بینیوە بە برای مامۆستا هۆشیاریان گوتووە "سێ ساڵ پێش ئێستا ئەو کەسە لە گەڕەکی شادی بووە کە ماڵی مامۆستا و مزگەوتەکەشی لەو گەڕەکەیە، بەڵام نوێژکەران گوتیان نەهاتووەتە مزگەوتی مامۆستا و نوێژی لەم مزگەوتە نەکردووە".

دیار گۆران زانیاری زیاتر لەسەر بکوژەکە و ئەوەی یارمەتیی داوە ئاشکرا کرد و گوتی "بکوژی مامۆستا و ئەوەی لەگەڵی بووە، هەردووکیان کوردن و خەڵکی هەولێرن و ئاوەڵزاوای یەکدین".

### چۆن دۆزراونەتەوە؟

(س.س.×) لەدایکبووی 1992/1/1 خوێندکاری زانکۆ بووە لە هەولێر. ئەم کەسە یارمەتیی (م)ی داوە لە کوشتنی د.هۆشیار. ئەو دوو تۆمەتبارە وەک سەرچاوەیەکی تایبەت بە (ڕووداو)ی گوت "لە ڕێگای دوو کەسی نزیکی ماڵی مامۆستا هوشیارەوە، شوێن پێیان هەڵگرتوون. هێزەکانی ئاسایش دوو کەسیان لە نزیک شوێنی ڕووداوەکە دەستگیر کردووە. دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیان، زانیارییان لەسەر بکوژەکە داوە کە لە ناوچەکە بینیویانە".

باوکی تۆمەتباری دووەم گوتاربێژی یەکێک لە مزگەوتەکانی گەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێرە. ئەو مامۆستایە لەبارەی تێوەگلانی کوڕەکەی لەو تاوانە بە (ڕووداو)ی گوت "یەکەمجار ئاسایش کوڕی منیان برد بۆ لێکۆڵینەوە، بەڵام کە گوتیان دەستی هەیە لە کوشتنی مەلا هۆشیار، شۆک بووم".

ئاسایشی هەولێر بکوژەکە و کوڕی ئەو گوتاربێژەی لە کاژێر 2:00ی بەرەبەیان دەستگیر کردوون، باوکی (س) کە دەڵێت هاوڕێی مەلا هۆشیار بووە، بەدەم گریانەوە گوتی "ئەگەر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت کوڕی من دەستی هەیە لەو کەیسەدا حاشای لێدەکەم".



(س.س) هاوکاری بکوژی د.هۆشیار



(م.ع) بکوژی سەرەکیی د.هۆشیار

**یەکگرتووی ئیسلامی:**

## لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینە لەوێوە دەست پێدەکات کە کێ لە پشت ڕووداوەکەیە

**باوکی یەکێک لە تۆمەتبارەکان:**

## ئەگەر کوڕەکەم دەستی لەو تاوانەدا هەبێ حاشای لێدەکەم

### کێ ئەو دوو کەسەی هاندانەوە؟

د.هۆشیار ئیسماعیل، مامۆستای ئاینی، بەرپرسی مەکتەبی زانایانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بوو.

سەرکردەیەکی یەکگرتووی ئیسلامی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لێکۆڵینەوەی ڕاستی و جددی لێرەوە دەست پێدەکات کە کێ ئەو دوو کەسەی هاندانەوە یان فەرمانی پێکردوون مامۆستا هۆشیار شەهید بکەن؟".

دوای تێپەڕبوونی چەند کاژێرێک بەسەر کوشتنی مامۆستا هۆشیاردا، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەوە کە نزیکەی پێنج خولەک بووە لەگەڵ سەڵاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، بەڵێنی دا بکەران و ئەوانەی لە پشتی پیلانەکەن ئاشکرا بکرێن، چونکە گوتی ئەو کردەوەیە لە دژی ئەو کراوە، پێش ئەوەی بەرامبەر ئەو مامۆستایە و یەکگرتوو بکرێ.

دیار گۆران، برای د.هۆشیار ئیسماعیل، دەڵێت "ئاسایش ئێمەی دڵنیا کردەوە لەگەڵ بکوژەکە دابنیشین و یەکێک لە ئەندامانی ماڵباتی ئێمە لە لێکۆڵینەوەکاندا لەگەڵ بکوژەکە بەشدار بێت تاوەکو کەیسەکە کۆتایی دێت".

گوتیشی "دەمانەوێ خۆمان وەکو ماڵباتی مامۆستا بە تەنیا ئەگەر بۆ نیو کاژێریش بێ، لەگەڵ بکوژەکە دابنیشین و بەتەنیا قسەی لەگەڵ بکەین".

**هەفتەی داهاتوو پارتی سەردانی یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ دەکات**

# گۆڕان و کۆمەڵ بە پڕۆژە پێشوازی لە پارتی دەکەن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

وا چاوەڕوان دەکرێت هەفتەی داهاتوو، بەستەڵەکی پەیوەندیی ساردی نێوان پارتی و گۆڕان بتوێتەوە و هەردوولا کۆببنەوە، بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت "ئامادەین پێشوازی لە وەفدەکەی پارتی بکەین". یەکێتیش کە ئێستا بەسەر دوو باڵدا دابەش بووە، بەرپرسێکی لە باڵی "زۆرینە" دەڵێت هەوڵ دەدەن وەکو یەکێتی لەگەڵ وەفدی پارتی کۆببنەوە.

وا بڕیارە ئەمڕۆ 2016/11/28 شاندی باڵای پارتی بە سەرۆکایەتی فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە سەردانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بکەن. سەردانی پارتی بۆ لای لایەنەکان دوای پەیامەکەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دێت کە داوای لە حیزبەکان کردبوو دەرچەیەک بۆ چارەسەری قەیرانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بدۆزنەوە.

**گۆڕان:** پێشوازی لە وەفدەکەی پارتی دەکەین

**سەرکردەیەکی یەکێتی لە "زۆرینە":**

## هەوڵ دەدەین وەکو یەکێتی لەگەڵیان کۆببینەوە

ئەحمەد کانی، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانی و نیشتمانییەکانی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەم هەفتەیە جگە لە یەکگرتوو، سەردانی لایەنەکانی دیکەش دەکەن، بەڵام هەفتەی داهاتوو سەردانی یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی دەکەن.

زیاتر لە ساڵێکە پەیوەندییەکانی پارتی و گۆڕان لەوپەڕی خراپیدایە، کۆبوونەوەی هەفتەی داهاتوو ئەگەر بکرێ، دەبێتە یەکەم کۆبوونەوەی ئەو دوو حیزبە لە دوای دانیشتنی 19ی ئابی پەرلەمانی کوردستان.

### گۆڕان: پێشوازیان لێدەکەین

بزووتنەوەی گۆڕان کە بۆ هەموو کارێکی پارتی کاردانەوەی هەبووە، هەفتەی ڕابردوو وەڵامی پەیامەکەی بارزانیان دایەوە و گوتیان پڕۆژەی خۆیان هەیە بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە.

ئەحمەد کانی بەدووری دەزانێ گۆڕان پێشوازی لە وەفدی پارتی نەکات و دەڵێت "ئەوان لە هەموو شتێکدا دەڵێن با پارتی دەستپێشخەری بکات، ئەوە ئێمە دەستمان پێکرد".

عەبدولڕەزاق شەریف، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان لەڕێی (ڕووداو)ەوە وەڵامی پارتی دایەوە و ڕایگەیاند "لەچوارچێوەی هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی هەرێمی کوردستان ئامادەین هەموو لایەنێک بە پارتیشەوە ببینین".

### پارتی لەگەڵ کام باڵ دادەنیشێ؟

دوای پەیامەکەی بارزانی، کۆسرەت ڕەسوڵ بەناوی جێگری سکرتێری گشتییەوە پاڵشتی خۆی و یەکێتی بۆ پەیامەکە ڕاگەیاند، بەڵام ئێستا یەکێتی بەهۆی کێشە نێوخۆییەکانیانەوە، بووەتە باڵی "زۆرینە" بە سەرکردایەتی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و باڵی "ناوەندی بڕیار" بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح، جێگرانی سکرتێری گشتی.

پارتی لەگەڵ کام باڵیان کۆدەبێتەوە؟ کانی گوتی "دەمانەوێت لەگەڵ یەکێتی کۆببینەوە و ئەوان خۆیان وەفدەکە دیاری بکەن". سامان گەرمیانی ئەندامی سەرکردایەتی لە باڵی "زۆرینە" بە (ڕووداو)ی گوت "بە گشتی لە کاتی هاتنی وەفدەکاندا کێشەمان نەبووە و هەوڵیش دەدەین وەکو یەکێتی لەگەڵیان کۆببینەوە".

دوای پەیامەکەی بارزانی، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی بە ئەرێنی وەڵامیان دایەوە. سەمیر سەلیم، کارگێڕی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دەکرێت پەیامەکە بکرێتە دەرچەیەک بۆ دۆزینەوەی چارەسەر. مەروان گەڵاڵی سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵیش لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمڕۆ بێت یان سبەی، دەبێت پەیوەندییەکان ئاسایی ببنەوە، چونکە ناکرێت لەکوردستان پێکەوە بژین و نێوانی لایەنەکانیش بەو شێوەیە بێت".

**یەکگرتوو:** دەبێت پارتیش پڕۆژەی خۆی هەبێت

**کۆمەڵ:** پڕۆژەمان ئامادەیە

**پارتی:** هیوادارین کۆبوونەوەکان نەبنە پڕۆژە و پڕۆژەکاری

### گۆڕان و کۆمەڵ پڕۆژەیان دەبێت

شەوی 2016/11/24 بزووتنەوەی گۆڕان وەڵامی پەیامەکەی بارزانی دایەوە. عەبدولڕەزاق شەریف گوتی "بە پڕۆژەی تەواوە دەچینە کۆبوونەوەوە، بەڵام تائێستا نازانین چ کاتێک کۆبوونەوەمان دەبێت، ڕەنگە سبەی شتێکی دیکە ڕوویدات و لە پڕۆژەکەماندا جێی بکەینەوە، بەڵام لەگەڵ هەر لایەنێک دابنیشین ئەولەویەتمان ئەوەیە بەزووترین کات بژێویی مووچەخۆران باش بکرێ".

ساڵی ڕابردوو گۆڕان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژەیەکیان پێشکەشی پەرلەمان کرد و داوای هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیان کرد بەجۆرێک دەسەڵاتەکانی سەرۆک دیاری بکرێت و هەندێک لە دەسەڵاتەکانیشی بدرێنە سەرۆکی حکومەت، گۆڕینی سیستەمی حکومڕانیش بۆ پەرلەمانی.

عەبدولڕەزاق گوتی "ئێستاش ئەو داوایانەمان هەیە کە لایەنە سیاسییەکان ڕێککەوتنی لەسەر بکەن و لە پەرلەمانیشەوە بە یاسایەک دەربچێت، لەنێو یاساکەشدا ئاماژەی پێبدرێت کە ئەوە دەبێتە بناغەیەک بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان و نابێت دەستکاری بکرێت، ئەگەریش جێبەجێ کرا، لامان گرنگ نییە کێ سەرۆکی پەرلەمانە، یان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت".

لەبارەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش کە ئاخۆ ئامادەن بیگۆڕن وەک ئەوەی پارتی پێداگیری لەسەر دەکات و لە پەیامەکەی بارزانیشدا دووپات کرابووەوە؟ عەبدولڕەزاق گوتی "ئامادەین نەک بۆ گۆڕینی بەرپرسەکانمان، بەڵکو پۆستەکانیش وەرنەگرینەوە، بەڵام ئەو مەبدەئانەی هەمانە جێبەجێ بکرێن".

کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت ئەوانیش پڕۆژەیان هەیە. مەروان گەڵاڵی گوتی "ئەنجوومەنی سیاسی کۆمەڵیش لەو دانیشتنەدا پڕۆژەی بۆ پەیامەکەی کاک مەسعود بارزانی ئامادە کردووە".

هاوکات بەرپرسەکەی یەکگرتوو گوتی "ئێمەش قسەی خۆمان دەبێت، بەڵام دەبێت پارتی پڕۆژەیەکی هەبێت بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم لایەنەکان تا ئەو پەیامە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە".

### لایەنەکان کاندیدیان بۆ سەرۆک دەبێت؟

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەیدا داوای ڕێککەوتنی نوێی بۆ هەر سێ سەرۆکایەتییەکە کرد. سەبارەت بە کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەرپرسەکەی گۆڕان گوتی "پێمانوایە لەو مەسەلەیەدا پارتی جددی نییە، چونکە ئەگەر جددی بووایە کاک مەسعود دەستی لەکار دەکێشایەوە و پێویستی نەدەکرد بڵێت کاندید دیاری بکەن".

سەرکردەکەی یەکێتیش دەڵێت "بەلای منەوە کێشە نییە کاندیدمان دەبێت یان نا، بەڵکو دیموکراسی و سیستەمی وڵات گرنگە کە دەستوور دیاری بکات".



### قوباد تاڵەبانی:
## کەس لەم دۆخەی کوردستان رازی نییە

**رووداو- هەولێر**

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان داوای لە مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کرد دەرگای خوێندنگاکان بەڕووی خوێندکاران بکەنەوە، بۆ ئەوەی قوتابیان نەبنە قوربانی ململانێکان. رۆژی 2016/11/27، قوباد تاڵەبانی، سەردانی مەرزی باشماخی کرد و سیستمی بە ئەلکترۆنیکردنی مەرزی باشماخی کردەوە. سەبارەت بە شکاندنی بایکۆت و دەستپێکردنەوەی دەوامی قوتابخانەکان تاڵەبانی بە دەزگاکانی راگەیاندنی گوت "پەیامی مامۆستایان گەیشتووەتە حکومەت و لە هەوڵی جددیداین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مامۆستایان" گوتیشی "لەگەڵ ئەوەدانیم کە مامۆستایان بە دوو بەشی رازی و ناڕازی پۆلێن بکرێن، چونکە ئێستا هیچ کەس لەم دۆخەی کوردستان رازی نییە".

# 2000 عەرەب دەبنە پێشمەرگە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**



لە ماوەی دوو هەفتەدا دوو هەزار عەرەبی ناوچەی زوممار خۆیان ناونووس کردووە بۆ ئەوەی ببنە لیوایەکی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە. شێخێکی عەرەبی ناوچەکە کە ناوی خۆی تۆمار کردووە، دەڵێت خۆمان داوامان لە بارزانی کردووە بۆ ئەوەی ببینە پێشمەرگە. سەرپەرشتیارێکی لیواکەش دەڵێت ئەرکی ئەو هێزە پاراستنی ناوچەی زوممار دەبێ.

ماوەی دوو هەفتەیە لە زوممار دەست بە ناونووسین کراوە بۆ دروستکردنی لیوایەک بۆ عەرەبەکانی دانیشتووی ناوچەکە، لیواکەش سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە دەبێ و ئەرکیان پاراستنی ناوچەی زوممار دەبێ.

شێخ مزاحم ئەحمەد ئەلحوێت، گوتەبێژی هێزەکانی نەینەوا ئەلعەرەبییە باسی دروستکردنی ئەو لیوایەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "ئەو لیوایە ناوی لیوای پێشمەرگەی رۆژئاوای دیجلە دەبیت. لە عەرەبەکانی ناوچەکانی زوممار، رەبیعە، عەیازیە و چەند گوندێکی شنگال پێکدێن، ئەرکیان پاراستنی ناوچەکانیانە، بەڵام لە ژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەدا دەبن".

بە گوتەی شێخ موزاحیم، رۆژی 2016/11/24 قۆناغی ناونووسینی لیواکە تەواو بووە و 2000 کەس خۆیان ناونووس کردووە. گوتیشی "چاوەڕێ دەکەین ئەم هەفتەیە دەست بە قۆناغی مەشق و راهێنان لە سەربازگەکانی نزیک سحێلا بکەین".

ناحیەی رەبیعە سەر بە پارێزگای نەینەوایە و لە 154 گوند پێکدێ، سەنتەری ناحیەکە و گوندەکانی دەوروبەری لە مانگی ئابی 2014 کەوتە ژێر دەستی داعش، بەڵام لە مانگی 10ی 2015 لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کرایەوە.

شێخ عەلی راکان، یەکێک لە شێخەکانی ناوچەکانی زوممار لەگەڵ نزیکەی 50 کەسی نزیکی خۆی هاتبوو ناوی خۆی تۆمار دەکرد. شێخ راکان بە (رووداو)ی گوت "ئێمە خۆمان داوامان لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد ئەو لیوایەمان بۆ دروست بکات، چونکە لەو دوو ساڵەی ئێمە لەم ناوچەیەین و لە بن دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانداین، رەوشمان زۆر باشە، دەمانەوێت هەتا هەتایی هەر لەگەڵ هەرێمی کوردستان بمێنینەوە".

شێخ راکان زۆر بە ورە بەرزییەوە باسی لە دامەزراندنی ئەو لیوایە دەکرد و دەیگوت "بە سەتان کورد لە پێناوی رزگارکردنی ناوچەکانی ئێمە خوێنی خۆیان رشت، بۆیە ئێمەش ئامادەین بەرگری لە بست بە بستی خاکی کوردستان بکەین، لە هەر شوێنێکی کوردستان ئەرک بە لیوایەکەمان بسپێرن، ئامادەین جێبەجێی بکەین و خوێنی خۆمان لە پێناوی کوردستان بڕێژین".

ئیدریس حاجی، کە یەکێکە لە سەرپەرشتیارانی تۆمارکردنی ناوەکانی لیوا نوێیەکە لە ناوچەی زوممار، بە (رووداو)ی گوت "بە رەزامەندیی عەرەبی ئەو ناوچانە و بە فەرمانی مەسعود بارزانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان، دەستمان بە تۆمارکردنی ناوەکان کردووە، هەموو ئەوانەی ناویان تۆمار کردووە لەسەر رەزامەندیی خۆیان بووە".

سەبارەت بە ئەرکی لیواکە، ئیدریس حاجی گوتی "ئەو لیوایە لە ژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەدا دەجوڵێنەوە، ئەرکیشیان پاراستنی زوممار و گوندەکانی دەوروبەری دەبێت".

**شێخ عەلی راکان: ئامادەین بەرگری لە بست بە بستی خاکی کوردستان بکەین**

**گوتەبێژی هێزەکانی نەینەوا ئەلعەرەبییە: هەفتەی داهاتوو دەست بە مەشق و راهێنان دەکەین**

# حەشدی شەعبی.. میلیشیایەک بەرگی یاسای بەبەردا کرا

**سیروان عەباس**
**رووداو- هەولێر**

پەسەندکردنی یاسای حەشدی شەعبی، کورد لە پەرلەمانی عێراقدا دیسان دابەشی سەر دوو بەرە دەکات، بەشێکیان دەنگی بۆ دەدەن و بەشێکیشیان دژی دەوەستنەوە. پەرلەمانتارێکی کورد دەڵێت بەبێ ئەوانیش یاساکە هەر پەسەند دەکرا.

رۆژی 2016/11/21 پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەی بۆ پرۆژە یاسای بە یاساییکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی کرد و بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران پەسەند کرا. لە کاتی دەنگدانەکە هەندێک لە پەرلەمانتارانی کورد لە هۆڵی کۆبوونەوە چوونە دەرەوە، بەڵام هەندێکی دیکە مانەوە و دەنگیان بۆ دا.

نەوزاد رەسوڵ، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند "هیچ فراکسیۆنێکی کوردستانی بە فەرمی یاسای حەشدی شەعبی رەتنەکردەوە، تەنانەت بەشێک لە سوننەکانیش لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیان دەنگیان بۆ دا".

نەوزاد رەسوڵ ئاماژەی بەوەدا کە دەنگی ئەوان هیچ کاریگەری لەسەر پەسەندکردن یان نەکردنی پرۆژە یاساکە نەدەبوو، چونکە شیعەکان زۆرینە بوون "بۆیە کورد بە پەندی (نە شیش بسووتێ و نە کەباب) سیاسەتی کرد".

بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی، یاساکە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە "ئەرێنییەکە ئەوەیە کە ئیدی حەشد دەبێتە سوپایەکی یاسایی و ناتوانێت لە دەرەوەی یاسا هیچ کارێک بکات. لایەنە نەرێنییەکەش ئەوەیە کە ئەگەر لە داهاتوودا ببێتە دوژمنی کورد و پێشمەرگە، ئیدی دەبێتە سوپایەکی رێکخراو و بەهێز".

پەرلەمانتارێکی پارتی دەڵێت بەر لە دانیشتنی پەرلەمان، فراکسیۆنە کوردستانییەکان کۆبوونەتەوە "بۆ ئەوەی نەبنە کەوا سووری بەر لەشکر". شاخەوان عەبدوڵڵا بە (رووداو)ی گوت "شیعەکان بێمنەت بوون و دەیانگوت یاساکە تێدەپەڕێنین، ئێمەش ناچار نەبووین ئەو شەڕە بۆ سوننە بکەین".

شاخەوان عەبدوڵڵا هۆشداری دا کە شیعەکان پرۆژە یاسای دیکە ببەنە پەرلەمان و گوتی: "پێشبینی دەکەم لە داهاتوودا پرۆژەی یاسای گۆڕینی حوکمڕانیش ببەنە پەرلەمان و تێیپەڕێنن".

پەرلەمانتارێکی سەربەخۆی کورد لە پەرلەمانی عێراق پێیوایە "حەشدی شەعبی کێشەیەکە لە داهاتوودا یەخەی هەرێمی کوردستانیش دەگرێت".

عادل نووری، پەرلەمانتاری سەربەخۆی کورد بە (رووداو)ی راگەیاند: حەشدی شەعبی بە فەتوا دروست بووە، فتواکەش بۆ جیهادی کیفایە بووە. ئەرکەکەی تەنیا یارمەتیدانی سوپای عێراق بووە تاوەکو ئەوکاتەی کە پێویست بێت. مانەوەی حەشد وەک سوپایەک دوور نییە مەترسی بۆ سەر کوردستان دروست بکات".

عادل نووری دروستکردنی حەشدی شەعبی بە دروستکردنی بەسیجی ئێران دەچوێنێ و دەڵێت "ئەوەی ئێستا دروستکراوە وەکو بەسیجی ئێرانە، پێشتر بەجۆرێک پێکهێنرابوو کە دوای داعش حەشد هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵام لە رێگەی پەرلەمانەوە بە یاسایی کرا، ئەوەشی کە کرا دژی مەرجەعیەتی شیعەکان بوو، چونکە مەرجەعیەت دوای شەڕی مووسڵ، چەکدارانی حەشدی شەعبی دەنارد‌ەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام لە پەرلەمانەوە رێگرییان لە مەرجەعیەت کرد".

سەبارەت بە هەڵوێستی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر یاسای حەشدی شەعبی، عادل نووری گوتی: "کۆمەڵ و یەکگرتوو هۆڵی پەرلەمانیان جێهێشت، بەڵام یەکێتی و گۆڕان و بەشێک لە پارتییەکان مانەوە و دەنگیان بە یاساکە دا". ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت، نەک کورد تەنانەت باڵاترین بەرپرسی عێراقیش تێبینی لەسەر حەشدی شەعبی هەیە. عادل نووری گوتی "حەیدەر عەبادی هاوارییەتی و دەڵێ: ناتوانم کۆنترۆڵی حەشدی شەعبی بکەم. حەشد وەکو سوپا نییە، رەفتاریان هی سوپا نییە، ئاڵاکانیان هی سوپا نین، تەنانەت رەفتار و مەشقەکانیشیان هی سوپا نین، ئەوان دەرچووی هیچ زانکۆ و پەیمانگا و خولێکی سەربازی نین، منداڵیان تێدایە 50 کەسی دوای خۆی خستووە و پلەی لیوای بەستووە".

عادل نووری گومانی لە ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی هەیە و دەڵێت "فەوجیان هەیە لە 50 چەکدار پێکهاتووە، بەڵام لای حکومەت بە 500 چەکدار نووسراوە. لە لیستی مووچەدا ژمارەیان 120هەزار چەکدارە، بەڵام ژمارەیان لە 20 هەزار چەکدار تێپەڕ ناکات".

**پەرلەمانتارێکی یەکێتی: سیاسەتی "نە شیش بسووتێ و نە کەباب"مان پەیڕەو کرد**

**پەرلەمانتارێکی سەربەخۆی کورد: ئەوەی ئێستا دروستکراوە هەمان بەسیجی ئێرانە**

**پەرلەمانتارێکی پارتی: ناچار نین ئەو شەڕە بۆ سوننە بکەین**



(فۆتۆ: AFP)

### حەشدی شەعبی چۆن دروست بوو؟

بە فتوای گەورە مەرجەعی باڵای شیعە، ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی لە 15ی حوزەیرانی 2014 پێکهات، دوای نزیکبوونەوەی داعش لە شاری بەغدای پایتەختی عێراق. ئەوکات شوورایەک بە ناوی شوورای حەشدی شەعبی لە عێراق دامەزرا، شوورا لە هاوپەیمانێتی 67 گرووپی میلیشیایی شیعەکان پێکهاتووە.

حەشدی شەعبی دوای دامەزراندنی، بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی زیاتر لە 20 شار و شارۆچکەدا کردووە، لەوانەش تکریت، رومادی، ئامرلی، بێجی، فەللوجە، بەشیر و سەقلاوییە و چەند ناوچەیەکی دیکە. ئێستاش لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵدا لە باشووری ئەو شارە بەشدارن و چەند ناوچەیەکیان کۆنترۆڵ کردووە و بە گوتەی خۆیان تەنیا پێنج کیلۆمەتر لە سەنتەری شارۆچکەی تەلعەفەر دوورن.

## عارف تەیفوور، بەرپرسی میحوەری خازر بۆ (رووداو):

# هەندێک لە ئاوارەکان بە واستە لە کەمپەکان دەهێنرێنە دەرەوە

**هێدی کەریم**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسی میحوەری خازری هێزەکانی پێشمەرگە هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستان بە مەترسی دەزانێ، بە تایبەتی گەنجەکانیان، چونکە ئەوانە ماوەیەکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا ژیاون و دەترسێ لەوەی بیری داعشیان هەڵگرتبێ.

عارف تەیفوور، بەرپرسی میحوەری خازری هێزەکانی پێشمەرگە بە (رووداو)ی راگەیاند، ئاوارەیەکی زۆر هاتوونەتە سنووری میحوەرەکەیان کە سەرجەمیان پێشتر لە بن دەسەڵاتی داعشدا ژیاون. ئەو دەڵێت "داعش زۆر هەوڵی داوە بۆ لای خۆی کێشیان بکات". بۆیە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە بە مەترسی دەزانێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

لە سنووری میحوەری خازر دوو کەمپ (کەمپی خازر و کەمپی حەسەن شام) بۆ ئەو هەزاران کەسە ئاوا کراوە کە بەهۆی ئۆپەراسیۆنی مووسڵەوە ئاوارە دەبن، کەمپی سێیەمیش لەژێر دروستکردندایە.

نیگەرانیی عارف تەیفوور لەو ئاوارانە ئەوەیە کە ئەمنیەتی کەمپەکان زۆر پارێزراو نییە. عارف تەیفوور گوتی "دەبێ هێزێک هەبێ پارێزگاری لە چواردەوری کەمپەکان بکات، ئێستا هیچ هێزێک نییە ئەو کارە بکات، بەڵام بەڵێنیان پێداوین هێزێکی زێرەڤانی کە پێشتر لە باشیک بوون، لە چوار دەوری کەمپەکان جێگیر بکرێن و چاودێریی کەمپەکان بکەن".

شووراى کەمپەکان تەنیا سیمێکە و هیچ رووناککەرەوەیەک لە چواردەوری کەمپەکاندا نییە. عارف تەیفوور دەڵێت "ئەو تەلەی چواردەوری کەمپەکان لاوازە، پاسەوانیشی نییە. هەر بۆیە داوامان کردووە گرنگییەکی زیاتر بە دەوروبەری کەمپەکە بدرێ". گوتیشی "ئەرکی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقە کە رووناکی بۆ کەمپەکان دابین بکات".

نیگەرانییەکی دیکەی عارف تەیفوور، بەرپرسی میحوەری خازر بردنە دەرەوەی ئاوارەکانە لە کەمپەکان. تەیفوور گوتی "خەڵکی کەڵەک و خەبات و ئەو ناوچانە دێن تەنانەت لە دهۆک و سلێمانیش دێن، ئاوارەکان بە واستە لە کەمپەکان دەردێنن، بەرپرسی کەمپەکانیش ناچارن، چونکە واستەی بەهێزیان هەیە. ئێمە مەترسیمان هەیە ئەو خەڵکە لەسەر جادەکانی هەولێر و سلێمانی بەرەڵڵا ببن و کێشە دروست بکەن".

عارف تەیفوور زۆرتر لە گەنجە ئاوارەکان دەترسێ و دەڵێت "گەنجێکی زۆریان تێدایە، ماوەیەکی زۆر لە بن دەستی داعشدا ژیاون، رەنگە زۆربەیان مێشکیان شۆرابێتەوە. دوور نییە داعش خۆی هەندێک لەوانەی ناردبن بۆ ئەوەی ماوەیەک لێرە بن و دواتر ئاژاوە بنێنەوە". بەڵام بە دووری زانی ئەگەر ئەوانە لە کەمپەکانیش دەربچن بگەنە هەولێر "چونکە هەموویان لەوبەری رووباری خازرن".

عارف تەیفوور بە ئاسایی دەزانێ ئەو کەسانە لە کەمپەکان ببرێنە دەرەوە، بەڵام دەڵێت "با ئەو کەسانەی ئاوارەکان دەبەنە دەرەوە، کەفالەتیان بکەن". گوتیشی "هەرچەندە نەمانهێشتووە ببێ بە بەرەڵڵایی، بەڵام بەراستی خەڵک دەبەنە دەرەوە، ئەوەش مایەی دڵەڕاوکێیە".

**زۆربەی رێکخراوەکان بۆ وێنەگرتن لە کەمپەکانن**

**گەنجانی ئاوارە بە مەترسی دەزانین بۆ سەر هەرێمی کوردستان**

رووداو
ژمارە ( 434 ) - دووشەممە 2016/11/28

## کوردێک لە سەرکردایەتیی قاعیدەدا

# ئەو کوردەی کە دەیتوانی رێ لە دروستبوونی داعش بگرێ



### نەشوان لە دەستەی باڵای راوێژکارانی ئوسامە بن لادن بوو

### زەرقاوی رازی نەبووبوو نەشوان سەردانی بکات

رووداو- هەولێر

نزیکەی 10 ساڵ لەمەوبەر، رێکخراوی ئەلقاعیدە بەرپرسێکی کوردی لە ئەفغانستانەوە رەوانەی عێراق کرد بۆ ئەوەی داوا لە زەرقاوی بکات ئاستی توندوتیژییەکانی گرووپەکەی کەم بکاتەوە، بەڵام نێردراوە کوردەکە نەگەیشتە شوێنی مەبەست و هەشت ساڵ دواتر داعش لە هەناوی گرووپەکەی زەرقاوییەوە لەدایک بوو.

گۆڤاری (فۆرین پۆلیسی)ی ئەمریکی لە راپۆرتێکدا چیرۆکی گەشتەکەی ئەو بەرپرسە کوردەی قاعیدە دەگێڕێتەوە کە لە کۆتاییدا خۆی لە بنکەیەکی پۆلیسی دژی - قاچاخچێتی و تاوانی رێکخراوی شاری غازی عەنتاب، لە باکووری کوردستان، دەبینێتەوە و لەوێشەوە بۆ زیندانی گوانتانامۆ دەگوازرێتەوە.

### هەوڵدان بۆ شاردنەوەی ناسنامە

بەگوێرەی راپۆرتی گۆڤارە ئەمریکییەکە، ئەو کاربەدەستە کوردەی ئەلقاعیدە لە بەرەبەیانی رۆژی 16ی تشرینی یەکەمی 2006 لەناو ئۆتۆمبێلێکدا بە ژمارەی (79 M 0064) لەگەڵ پیاوێک، ئافرەتێک و چوار منداڵی دیکە، لە دیوی باشووری رۆژهەڵاتی زانکۆی غازی عەنتاب دەستگیرکراوە. هەموو گیراوەکان بەڵگەنامەی ئێرانییان پێبووە، بۆیە لە یەکەم هۆشداریدا پۆلیسی ناوچەکە وەها ئاگادار کراوەتەوە کە "ژمارەیەک ئێرانی بەنیازن بچنە شارۆچکەی کلیس" لەسەر سنووری نێوان تورکیا و سووریا.

ئەوکات شاری غازی عەنتاب هێشتا جێگەی سەرنجی ناوەندە میدیاییەکانی جیهان نەبوو، بەڵام شەش ساڵ دوای ئەو رۆژە، واتە لەگەڵ قووڵبوونەوەی جەنگی نێوخۆی سووریا، غازی عەنتاب بوو بە دەروازەی ئاودیوبوونی چەکدارانی بیانی بۆ نێو گرووپە توندڕەوەکان کە دەبوو لە تورکیاوە ئاودیوی سووریا بن.

یەکێک لە سەرنشینەکانی ئۆتۆمبێلەکە پیاوێک بووە کە خۆی بە محەممەد رەزا رەنجبەر رەزایی خەڵکی ئێران ناساندووە، پاسپۆرتێکیشی پێبووە کە هەڵگری هەمان ناو و زانیاری بووە، بەڵام بەشی گەشتیارە بیانییەکانی پۆلیسی غازی عەنتاب هەر زوو بۆی دەردەکەوێ کە پاسپۆرتەکە ساختەیە، لەبەرئەوەی چوار مۆری هاتنە ژوورەوەی پێوە بوو، بێ ئەوەی لە هیچکام لە حاڵەتەکاندا مۆری دەرچوون هەبێ. دوای پشکنینی زیاتریش، لەنێو ئۆتۆمبێلەکەدا 10 هەزار و 625 دۆلار، دوو مۆبایل و دوو سیم کارت دۆزرایەوە.

پاش ئەوەی دەرکەوت پاسپۆرتەکەی ساختەیە، خاوەنی پاسپۆرتەکە دانی بەوەدا نا کە ناوەکەشی راست نییە و تەنانەت خەڵکی ئێرانیش نییە. جاری دووەم خۆی بە عەبدولڕەحمان بن یار محەممەد، لەدایکبووی شاری تاخاری ئەفغانستان ناساندبوو. گوتبووی پێش دەرچوونی، لەگەڵ سۆنیای هاوژینی و چوار منداڵەکەی لە کابول ژیاون. کوردە بەناو ئەفغانییەکە زۆر سوور بووە لەسەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەک دیپۆرتی ئەفغانستانی نەکەنەوە، بەڵکو ئەگەر دیپۆرتیش دەکرێتەوە با بۆ پاکستان بێ، بەڵام تورکەکان دیپۆرتی ئەفغانستانی دەکەنەوە. ئەمریکییەکان لە فڕۆکەخانەی کابوول چاوەڕێیان کردبوو، هەر لەوێ دەستگیری دەکەن و دەیگوازنەوە بۆ زیندانی گوانتانامۆ.

بەپێی راپۆرتی پۆلیسی تورکیا، خاوەنی پاسپۆرتەکە بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە بەنیاز بووە بچێتە ئەورووپا و داوای مافی پەنابەرێتی سیاسی بکات و "لەوێ ژیان و پەروەردەیەکی باشتر بۆ خۆی و منداڵەکانی دەستەبەر بکات". لە کۆتایی لێپێچینەوەکەشدا، داوای مافی پەنابەرێتی لە تورکیا کردبوو.

بەڵام ئەم چیرۆکەشیان بۆ پۆلیسی تورکیا جێی گومان بووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم کەسە بەناو ئەفغانییە بە نیازی چوونە ئەورووپا بووە، بۆچی هاتووەتە غازی عەنتاب کە بە رێگەی چوونە سووریا ناسراوە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هەر ئەوەندەی گوتووە کە "بەنیاز بووین لە رەمەزاندا بە گەشتێک بچینە سووریا و لەوێوە روو لە ئەورووپا بکەین".

بەگوێرەی راپۆرتەکەی فۆرین پۆلیسی، ژمارەیەک لە دەزگا ئەمنییەکان، لەوانەش دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا (سی ئای ئەی) زانیارییان هەبووە دوو ئەندامی تورکی ناو ئەلقاعیدە بەناوی محەممەد یلماز و محەممەد رەشید عیشق، پێشتر چووبوون بۆ ئێران بۆ ئەوەی یارمەتی بەناو ئەفغانییەکە و خێزانەکەی بدەن لە سنووری تورکیا ئاودیو بن. زانیاریشیان هەبووە کە یلماز پێشتر لە ئەفغانستان بووە و لە زنجیرە تەقینەوەکانی ساڵی 2003ی ئیستەنبوڵدا هاوکار بووە. جیا لەمە زانیاری ئەوەشیان لەبەردەست بووە کە ئەندامێکی دیکەی قاعیدە بە ناوی محەممەد پۆڵات لە غازی عەنتاب چاوی بە پیاوە گوماناوییەکە و خێزانەکەی کەوتووە. پۆڵات پیاوی دووەمی ناو ئۆتۆمبێلەکە بووە. یلماز و رەشید دواتر چووبوونە عێراق و لەوێ فیرقەی کوردستانیان پێکهێنابوو. بەڵام ساڵی 2007 لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوپەیماناندا لە حەویجە کوژران، وەکوو چۆن عوسمان کاراهان، پارێزەرە تورکەکەی ئەو سەرکردە کوردەی قاعیدە لە ئابی 2012 لە حەلەب کوژرا.

لە هەموو ئەمانە گرنگتر، دەزگاکانی هەواڵگری زانیبوویان ئەم کەسە نە ناوی محەممەد رەزا رەنجبەر رەزاییە و نە عەبدولڕەحمان بن یار محەممەدیشە. نە بەنیازی چوونە ئەورووپاش بووە، بەڵکو ناوی عەبدولهادی ئەلعێراقییە، کوردی مووسڵە و بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە وەلائی قاعیدەی لقی عێراق، بە تایبەتیش ئەبو موسعەب زەرقاوی، وەک نوێنەری سەرکردایەتی قاعیدە دەچووە عێراق. ڕووداوەکانی 10 ساڵ دواتری عێراق دەریدەخات فەشەلی گەشتەکەی عەبدولهادی ئاکامی چەند قووڵی بۆ رەوشی ناوچەکە و بزووتنەوە سەلەفییە جیهادییەکانی جیهان هەبووە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی روشەن چاکر، رۆژنامەنووسی تورک، دەزگا ئەمنییەکان بەدرێژایی رێگا لە رێگەی ئەلیکترۆنییەوە چاودێریی گەشتەکەی و شوێنی مانەوەیان کردووە.

رۆژێک بەر لە دەستگیرکردنی بەرپرسە کوردەکەی قاعیدە، لقی ئەلقاعیدە لە عێراق دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق (داع)ی راگەیاند، ئامانجی دوورمەودای (داع)یش دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی بوو. قاعیدەی عێراق بۆ ئەم مەبەستە پرسی بە سەرکردایەتی باڵای قاعیدە نەکردبوو کە لە ناوچە هۆزنشینەکانی پاکستان خۆیان شاردبووەوە.



الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين وبعد..

فبناء على آخر اتصال بين لجنة الارتباط العربية المكلفة بالاتصال بالإمارة بغرض قضاء حاجات الأخوة المهاجرين العرب فقد أبلغنا المسؤول المعين من الإمارة قراره بأن على كل صاحب حاجة من الأخوة المهاجرين العرب أن يتقدم إليه بطلبه عبر ورقة رسمية للتعريف به وبحاجته موقعة من أحد أعضاء اللجنة الستة المعينين من قبل الإمارة الإسلامية وهم:

١) الأخ ابن الشيخ.
٢) الأخ علي أبو زرعة.
٣) الأخ عبد الهادي الأنصاري.
٤) الأخ محمد صلاح.
٥) الأخ أبو مصعب السوري.
٦) الأخ أبو مصعب الزرقاوي.

فعلى الأخوة أصحاب الحاجات الاتصال بالسرعة الممكنة بأحد الأخوة المذكورين للحصول على الورقة الرسمية اللازمة للاتصال بالإمارة.

لجنة الارتباط العربية بالإمارة الإسلامية

AFGP-2002
000100-0063 [redacted]

عەبدولهادی یەکێک بووە لە شەش ئەندامەکەی لیژنەی کاروباری چەکدارە عەرەبەکانی قاعیدە

### کوردێک لە سەرکردایەتیی قاعیدەدا

ناوی راستەقینەی عەبدولهادی، نەشوان عەبدولڕەزاق عەبدولباقییە کە لە سەرەتای ساڵانی نەوەتەکان و ماوەیەکی کورت پاش کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئەفغانستان، چووبووە پاکستان. نەشوان کوردێکی خەڵکی مووسڵە و لە جەنگی نێوان ئێران و عێراقدا سەربازی سوپای عێراق بووە. لەنێو قاعیدەدا بە زۆر ناوی خوازراو دەناسرا، لەوانەش عەبدولهادی مووسڵی، عەبدولهادی ئەلئەنساری، بەڵام دواجار عەبدولهادی ئەلعێراقی پێوە نووسا.



أيمن بن محمد ربيع الظواهري
أسامة بن محمد بن لادن

الشهود:

| | |
| --- | --- |
| الشيخ سعيد | |
| الشيخ أبو حفص صبحي عبد العزيز أبو ستة | |
| الشيخ أحمد حسن أبو الخير | |
| الشيخ محمد صلاح | |

أعضاء مجلس الشورى

١. الأخ أيمن الظواهري
٢. الأخ أبو حفص صبحي عبد العزيز أبو ستة
٣. الأخ الشيخ سعيد
٤. الأخ أبو حفص الموريتاني
٥. الأخ أبو الخير أحمد حسن
٦. الأخ محمد صلاح
٧. الأخ عبد الهادي
٨. الأخ أبو محمد المصري
٩. الأخ سيف العدل
١٠. الأخ عبد الملك

٤

ناوی عەبدولهادی لە نێو 10 راوێژکارەکەی بن لادندا

پاش کشانەوەی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، جەنگی نێوخۆیی لە نێوان گرووپە جیهادییەکانی ئەفغانستاندا سەری هەڵدا، لەو قۆناغەدا نەشوان، وەکوو زۆربەی ئەندامانی قاعیدە، لە پاکستان مایەوە، بەڵام لە 1996، کاتێک تاڵیبان کۆنترۆڵی بەشی زۆری ئەفغانستانی گرتەدەست، پێدەچوو عەبدولهادیش بۆ هەمیشە رووی لە ئەفغانستان کردبێ. نەشوان هەر زوو ئەزموونی سەربازیی خۆی لە سوپای عێراقدا خستە خزمەت قاعیدەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەتالیۆنێکی بە ناوی بەتالیۆنی ئەنسار دامەزراند کە لە چەکدارە بیانییەکان پێکدەهات و لەپاڵ چەکدارانی تاڵیبان شەڕیان دەکرد.

لە چەند ساڵی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر شرۆڤەکار باسیان لەوە کردووە کە داعش تەکتیکەکانی سوپای عێراقی سەردەمی بەعس بەکاردەهێنێ، ئەمەشیان وەکوو بەڵگەیەک بەکارهێناوە لەسەر ئەوەی کە کۆنە بەعسییەکان پاڵنەر و ئاراستەکەری سەرەکیی چالاکییە چەکدارییەکانی داعشن، بەڵام بە گوێرەی راپۆرتەکەی (فۆرین پۆلیسی)، میتۆدەکانی جەنگی سوپای عێراق ساڵانێک پێش دامەزرانی داعش و تەنانەت (داع)، لە ئەلقاعیدەدا بەکارهێنراون. لە دوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر، ژمارەیەک بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە پێکهاتە و شێوازەکانی راهێنانی کەتیبەی ئەنسار لەگەڵ رێنماییەکانی سوپای عێراق دۆزرانەوە کە کاتی خۆی عەبدولهادی هێنابووی بۆ پاکستان.

لەساڵی 1998دا فەرماندە کوردەکەی قاعیدە ناوبانگێکی تەواوی لەناو رێکخراوەکەدا پەیدا کرد. لە لایەکەوە بەرپرسی بەشی پێشوازیی قاعیدە بوو لە کابول، لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامی لیژنەیەکی شەش کەسی بوو کە پەیوەندییان لە نێوان چەکدارە عەرەبەکانی تاڵیبان و دەسەڵاتی تاڵیباندا رێکدەخست. جگە لەمە نەشوان یەکێک بووە لەو چەکدارە بیانیانەی کە ئەندامی "گرووپی بامیان" بووە، بەم پێیەش لە بەهاری 2001 بەشدار بووە لە ئۆپەراسیۆنی تێکدانی پەیکەرەکانی بودا لە پارێزگای بامیان کە دەکەوێتە نێوەڕاستی ئەفغانستان. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، عەبدولهادی ئەندامی "لیژنەی راوێژکارانی ئەلقاعیدە" بووە کە لە 10 ئەندام پێکدەهات و راوێژیان پێشکەش بە ئوسامە بن لادن دەکرد.

پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر و رووخانی دەسەڵاتی تاڵیبان، عەبدولهادی رەوانەی باکووری ئەفغانستان کرا، بۆ ئەوەی فەرماندەیی هێرشەکانی قاعیدە لەو ناوچەیە بکات. بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (CIA)ی کەوتوون، گومان دەکرێ پەیوەندی بە هێرشەکانی قاعیدە لە دەرەوەی ئەفغانستانیشەوە هەبووبێ. نموونەی ئەمەش لە وەسیەتەکەی ریچارد رەیدا دەبینرێ کە لە ساڵی 2001 بەنیازبوو فڕۆکەی گەشتێکی ئاسمانی نێوان پاریس و مەیامی بتەقێنێتەوە.

### عەبدولهادی و قاعیدەی عێراق

بەوپێیەی عێراقی بووە، چاوەڕوانکراویش بوو کە عەبدولهادی رۆڵێکی بەرچاوی هەبێ لەوەی ستراتیژی قاعیدە بەلای عێراقدا بجووڵێنێ. بەر لە 11ی سێپتەمبەر پەیوەندییەکانی نەشوان لەگەڵ خزم و کەسەکانی لە مووسڵ و دەوروبەری بەردەوام بوو. لە میوانخانەکەی تاڵیبان لە کابول بەشێک هەبووە کە بە بەش یان کەمپی کوردەکان ناوی دەرکردبوو، بەم پێیەش ژمارەیەک کورد لە کەمپی مەشقەکانی ئەواندا راهێنانیان کردبوو.

بەڵام کاربەدەستە کوردەکەی قاعیدە رۆڵی سەرەکیشی بینی لەوەی ئەلقاعیدە، ئەبو موسعەب زەرقاوی، سەرکردەی ئوردنیی پێشووی قاعیدەی عێراق، لەخۆبگرێ. پێشتر عەبدولهادی گومانی بۆ دروست ببوو کە ئەبو موسعەب بە نیازی راکێشانی بەشێک لە چەکدارانی قاعیدە بێت لە کابول، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم هەوڵە عەبدولهادی بە هەماهەنگی لەگەڵ دوو فەرماندەی دیکەی قاعیدە بە ناوی سەیف ئەلعەدل و حافز ئەلمسری پلانێکیان دانابوو، بەشێک لە پلانەکەش بەهێزکردنی زەرقاوی بوو لەنێو قاعیدەدا.

پەیوەندییەکانی نێوان زەرقاوی و عەبدولهادی لە پاش هێرشەکانی 11ی سێپتەرمبەریش بەردەوام بوو، واتە کاتێک زەرقاوی بنکەی چالاکییەکانی خۆی لە ئەفغانستانەوە بۆ عێراق گواستەوە. ئەلقاعیدە پێشتر کەمپێکی مەشقی بۆ زەقاوی لە ئەفغانستان کردبووەوە، بەڵام کێشەکە ئەوە بوو گەنجە ئوردنییەکە لە ماوەی مانەوەی لە ئەفغانستان بەیعەتی بە بن لادن نەدابوو، هەر ئەمەش دواتر وای کرد سەرکردایەتی ناوەندیی قاعیدە بە دوودڵییەوە هاوکاریی لقی عێراقی رێکخراوەکە بکات.

هەرچەندە پەیوەندییەکانی زەرقاوی و عەبدولهادی بەردەوام بوون، بەڵام گواستنەوەی هاوکارییەکان لە نێوان ئەفغانستان و عێراق کارێکی ئاسان نەبوو، بۆیەش لە ساڵی 2003 رەتیدەکاتەوە هاوکاریی رەوانەی عێراق بکات. دواجاریش بڕیاری دا شاندێکی دانوستاندن رەوانەی لای زەرقاوی بکات، گرنگترین کەسی نێو شاندەکەش کەسێکی پاکستانی بەناوی حەسەن گوڵ بووە کە توانیویەتی لە سەرەتای 2004 چاوی بە زەرقاوی بکەوێ.

بەگوێرەی ئەو بەڵگانەی دەست (CIA)ی کەوتوون، لەو کۆبوونەوەیەدا، زەرقاوی زۆر راشکاوانە باسی لەوە کردووە کە ستراتیژی ئەو لە عێراق هەڵگیرساندنی جەنگ و خوێنڕشتنی تایفییە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرکردە سیاسی و ئاینییەکانی شیعە تیرۆر دەکەن، هەتا دواجار جەنگی تایفی سەرهەڵدەدات. گوڵ یەکسەر عەبدولهادی لە پلانەکەی زەرقاوی ئاگادار کردبووەوە. بەپێی راپۆرتی لیژنەی هەواڵگری ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکاش، عەبدولهادی دژی هەرچەشنە کردەوەیەک لە عێراق بووە کە رێگە بۆ خوێنڕشتن لە نێوان موسوڵمانەکاندا خۆش بکات". لەسەر رێگای گەڕانەوەی، گوڵ لەلایەن هێزەکانی دژەتیرۆری کوردستانەوە دەستگیر دەکرێ و دواتر لە دانپێدانانەکانی خۆیدا هەڵوێستەکەی عەبدولهادی پشتڕاست کردبووەوە.

عەبدولهادی زانیارییەکی ئەوتۆی لەبارەی رەوشی عێراقی ئەوکات نەبوو، بۆیەش بیری لەوە کردبووەوە ژمارەیەک چەکدار رەوانەی عێراق بکات، بۆ ئەوەی هەم لە رەوشەکە ئاگاداری بکەنەوە و هەم چاودێریی زەرقاوی بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لەڕێگەی گوڵەوە زەرقاوی ئاگادار کردبووەوە. زەرقاوی پێشنیازەکەی قەبووڵ کردبوو. عەبدولهادی دواتر پێشنیازی ئەوەشی کردبوو کە خۆی سەردانی عێراق دەکات، بەڵام زەرقاوی ئەو بیرۆکەیەی رەتکردبووەوە.



شروط الدورة

١) الالتزام بكافة تعليمات ومواعيد وشروط الدورة
٢) ... ٤٥ يوم

عەبدولهادی وانەی تیۆری سەربازی، مین و بۆمب، تکتیک و شارەزایی سەربازی بۆ چەکدارانی قاعیدە گوتووەتەوە

### خاڵی جیابوونەوە

زەرقاوی لە ئۆکتۆبەری 2004 بەیعەتێکی مەرجداری بە بن لادن دا، بەڵام بەمە کێشەی کۆنترۆڵکردنی زەرقاوی نەبڕایەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە نامەکەی تەمموزی 2005ی زەواهیرییە بۆ زەرقاوی کە تێیدا داوا دەکات عێراقییەکان جیا نەکاتەوە و خۆی لە کوشتار بەدوور بگرێ، خاڵێکی دیکە کە دەکرا بۆ کۆنترۆڵکردنی زەرقاویش گرنگ بێ، یەکخستنەوەی گرووپە جیهادییەکانی عێراق بوو.

لە سەرەتای 2006، زەرقاوی ئەنجوومەنی شووڕای موجاهیدینی دامەزراند کە گوایە وەکوو چەترێک هەموو گرووپە جیهادییەکانی عێراق لە ژێر خۆیدا کۆبکاتەوە، بەڵام ئەم هەنگاوەی زەرقاوی نەیتوانی قاعیدە رازی بکات، لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنەکە سوپای ئەنساری سوننەی لەخۆنەدەگرت کە دووەم گەورەترین گرووپی جیهادیی عێراق بوو. ئەلقاعیدە سوور بوو لەسەر یەکگرتنی قاعیدەی عێراق لەگەڵ ئەنسار، بۆ ئەم مەبەستەش قاعیدە ئامادە بوو هەموو بەربەستێک لابدات، بەڵام یەکێک لە بەربەستەکان زەرقاوی خۆی بوو.

یەکخستنەوەی گرووپە جیهادییەکانی عێراق ببووە ئەولەویەتێکی باڵای ئەلقاعیدە، بۆیەش سەرەتای هەمان ساڵ نامەیەک بۆ ئەنسار دەنووسن و تێیدا دەڵێن: "شێخێکی بەڕێز و فەزیڵەتمەندتان بۆ دەنێرین کە ئێوە خۆشتان باش دەیناسن". ئەم شێخە کە لە نامەکەدا ناوی نەهاتبوو، هەمان عەبدولهادی بوو. ئەمجارەیان بە پێچەوانەی 2003 عەبدولهادی بۆ گەڕانەوەی خۆی پرسی بە زەرقاوی نەکرد، هەڵبەت هیچکاتیش چاوی بە زەرقاوی نەکەوت، نەک لەبەر ئەوەی عەبدولهادی خۆی دەستگیرکرا، بەڵکو چونکە بەرلەنزیکبوونەوەی لە سنوورەکانی عێراق، زەرقاوی لە حوزەیرانی 2006 کوژرابوو. لە شوێنی ئەو ئەبوو حەمزەی میسری ببوو بە سەرکردەی قاعیدەی عێراق. لە 15ی ئۆکتۆبەری 2006یش قاعیدەی عێراق، بەبێ ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتیی ناوەندی، هەموو بەشەکانی خۆی لەنێو رێکخراوێکی نوێ بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق (داع) تواندەوە. بەمەش قاعیدەی عێراق هێندەی دیکە لە سەرکردایەتی دابڕا و بناغەی بۆ دابەشبوونی ساڵانی دواتری رێکخراوە جیهادییەکانی جیهان دانا.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی فۆرین پۆلیسی و دانپێدانانەکانی خۆی، هەتا ئێستاش روون نییە ئامانجی سەرەکی نەشوان یان عەبدولهادی لە عێراق چی بوو: ئایا بەنیاز بوو ببێ بە سەرکردەی قاعیدەی عێراق و ئەنسارەکان بهێنێتە نێو گرووپەکەوە؟ یان تەنیا رۆڵی نێوبژیوانی لە نێوان قاعیدەی عێراق و ئەنساردا دەگێڕا؟ ئایا بە نیاز بووە کودەتایەک لە دژی زەرقاوی و لایەنگرەکانی بکات؟ ئایا بەنیاز بووە ئەنسار ئەلسوننە بەهێز بکات، بە جۆرێک ئەوان ببن بە لایەنی باوەڕپێکراوی ئەلقاعیدە؟ ئەوەی روونە ئەوەیە گەیشتنی عەبدولهادی بۆ عێراق و قسەکردن لەگەڵ "زەرقاویستەکان" دوو ئەگەری لێدەکەوتەوە، یەکەمیان پێشخستنی جەنگی نێوخۆیی نێوان جیهادییەکان بوو، دووەمیشیان رێگری لە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق کە بە دایکی داعش دادەنرێ.

کوردستانی ڕووداو
ژمارە (434) – دووشەممە 2016/11/28

## جەهەپە لە بارودۆخی ئامەد دەکۆڵێتەوە

**ڕووداو – ئەنقەرە**

شاندێکی پارتی گەلی کۆماری تورکیا CHP بە سەرۆکایەتی وەلی ئاک بابا، جێگری سەرۆکی ئەو پارتە، بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری و بەدواداچوون سەردانی ئامەد دەکەن. ناوەندی ڕاگەیاندنی جەهەپە ڕایگەیاند، شاندەکە لە 6 پەرلەمانتار و جێگری سەرۆکی پارتەکە پێکدێت و سەردانەکە دوو ڕۆژ دەخایەنێت. هەروەها سێزگین تانریکولو، پەرلەمانتاری جەهەپە و جێگری پێشووی سەرۆکی ئەو پارتە سەردانی زیندانی ئەدیرنەی کرد و چاوی بە سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان کەوت.

بەرپرسێکی حدکا:

# هەڵوێستەکانی خالید عەزیزی لەمپەری بەردەم یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان بوو



**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی داهاتوو یەک دەیە بەسەر جیابوونەی دیموکراتەکاندا تێدەپەڕێ، جیابوونەوەکە بە یەک بەیاننامە بوو، بەڵام چەندین دانیشتن و کۆبوونەوە نەیتوانیوە لە ژێر یەک ئاڵادا کۆیان بکاتەوە. بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵوێستەکانی سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکرات بەهۆکاری بێ بەرهەمیی کۆبوونەوەکانی نێوانیان دەزانن، بەڵام بەرپرسانی (حدک) دەڵێن ئەوە تەنیا بیانووییەکە بۆ یەکنەگرتنەوە.

حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) هۆکاری یەکنەگرتنەوەیان بۆ تێڕوانینەکانی خالید عەزیزی، سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەڕاندەوە. عەزیزی ڕۆژی 2016/10/16 لە نامەیەکدا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی سەرکردایەتی حدک کرد.

خالید عەزیزی جەختی لەسەر خەباتی مەدەنی، پشتگیری لە چالاکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشداریی لە هەڵبژاردنەکان و دانوستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دەکردەوە. ئەو پێیوابوو خەباتی چەکداری وەڵامدەری دۆخی ئێستا نییە و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن لەم ڕێگەیەوە بەشێوەی جیدی بەرەنگاری کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

حەسەن شەرەفی دەڵێت "ماوەیەک بوو بەهۆی ئەو بۆچوونانەی کەسایی یەکەمەکەیان دەریدەبڕی، بڕێک ڕەوتی یەکگرتنەوە کز بوو". شەرەفی جەختی کردەوە "ئەگەر هەڵوێستە سیاسییەکانیان (حدک) ئەوە نەبێت کە کەسی یەکەمیان (خالید عەزیزی) دەیگوت و بۆچوونێکی دیکەیان هەبێت و لەگەڵ خەباتێکی جدی یەکبگرێتەوە، بێگومان ئەو ڕەوتە (ڕەوتی

## حدک: ئەوە تەنیا بیانووگرتنە

یەکگرتنەوە) درێژە پێدەدەین".

حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ قسەیەک لەبارەی ئەو لێدوانانەی شەرەفی ناکەن، تا ئەو ڕۆژەی دەفتەری سیاسییان کۆدەبێتەوە و هەڵوێستی خۆیان ڕادەگەیەنن.

بەڵام سمایل شەرەفی، ئەندامی سەرکردایەتی حدک، لە وتارێکدا کە لە ماڵپەڕی فەرمی ئەو حیزبەدا بڵاوبووەتەوە، دەڵێ "بۆچوون و هەڵوێستەکانی کاک خالید بێگومان هەمان بۆچوون و بیرکردنەوە و سیاسەتی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە". سمایل شەڕەفی لێدوانەکانی حەسەن شەرەفی بە "بیانوو گرتن" دەزانێ.

عەبدوڵا حیجاب، چالاکڤانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیوایە هەوڵی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بەگشتی هەوڵێکی جدی نەبووە و ئەوان زیاتر بیانوویان بە یەکدی گرتووە.

حیجاب دەڵێ "نە کتێبی مستەفا هیجری (نسکۆ و دابڕان) و نە هەڵوێستەکانی خالید عەزیزی کۆسپی سەر ڕێی یەکگرتنەوەیان نەبوون. تەنیا بۆ شکاندنی یەکدی سوودیان لێوەرگرتوون".

سەبارەت بە قسەکانی حەسەن شەرەفی کە دەڵێت هەڵوێستەکانی خالید عەزیزی لەمپەری بەردەم یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان بووە، حیجاب دەڵێت "ئەگەرچی هەڵوێستەکانی عەزیزی جێی ڕەخنە بوون، بەڵام هەر لە سەرەتاشەوە هۆکاری جیابوونەوە، هەڵوێستەکانی خالد عەزیزی نەبوون"، ئەو لەمپەری سەرەکی یەکگرتنەوە لەوەدا دەبینێت کە دوو لایەن بە شوێن تاوانبارێکدا دەگەڕێن تاوەکو هەموو شتەکان بەسەر ئەو لایەنەدا بشکێننەوە.

ڕۆژی 2006/12/6 کەمینەی کۆمیتەی ناوەندی لە بەیاننامەیەکدا جیابوونەوەی خۆی لە زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندی ڕاگەیاند. لە دوای جیابوونەوە، سکرتێری هەردوولا (خالید عەزیزی و مستەفا هیجری) بۆ یەکەمجار لە 2012/8/8 لە کونسوڵخانەی فەرەنسا و بە هەوڵی فریدریک تیسۆ، کونسوڵی ئەوکاتی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوە.

هیجری و عەزیزی ڕێککەوتن لەسەر دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان، بەڵێنیان دا دانوستاندنەکانیان درێژەیان هەبێ، بەڵام لەبەر کۆنگرەی 15ی حدکا دانیشتنەکانیان دواکەوت.

دوای کۆنگرەی 15ی حدکا، بۆ یەکەمجار شاندێکی دەفتەری سیاسیی حدکا، سەردانی دەفتەری سیاسی حدک‌ی کرد. چەند ڕۆژ دواتر شاندی حدک سەردانی حدکای کرد. ساڵی 2012 چەندین جاری دیکەش شاندی دەفتەری سیاسی هەردوولا پێکەوە کۆبوونەوە. مانگی ئەیلولی 2012 جارێک بە دەسپێشخەریی سەرۆکی ئینتەرناسیۆناڵ سۆسیالیست لە سلێمانی هەردوو سکرتێر کۆبوونەوە.

سەرەتای 2015 مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حدکا، کتێبی (نسکۆ و دابڕان)ی بڵاوکردەوە، بەڵام کتێبەکە بووە هۆکاری ئەوەی دانیشتنەکانی نێوان هەردوولا ساردی تێبکەوێ و ڕەوتی یەکگرتنەوە خاو ببێتەوە.

### ناوی حیزب ... لەمپەری یەکگرتنەوە

(نسکۆ و دابڕان) لەبیر کرا. هەردوولا درێژەیان بە دانیشتنەکانی نێوانیان دایەوە. دانیشتنەکانیان قۆناغی باشیان بڕی. هەر بۆیە حدک کۆنگرەی 16ی خۆی بۆ ماوەی چەند مانگێک دواخست. چاوەڕوان دەکرا هەردوو لایەن کۆنگرەی 16 پێکەوە بگرن. حدکا دەڵێ "ساڵێک پێش ئەوان کۆمەڵێک پێشنیازیان بۆ دەفتەری سیاسی حدک کردووە کە ئەوان پێشوازییان لێکردووە".

لایەنی حدک پێشنیازەکانیان لە پلینۆمی خۆیاندا باسکردووە. کۆمیتەی ناوەندیی حدک جەختیکردووەتەوە کە حدکا دەبێت بە فەرمییان بناسێت و وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ناویان بێنێ، بەڵام حدکا ئەم مەرجەی تا ئێستاش قبوڵ نەکردووە. بۆیە ئەوکاتیش دانوستاندنەکانی یەکگرتنەوە پەکیان کەوت. حدکا لایەنی دیکەی دێموکرات بە فەرمی ناناسێ.

حدکا بۆ کۆنگرەی 16ی حدک پەیامی نارد، لەوێ دیسان پرسی یەکگرتنەوە هاتەوە گۆڕێ. حدک پێشوازی لێکرد. کۆتایی بەهاری ئەمساڵ خولێکی دیکەی دانیشتنەکانیان بۆ یەکگرتنەوە دەستپێکردەوە، بەڵام دیسان لەبەر جەختکردنەوە لەسەر بە فەرمی ناسین و نەناسینی حدک کۆبوونەوەکان بێ بەرهەم بوون.

هاوینی ئەمساڵ کە حدکا قۆناغێکی نوێی چالاکیی چەکدارانەی خۆی ڕاگەیاند، خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حدک، پشتگیری لەو ڕەوتە نوێیە نەکرد و بە جۆرێک ڕەخنەی لێگرت.

بەگوتەی حەسەن شەرەفی، ئەمە دانیشتنەکانی بە یەکجاری پەکخستووە. عەبدوڵا حیجاب دەڵێ "دەست لەکارکێشانەوەی خالید عەزیزی و هاتنە سەرکاری کەسێکی دیکە دەکرێت وەک قۆناغێکی نوێ و دەرفەتێک بۆ یەکگرتنەوە چاوی لێبکرێ".

حدکا ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی 16ی خۆی دەکات. حدک هیوادارە لەم کۆنگرەیەدا بەربەستی "ناوهێنان"ی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵگیرێت، تا ڕێگە بۆ یەکگرتنەوە خۆش بێت. لایەنی حدکا دەڵێن "ئەگەر ئامانج یەکگرتنەوەیە ئیدی پێداگیری لەسەر ناو پێویست نییە".

# دەستگیرکردنی ئەحمەد تورک چارەسەری سیاسی گەیاندە بنبەست



**محەممەد ئیسماعیل**
**ڕووداو – هەولێر**

حکومەتی ئاکپارتی دەڵێت بەنیازە لە ڕێگەی کۆمیتەیەکی ڕاوێژکارییەوە، دەست بە پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد بکاتەوە، بەڵام چاودێران دەڵێن دەستگیرکردنی کەسایەتییەکی میانڕەوی وەکو ئەحمەد تورک، چارەسەری پرسی کوردی گەیاندە بنبەست.

ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەتەوە کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا بە نیازە لە ڕێی ڕاوێژکردن و ڕاسپاردنی ژمارەیەک ئەکادیمی، دەست بە قۆناغێکی نوێی چارەسەری پرسی کورد بکات، ئەم دەنگۆیانە سەرلەنوێ هیوایەکیان بۆ کورد لە باکووری کوردستان دروستکردبووەوە، بەڵام بە دەستگیرکردنی ئەحمەد تورک، هاوسەرۆکی گەورە شارەوانیی مێردین، ئەو ئومێدە لەبەین چوو.

دەستگیرکردنی ئەحمەد تورک، ئەو سیاسەتمەدارە بەناوبانگە کوردەی کە بە گوتەی پارتی دیموکراتی گەلان "چناری ئاشتییە"، تەنانەت ناڕەزایەتی کەمالیستەکانیشی لێکەوتەوە. بەهۆی دەستگیرکردنی ئەحمەد تورکەوە، دەنیز بایکاڵ پەرلەمانتاری پارتی گەلی کۆماریی تورکیا CHP و سەرۆکی پێشووی ئەو پارتە، بە تایبەتی سەردانی شاری مێردینی کرد و چاوی بە مولکییە تورک، هاوژینی ئەحمەد تورک کەوت.

بایکاڵ لەبارەی ئەحمەد تورکەوە دەڵێت "بەداخەوە شایەتحاڵی ئەو ئازار و ناڕەحەتیانەم کە لە 12ی ئەیلولی 1980دا بەسەر ئەحمەد تورکدا هێنراون، لە ئەنقەرە پێکەوە باسی ئەوەمان کرد کە چیدی لە تورکیا ئەو ڕۆژانە دووبارە نابنەوە، کەچی بەداخەوە دوای 36 ساڵ ڕووداوەکان بەردەوامن، بەڵام پشتیوان بەخوا دوای ئازادکردنی کاک ئەحمەد، بە هاریکاری و پشتگیریی ئەو، تورکیا لە تیرۆر و توندوتیژی ڕزگار دەکەین".

ئەحمەد تورک، دڵی بە باتری کار دەکات، بەو هۆیەوە بارودۆخی تەندروستی ناجێگیرە. مولکییە تورک، هاوژینی ئەحمەد تورک لە بارەی تەندروستیی هاوژینەکەیەوە ڕایگەیاند "ئەحمەد نەخۆشە و بەتەمەنە، تەندروستی ئەو بەرگەی هەلومەرجی زیندان ناگرێت. هیچ کاتێک لە دیموکراسی و ئاشتی پاشگەز نەبووەتەوە و ملی بۆ هیچ زوڵمێک کەچ نەکردووە، ئێستا ئاشتییان لەنێو چوار دیواردا بەند کردووە".

حەسیپ کاپلان، پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە دوای ئەوەی سەردانی زیندانی کرد، ڕایگەیاند "ئەحمەد تورک هێشتا بیر لە چارەیەکی دیموکراسی و ئاشتی دەکاتەوە بۆ تورکیا".

زۆربەی لایەنەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەحمەد تورک هیچ کاتێک پشتگیری لە توندوتیژی نەکردووە و هەوڵیداوە پرسی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکرێت. تەنانەت لەکاتی شەڕی خەندەقی کۆڵانان، ڕازی نەبوو پەکەکە ئامێرەکانی شارەوانی بۆ لێدانی خەندەق بەکاربهێنێ. هەربۆیە بە دەستگیرکردنی ئەو، ئەو ئومێدەی بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری هەبوو، بەتەواوی لاواز بوو.

پەرلەمانتارێکی پێشووی ئاکەپە:

## ئەورووپا هیچ گرنگییەکی نەماوە بۆ تورکیا تا گوێی لێبگرین

پرۆفیسۆر د.مەسعود یەگەن، مامۆستای زانکۆی شار لە ئیستەنبوڵ بە (ڕووداو)ی گوت "قۆناغی چارەسەری لە بنبەستێکی وەهادایە کە ئیدی ئومێدێک نەماوە بۆ دەستپێکردنەوەی.

دەستگیرکردنی ئەحمەد تورک کە هەمیشە بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە و دیموکراتیانە داوای چارەسەری کردووە، مانای ئەوەیە کە ئاکپارتی دەیەوێت چۆک بە کورد دابدات."

موراد قەرەیلان، ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەریی پارتی کرێکارانی کوردستانیش هۆکاری دەستگیرکردنی ئەحمەد تورک بۆ کوردبوونی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "بەڕێز ئەحمەد تورک 50 ساڵە لەناو سیاسەتی تورکیادایە، هەموو تورکیا و کوردستانیش دەزانن کە کەسێکی ئاشتیخوازە، هەڵدەستێ و دادەنیشێ داوای ئاشتی دەکات، ئەویشیان خستە زیندان، تاوانەکەی ئەوەیە کە کوردە".

بەڵام پارتی داد و گەشەپێدان ڕەتیدەکاتەوە جیاوازی لەنێوان ئەحمەد تورک و پەرلەمانتار و ئەندامانی دیکەی هەدەپەدا هەبێت و پێیوایە "ئەحمەد تورکیش پشتگیری لە توندوتیژییەکانی پەکەکە دەکات."

مەزهەر باغڵی، پەرلەمانتاری پێشووی AKP بە (ڕووداو)ی گوت "پەکەکە نەیهێشتووە هیچ کەسێک لەناو هەدەپەدا جیاواز بیربکاتەوە و وەک سڤیلێکی ئاشتیخواز مامەڵە بکات. ناکرێت ئەحمەد تورک لەوانی دیکە جیا بکەینەوە، ئەحمەد تورک، ئایهان بیلگەن، ئاڵتان تان و هەموو ئەوانەی دیکە پشتگیری لە توندوتیژییەکانی پەکەکە دەکەن".

حکومەتی ئاکپارتی ڕایگەیاندووە کە کۆمیتەیەکی 380 کەسی پێکدێنێ بۆ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا، هەندێک لە چاودێران دەڵێن ئاکپارتی بەدوای جێگرەوەی هەدەپە و پەکەکەدا دەگەڕێ، بەڵام بە زەحمەتی دەزانن جگە لە هەدەپە و پەکەکە ببنە موخاتەب.

عوسمان بایدەمیر، پەرلەمانتاری هەدەپە دەڵێت "ئیدی هیچ ئومێدێک بۆ چارەسەر نەماوەتەوە. ئەو هەوڵەی کە ئاکپارتی دەیدات بۆ دۆزینەوەی جێگرەوەی هەدەپە و پەکەکە، شکست دەهێنێ".

بە بۆچوونی پرۆفیسۆر مەسعود یەگەن، هیچ هەوڵێک نییە بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری و دەڵێت "ئەگەر ئاکپارتی لە جێگرەوەی هەدەپە و پەکەکە دەگەڕێ، سەرکەوتوو نابێت، چونکە پرۆسەکە لەسەر دوو خاڵ بەندە: بەدەستهێنانی مافەکانی کورد و دانانی چەک لەلایەن پەکەکەوە. ئاکپارتی چۆن دەتوانێت بەبێ پەکەکە باسی دانانی چەکەکانی پەکەکە بکات؟ بەبێ هەدەپەش کە زۆرینەی دەنگی کوردی هەیە، چۆن مافەکانی کورد بەدەست دەهێنرێت؟".

تەنانەت بەرپرسانی ئاکپارتیش بێ ئومێدن لە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری، بەڵام پەکەکە بە هۆکاری ئەو نائومێدییە دەزانن. باغلی دەڵێت "پێموایە پرۆسەی چارەسەری دەستپێناکاتەوە، لانیکەم وەک جاران نابێ، چونکە پەکەکە قۆناغەکەی قۆستبووەوە و بەکاری هێنا."

باغڵی پێیوایە چارەسەری پرسی کورد پەیوەستە بە چەکدانانی پەکەکەوە و دەڵێت "وا دەزانێت بە فراوانکردنی چالاکییەکانی دەتوانێت خۆی بهێنێتەوە نێو دانوستاندنەکان بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی، بەڵام هێندەی فراوانکردنی چالاکییەکانی، خۆی دووردەخاتەوە لە دانوستاندن."

توندیی گوتەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیاش بۆچوونی لایەنەکان لەبارەی نائومێدی لە دەستپێکردنەوەی پرۆسەکە تەئکید دەکاتەوە. ئەردۆغان بەردەوام لە گوتەکانیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جارێکی دیکە لەگەڵ پەکەکە لەسەر مێزی گفتوگۆ دانانیشێت و ڕێگە نادات حکومەتی ئەنقەرە ئەو دانیشتنە ساز بکات. زیاد لەوەش، هەڕەشەی ئەوە دەکات کە "تا ئەوکاتەی تەواوی ئەندامانی پەکەکە دەکوژرێن یان لەنێو خاکی تورکیا دەردەکرێن، ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا بەردەوام دەبن".

هەرچەندە ئەورووپا و وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی هەرێمی کوردستان، داوا لە لایەنەکانی تورکیا دەکەن دەست بە دانوستاندن بکەنەوە، بەڵام پێناچێت ئەم داواکارییە هیچ گوێگرێکی هەبێت. مەزهەر باغڵی دەڵێت "بەهۆی هەڵوێستی ئەورووپا لە کودەتاکەی 15ی تەممووز، ئەورووپا هیچ گرنگییەکی نەماوە بۆ تورکیا تا گوێی لێبگرین".

ڕووداو
ژمارە ( 434 ) – دووشەممە 2016/11/28

### زیاد ڕەئوف، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا بۆ (ڕووداو):

# پۆڵەندا بارزانیی داوەت کرد، بەڵام ئەو دەرفەتی نەبوو



پێش ئەوەی ببێتە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، خەریکی وەبەرهێنان و پرۆژەی ئاواکاری بوو لە پۆڵەندا. ئێستا ئەو لە بواری نۆژەنکردنەوەدا نێوبانگێکی زۆری هەیە. بەشێک لەو بینا و شوێنانەی جەنگەکان وێرانیان کردوون، ئەو نۆژەنیان دەکاتەوە. هەر ئەوەش وای کردووە سەرنووسەری دیارترین ڕۆژنامەی ئەو وڵاتە لەسەر پارچە کاغەزێکی ماڵی زیاد ڕەئوف بنووسێ: "ئێمەی پۆڵەندی دەتوانین هەموو کارێک بکەین، جا ئەگەر ئەو پۆڵەندییە کوردێک بێت".

زیاد ڕەئوف، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا دەڵێت لەو ماوەیەی لە پۆڵەندا ژیاوە، پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ زۆربەی کەسایەتی و دامەزراوە حکومی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەو وڵاتە دروستکردووە. هەر لە ڕێی ئەویشەوە چەندین قوتابیی کورد ماستەر و دکتۆرایان بە خۆڕایی لە زانکۆکانی پۆڵەندا خوێندووە.

هەڤپەیڤینی نەوزاد مەحموود
ڕووداو- کراکۆڤ

یەکەم سەرۆک وەزیر کە سەردانی کوردستانی کرد سەرۆک وەزیرانی پۆڵەندا بوو

## داوای هاوکاری و کەلوپەلی جەنگمان لە پۆڵەندا کردووە

**ڕووداو: لە کەیەوە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا کراوەتەوە؟**

**زیاد ڕەئوف:** نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا لە ساڵی 2004 ەوە دەستی بەکار کردووە. ئەوکات لە مەراسیمی کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەت، زۆر لە نوێنەرانی دەستەی دیپلۆماتی ئامادەبوون، لەوانە کونسوڵی گشتی چەند وڵاتێک وەکو ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕووسیا، ئۆکراینا، هەنگاریا و کونسوڵی فەخریی بەرازیل و چەند وڵاتێکی دیکە. هەروەها باڵیۆزی ئەوکاتی عێراق لە پۆڵەندا بەڕێز وەلید شەلتاغ و کۆمەڵێک قوتابی و ڕەوەندی کوردی.

**ڕووداو: هەماهەنگیی پۆڵەندییەکان لەگەڵ نوێنەرایەتی حکومەت لە چ ئاستێکدایە؟**

**زیاد ڕەئوف:** لەگەڵ حکومەتی ناوەندی پۆڵەندا، وەزارەتی دەرەوە، دامودەزگاکان و پەرلەمانتاران پەیوەندی و هەماهەنگیمان هەیە. بەگوێرەی پێویستییەکان یەکدی دەبینین. هەروەها پەیوەندیی فراوانمان لەگەڵ حکومەتە

## شاندێکی مۆزەخانەی ئاوشڤیتز سەردانی کوردستان دەکەن

خۆجێییەکان هەیە، بە تایبەتی لەگەڵ چەند هەرێمێک، وەک هەرێمی مالۆپۆڵسکا کە پایتەختەکەی شاری کراکۆڤە و لە ساڵی 2011 وە ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و هاریکاریمان واژوو کردووە. جگە لەوە لەگەڵ هەرێمی ڤێلکە پۆڵسکا کە پایتەختەکەی شاری پۆزنانە هەماهەنگی و هاریکاریمان هەیە. هەروەها لەگەڵ هەرێمی مازۆڤێتچکا کە پایتەختەکەی وارشۆیە بە هەمانشێوە. لەگەڵ چەند هەرێمێکی دیکەش پەیوەندیمان هەیە وەکو هەرێمی پۆدکارپاچسکا. جگە لەوە پەیوەندی و هاوکاریمان هەیە لەگەڵ گەورەترین زانکۆکانی پۆڵەندا لەوانە زانکۆی یاگێلۆنیا، وارشۆ، زانکۆی پۆلیتێکنیکی کراکۆڤ، پۆزنان، زانکۆی لودز و چەند زانکۆیەکی دیکە. هەروەها پەیوەندی فراوانمان هەیە لەگەڵ دامودەزگا خێرخوازی و مرۆییەکانی پۆڵەندا و بەردەوامین لە ناردنی یارمەتی مرۆیی بۆ ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان.

**ڕووداو: بەڵام پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و پۆڵەندا زۆر بەرچاو ناکەون؟**

**زیاد ڕەئوف:** پێویستە لە یادمان بێت کە یەکەمین سەرۆک وەزیرانی وڵاتێکی جیهانی سەردانی هەرێمی کوردستانی کردبێت، سەرۆک وەزیرانی پۆڵەندا مارک بێلکا Marek Belka بوو لە ساڵی 2005. هەر یەک لە وەزیری دەرەوە، وەزیری بەرگری و وەزیری ڕۆشنبیری و باڵیۆزی پۆڵەندا لە عێراق یاوەری سەرۆک وەزیران بوون. لەو ساڵانەی دواییدا چەندین شاندی پۆڵەندا سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە. شاندی هەرێمی کوردستانیش سەردانی پۆڵەندایان کردووە، لەوانە بەڕێز عیماد ئەحمەد کە لە کابینەی پێشوو جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بوو. دواتر چەند وەزیرێک لەوانە وەزیری خوێندنی باڵا، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار. وەزیری پلاندانان د.عەلی سندی، دوو جار بە نوێنەرایەتی سەرۆکوەزیران بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووری کرد کە لەسەر بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی مالۆپۆڵسکا بوو. جگە لەوە چەندین شاندی ئابووری و ژووری بازرگانی کوردستان سەردانی پۆڵەندایان کردووە. بەپێچەوانەوە لە پۆڵەنداشەوە بۆ کوردستان. هەروەها شاندی زانستی زانکۆکانی پۆڵەندا سەردانی کوردستانیان کردووە و بەپێچەوانەوەش.

**ڕووداو: لەو قەیرانە داراییەدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەوڕووی بووەتەوە، چەند لەسەر ئێش و کارەکانی ئێوە ڕەنگی داوەتەوە؟**

**زیاد ڕەئوف:** بێگومان قەیرانی ئابووری ڕەنگی داوەتەوە و کاریگەری هەبووە لەسەر لە نوێنەرایەتییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم لەوانەش نوێنەرایەتی لە پۆڵەندا. بەڵام ئێمە لە پۆڵەندا ڕێگەمان نەداوە کارەکانمان بوەستێ، هەوڵمان داوە زیاتر دەست بگرین و دەستبڵاوی نەکەین و هەندێک لە پرۆژەکانمان کەم بکەینەوە بە جۆرێک کە کارەکانمان نەوەستێت و بەردەوام بێت.

**ڕووداو: خوێندکارانی کورد لە پۆڵەندا زۆرتر ڕوو لە نووسینگەی نوێنەرایەتی دەکەن بۆ چارەسەری کێشەکانیان، کێشەی ئەوان زۆرتر لەبارەی چین؟**

**زیاد ڕەئوف:** ئەو گەنجانەی کوردستان کە دەیانەوێ بێن بۆ خوێندن، پێش ئەوەی بێن بۆ پۆڵەندا پەیوەندی دەکەن پێمانەوە و دەربارەی

## پۆڵەندا سێ جار فڕۆکەی سەربازیی بۆ خزمەتی کوردستان بەکارهێناوە

هەلومەرجی خوێندن و ژیان لەم وڵاتە دەپرسن. ئێمەش هەموو زانیارییەک لەو بارەیەوە دەخەینە بەردەستیان. دواتر پاش هاتنیان بۆ پۆڵەندا هاوکارییان دەکەین لە دۆزینەوەی شوێنی نیشتەجێبوون، تەندروستی، ئیقامە و زۆر لە وردەکارییەکانی کاروباری ڕۆژانەیان. دەرگای نوێنەرایەتیش هەردەم بۆیان کراوەیە.

**ڕووداو: لە نووسینگەی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانم بینی، کار بۆ خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش دەکەن؟**

**زیاد ڕەئوف:** بەڵێ پەیوەندیمان لەگەڵ قوتابیانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەیە، ئەوانیش سەردانمان دەکەن و ئەگەر پێویستییان هەبێ داوای یارمەتی دەکەن. لە هەمانکاتدا ئێمەش بۆ هەموو بۆنە و مەراسیمەکانمان ئەوان و هەموو ڕەوەندی کوردی بانگهێشت دەکەین، زۆرجار چالاکیی هاوبەش دەکەین.

**ڕووداو: پرۆژەیەکی وەزارەتی شەهیدانتان بردە لای بەرپرسانی مۆزەخانەی ئاوشڤیتز، ئایا دەتانەوێ ئەوان چی بکەن؟**

**زیاد ڕەئوف:** پۆڵەندا لەو بوارەوە ئەزموونی زۆری هەیە، چونکە گەورەترین کامپی کۆمەڵکوژی لەسەر دەستی نازییەکانی ئەڵمانیا لێرەیە. دوای ئازادکردنی پۆڵەندا لە دەستی نازییەکان، کەلوپەلەکانی بە ڕێکوپێکی پارێزراون و کراوەتە مۆزەخانە، بەشێوەیەکی زانستیانە سەرپەرشتی دەکرێت، بۆیە ساڵانە بە ملیۆنان کەس سەردانی دەکەن. لە زۆر وڵاتان وەکو بەرنامەی پەروەردەیی خراوەتە ناو پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان بۆ ئەوەی بزانرێت چی لێرە ڕوویداوە.

ئێمەش بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانی ئەنفال و کۆمەڵکوژییەکانی کورد بپارێزین، پێویستە سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرین، بۆ ئەوەی وەکو ئەوان پیشانی جیهانی بدەین و بە پارێزراوی بیهێڵینەوە بۆ نەوەکای داهاتوو. لە کاتی چاوپێکەوتنەکە و دواتریش بە نامە بەڕێوەبەرانی مۆزەخانەی ئاوشڤیتز ئامادەیی خۆیان نیشان دا هاوکاریمان بکەن. بۆیە لەو بڕوایەداین بەم نزیکانە شاندێکی مۆزەخانەی ناوبراو سەردانی کوردستان بکەن بۆ دیتنی شوێن و کەلوپەلەکان بۆ ڕاهێنانی کادیران و ڕاوێژ لەگەڵ لایەنی ئێمە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو جۆرە مۆزەخانانە.

**ڕووداو: پەیوەندی نێوان زانکۆکانی کوردستان و پۆڵەندا چۆنە؟**

**زیاد ڕەئوف:** سەرەتای پەیوەندییەکان و واژۆکردنی ڕێککەوتننامە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2003 کە سەرۆکی هەرسێ زانکۆی سەلاحەدین و سلێمانی و دهۆکم بانگهێشت کرد بۆ پۆڵەندا. ئەوکاتە هێشتا نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبوو. بەرهەمی ئەو سەردانە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی هاریکاری بوو لەنێوان ئەو زانکۆیانە و زانکۆی یاگیلۆنیان لە کراکۆف، لەسەر ئەو بنچینەیە تائێستا دەیان قوتابی هاتوون و کۆرسی خوێندنیان وەرگرتووە و بێ بەرامبەر ماستەر و دکتۆرایان تەواو کردووە. ئێستا ئەو قوتابیانە گەڕاونەتەوە و لە کوردستان خزمەت دەکەن. دواتر زۆر لە زانکۆکانی دیکەی پۆڵەندا پەیوەندی هاریکارییان لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دروستکرد. هەروەها پرۆگرامی

## کار بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی سەربازی دەکەین لەگەڵ پۆڵەندا

ئێراسموس و ئێراسموس موندوس پەیوەندی نێوان ئەو زانکۆیانە پێکەوە دەبەستێ و هەموو ساڵێک کۆمەڵە قوتابییەک ئاڵوگۆڕ دەکرێن. ئاستی خوێندن لە زانکۆکانی پۆڵەندا زۆر بەرزە و هیچی کەمتر نییە لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا. لە هەمانکاتدا لە پۆڵەندا ژیان و خوێندن هەرزاتر و تێچووی کەمترە.

**ڕووداو: مادام ئەو پەیوەندییە بەهێزە لە نێوان هەرێمی کوردستان و پۆڵەندا هەیە، بۆچی تاوەکو ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان سەرۆکی حکومەت سەردانی پۆڵەندایان نەکردووە؟**

**زیاد ڕەئوف:** ئەمساڵ لە مانگی ئەیلول بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرۆکی هەرێمی مالۆپۆڵسکا بانهگێشت کرابوو بۆ بەشداریکردن لە کۆڕبەندی ئابووری، بەڵام بەداخەوە جەنابیان دەرفەتی نەبوو بەشداری بکات، چونکە لەو کاتەدا بەرنامەی دیکەی هەبوو. ساڵانی پێشوو سەرۆک وەزیران بەڕێز نێچیرڤان بارزانی چەند جارێک بانگهێشت کرا لەلایەن سەرۆکی هەرێمی مالۆپۆڵسکا، بەڵام نەیتوانی بەشداری بکات و نوێنەری خۆی نارد بۆ ئامادە بوون. هیواداریین لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانن سەردانی پۆڵەندا بکەن بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان.

**ڕووداو: بڕواتان وایە لە داهاتووی نزیکدا گەورە بەرپرسانی پۆڵەندا سەردانی کوردستان بکەن؟**

**زیاد ڕەئوف:** بەڵێ ئومێدمان وایە، چونکە

## ژمارەیەک خوێندکاری کورد لە پۆڵەندا خوێندنی باڵایان بێ بەرامبەر تەواو کردووە

هەموومان دەبینین کە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لەو ناوچەیە ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگتر و بەرزتر دەناسرێت لەلایەن ئەوروپا و جیهانەوە. شاندی بەرپرسانی زۆر لە وڵاتان بەردەوام سەردانی کوردستان دەکەن ئێمەش بەو هیوایەین شاندی بەرزی پۆڵەندا لە داهاتوویەکی نزیکدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات.

ڕووداو: ئەی هاوکارییەکانی پۆڵەندا لەڕووی مرۆیی و داراییەوە چییە بۆ کوردستان؟

زیاد ڕەئوف: لەڕووی مرۆییەوە پۆڵەندا هاوکاری زۆری ناردووە. دەزگا خێرخوازییەکانی وەک Pomoc kosciołowi w potrzebie، Polska Akcja Humanitarna، SOS for Life، Anna Walczyk و چەندانی دیکە بەردەوامن لە کۆکردنەوەی هاوکاری، هەر لە کاتی دروستبوونی قەیران و هاتنی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستان دەستی هاوکارییان درێژ کردووە، لە ساڵی 2014 و بەدرێژایی ساڵی 2015 و ئەمساڵیش کۆمەک و هاوکارییان بۆ کوردستان ناردووە، جار بە ڕێگای ئاسمانی یان وشکانی. جگە لەوەش وەزارەتی دەرەوەی پۆڵەندا و کۆنسوڵخانەیان لە هەولێر ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە هەماهەنگی و ئاسانکاری بۆ ناردنی هاوکارییەکان. وەزارەتی بەرگریی پۆڵەندا سێ جار فڕۆکەی سەربازیی گواستنەوەی بێ بەرامبەر تەرخان کردووە بۆ گەیاندنی کاروانی مرۆیی بۆ ئاوارەکان لە کوردستان.

**ڕووداو: وەک دەردەکەوێ پەیوەندییەکی باشی کۆمەڵایەتیشت لە پۆڵەندا هەیە، ئەوە کاریگەری هەبووە بۆ ئەوەی پۆڵەندییەکان باشتر کورد و نوێنەرایەتییەکەی بناسن؟**

**زیاد ڕەئوف:** بێگومان پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسایەتیەکانی پۆڵەندا بە تایبەت کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ناساندنی مەسەلەی کوردی و دروستکردنی لۆبی و پشتگیری بۆ نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەو وڵاتە. بەخۆشحاڵییەوە پەیوەندیم زۆر فراوانە بە حوکمی ئەوەی 30 ساڵە لەم وڵاتە دەژیم، پێش ئەوەی دەستبەکاری نوێنەرایەتی بکەم، کەسێکی ناسراو بووم کە سەرکەوتووم لە کارە ئابوورییەکانم و زۆر چالاکم لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە. گرنگییەکی زۆرم بە کەلەپووری نیشتیمانیی پۆڵەندا داوە و چەندین باڵەخانە و شوێنی مێژوویی ئەم وڵاتەم نۆژەن کردووەتەوە. ئەوەش گرنگی زۆری هەیە لای خەڵکی پۆڵەندا و ڕێزی زۆری لێدەگرن. هەموو ئەو شتانە کاریگەریی هەبووە لەسەر فراوانکردنی پەیوەندییەکانم لەگەڵ پۆڵەندییەکان.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا پۆڵەندا مەشق و ڕاهێنانی بە پێشمەرگە کردووە لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی؟**

**زیاد ڕەئوف:** نەخێر تا ئێستا نەیکردووە، بەڵام کار بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی سەربازی دەکەین لەگەڵ پۆڵەندا.

ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 434 ) - دووشەممە 2016/11/28



## عەبادی: مووچە بەرپرسیارێتیی منە

**ڕووداو – هەولێر**

ڕۆژی 2016/11/27 ئەندامانی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق کۆبوونەوە. مەسعود حەیدەر، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کۆبوونەوەکەدا بە عەبادییان ڕاگەیاندووە، پێویستە چارەسەرێک بۆ کێشەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بدۆزرێتەوە "چونکە ئەوە بەرپرسیارێتی دەستووریی عێراق و سەرۆکوەزیرانی عێراقە". مەسعود حەیدەر دەڵێت "عەبادی لە وەڵامدا گوتوویەتی ڕاستە ئەو پرسە بەرپرسیارێتیی منە، بەڵام سەرەتا دەیەوێت بزانێت هەرێمی کوردستان چەند نەوت هەناردە دەکات و داهاتەکەی چەندە و چۆن خەرج دەکرێت".

### کێبڕکێی شاجوانی بۆ ڕێکدەخرێ

# نرخی جۆرە مریشکێکی کوردی دەگاتە 5000 دۆلار

## مریشکەکە هەشت تایبەتمەندی هەیە و ساڵانە 180 هێلکە دەکات

## لە لێکدانی سێ جۆرە مریشک پەیدابووە و شاپەڕ و سێ پۆپەی هەیە

## مامۆستایەکی زانکۆ: ئەو مریشکە سوودی ئابووریی هەیە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

لە ئەنجامی لێکدانی سێ جۆر مریشک، جۆرە مریشکێکی تازەی کوردی بەرهەم دێت کە خاوەنی زیاتر لە هەشت تایبەتمەندییە. ئێستا نرخی ئەو جۆرە مریشکە کە بڕیارە بەشداری لە هەڵبژاردنی شاجوانی مریشکەکاندا بکات، گەیشتووەتە پێنج هەزار دۆلار.

ئەو تایبەتمەندیانەی مریشکەکە لە مریشکەکانی دیکەی خۆماڵیی کوردی جیادەکاتەوە، بریتییە لە کڵاوێکی گەورە، سێ جۆر پۆپە لەسەر سەری، هەروەها بوونی شاپەڕ و پەڕی زیادە لەسەر ڕانەکانی. قەبارەی مریشکەکە گەورەیە، کێشی لە تەمەنی یەک ساڵیدا دەگاتە نزیکەی سێ کیلۆگرام، ساڵانە نزیکەی 180 هێلکە دەکات. دەتوانرێ مریشکەکە بۆ هەر سێ مەبەستی گۆشت، هێلکە و جوانی بەخێوبکرێت.

ئەو مریشکە یەکەمجار لەلایەن هاووڵاتییەکی دانیشتووی قوشتەپەوە بەرهەم هاتووە.

ڕەشید محەممەد قادر، 65 ساڵ، خاوەنی بیرۆکەکە گوتی "لە سەرەتای حەفتاکان کەڵەبابێکم کڕی کە پێیدەڵێن گۆجنی ئەمریکی، چەند مریشکێکی کوردیشم کڕی، دواتر چوار مریشکی بولگاریم لە توێژینەوەی کشتوکاڵی عەنکاوە وەرگرت. لەئەنجامی لێکدانیان مریشکێکم دەستکەوت کە شاپەڕ و پەڕی ئەنیشکی هەبوو، ئەمەش سەرنجی ڕاکێشام، بۆیە بەردەوام بووم لە لێکدانیان تا بوومە خاوەنی مریشکێک کە کڵاو و شاپەڕ و پەڕی ئەنیشکی هەبوو".

ڕەشید محەممەد، بەردەوام دەبێ لە لێکدانی نەوەی مریشکەکانی، هەر جارەو تایبەتمەندییەکی بۆ زیاد دەبێ، تا دواجار مریشکێکی بە هەشت تایبەتمەندییەوە دەست دەکەوێ کە مریشکەکە کڵاو، گوپ، ڕدێن، شاپەڕ، پەڕی ئەنیشک و سێ پۆپیتەی هەیە.

ڕەشید محەممەد دەڵێت "ئامانجی من دروستکردنی مریشکێکی کوردی جوان و پڕ بەرهەم بوو لە کوردستان، بۆیە بەردەوام بووم لە فرۆشتنی مریشکەکانم بەو ئامانجەی لە هەموو کوردستان بڵاوببێتەوە و خەڵک لێی سوودمەند بێ".

ئێستا خواستێکی زۆر لەسەر مریشکەکانی محەممەد هەیە و لە شاری هەولێر چەندین کەس بوونەتە خاوەنی ئەو جۆرە مریشکە.

ئەم مریشکە چوار ڕەنگی هەیە کە بریتین لە شینی جنجری تۆخ، شینی جنجری کاڵ، ڕەشی سادە و سووری تێکەڵ کە بەدەگمەن دەردەکەوێت، بەڵام ڕەنگی یەکەمیان زیاتر لە ڕەنگەکانی دیکە خواستی لەسەرە.

### یەک هێلکەی بە 25 هەزار دینارە

مەسعود محەممەد سالح، خاوەنی کێڵگەی زنجیر بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر و ئاژەڵ کە ئەو جۆرە مریشکە بەخێو دەکات، دەڵێت "تایبەتمەندی ئەم مریشکە لەوەدایە جگە لەوەی جوانییەکی بێوێنەی هەیە، دەتوانرێت بۆ گۆشت و هێلکەش سوودی لێ وەربگیرێ، چونکە لە دوای شەش مانگ بەهێلکە دێت و ساڵانە 150 تاوەکو 180 هێلکە دەکات. بە ساڵێک کێشی مریشکەکەی دەگاتە زیاتر لە سێ کیلۆ و کەڵەبابەکەشی دەبێتە چوار کیلۆ".

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو مریشکە لەوەدایە بەرگرییەکی باشی بۆ نەخۆشی هەیە، ئەگەر تەنیا ڕەنگێکت هەبێت، مریشکەکە خۆی، ڕەنگەکانی دیکەشت پێدەدات.

مەسعود محەممەد کە 50 مریشکی لەو جۆرەی هەیە، گوتی "بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر مریشکەکە هەیە، ساڵانە لە ڕێگەی فرۆشتنی هێلکە و جوجەڵە و مریشک و کەڵەباب، نزیکەی 10 ملیۆن دینارم دەستدەکەوێت، چونکە لە هەندێ کاتدا نرخی یەک هێلکەی دەگاتە 25 هەزار دینار، جوجەڵەیەکی یەک ڕۆژەش کەمێک جوان بێت، 40 هەزار دینار دەکات".

### شاجوانی مریشکان هەڵدەبژێردرێ

بۆ ناساندن و هەڵبژاردنی شاجوانی ئەم جۆرە مریشکە، وا بڕیارە ڕۆژی 2016/12/23 پێشبڕکێیەک لە شاری هەولێر بەڕێوەبچێ، تاوەکو ئێستاش زیاتر لە 50 کەس کە ئەو جۆرە مریشکە بەخێودەکەن، خۆیان بۆ پێشبڕکێیەکە ناونووس کردووە.

هەندرێن محەممەد، خاوەنی 25 مریشکی کوردی لەو جۆرەیە کە بڕیارە بەشداری لە کێبڕکێیەکەدا بکەن. یەکێک لە مریشکەکانیشی هەر هەشت تایبەتمەندییەکەی هەیە.

ئەو دەڵێت "دڵنیام مریشکەکەم دەبێتە شاجوان، چونکە هەر هەشت تایبەتمەندییەکەی هەیە".

مریشکەکەی هەندرێن کە هێشتا تاجی شاجوانی لەسەر نەنراوە، نرخەکەی فڕیوە. هەندرێن دەڵێت "مریشکێکم بە 1700 دۆلار کڕیوە، بەڵام بەهۆی ئەو کێبڕکێیەوە نرخەکەی بۆ 5000 دۆلار بەرزبووەتەوە. ئەگەر ناسناوەکە بباتەوە دڵنیام نرخەکەی دەبێتە 10 هەزار دۆلار".

هەر لەو کێبڕکێیەدا شاجوانی کەڵەبابەکانیش هەڵدەبژێردرێ. هەندرێن کە کەڵەبابێکی بۆ کێبڕکێیەکە ئامادە کردووە، دەڵێت "نرخی کەڵەبابەکانیش بەرز بووەتەوە، کەڵەبابێکم هەیە 3000 دۆلاریان پێداوە، بەڵام نایفرۆشم".

پسپۆڕانی زانستی پەلەوەر دەڵێن دروستکردنی مریشکێکی خاوەن تایبەتمەندیی باش و جوان بەهۆی لێکدانی چەند جۆرێکی مریشک، ڕێگایەکی زانستیی تازەیە.

د.یوسف بەرزنجی، سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "لەڕووی زانستییەوە ئامانج لە لێکدانی خێزانە جیاوازەکانی مریشک، دروستکردنی نەوەیەکی نوێیە بۆ بەرهەمهێنانی گۆشت یان بۆ دروستکردنی نەوەیەکی خاوەن تایبەتمەندی کە خواستی بازاڕی لەسەر بێت. ئەو شێوازەی لە هەولێر بۆ دروستکردنی ئەو مریشکە تایبەتە پەیڕەو کراوە، شێوازێکی زانستییە و هەردوو ئامانجەکەی پێکاوە".

مریشکەکە تاوەکو ئێستا هیچ ناوێکی نییە، تەنیا هەندێکجار لە بازاڕ بە مریشکی قوشتەپە ناوی دەهێنرێ.

د.یوسف بەرزنجی دەڵێ "بۆ ئەوەی لەڕووی زانستییەوە بیسەلمێنین ئەو مریشکە جۆرێکی تازەی مریشکە، دەبێت DNAی ئەو مریشکانە لەگەڵ DNAی مریشکە هاوشێوەکانی بەراورد بکرێ. ئەگەر دەرکەوت 15%ی جیناتەکانیان جیاوازە، دەتوانین وەک جۆرێکی تازەی مریشک تۆماری بکەین".





### "بە مریشکی کوردی دەیناسێنین"

ئەو مریشکە هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر نەکراوە کە بیسەلمێنێ مریشکێکی جیاوازە. د.یوسف بەرزنجی، سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، ئامادەیی خۆی و کۆلێژەکەی نیشاندا بۆ توێژینەوە لەسەر ئەو مریشکە. ئەو دەڵێت "ئەگەر خاوەنی ئەو مریشکانە هاوکارمان بن، ئێمە وەک بەشی سامانی ئاژەڵ ئامادەین تێزی توێژینەوەی قوتابییەکی دکتۆرا تایبەت بکەین بە توێژینەوە لەسەر ئەم جۆرە مریشکە. ئەگەریش دەرکەوت جۆرێکی تازەیە، توێژینەوەکە لە گۆڤارە زانستییەکانی جیهان بڵاودەکەینەوە. لە لیستی جیهانیی جۆرەکانی مریشکیش بە مریشکێکی کوردی دەیناسێنین".

### هەرزان بازاڕەکان شوێنی مۆڵە مۆدێرنەکان دەگرنەوە

# ئاراستەی دروستکردنی پێشانگە و مارکێتەکان روو لە گەڕەکەکانە

## لە سێ ساڵی ڕابردوودا 1.606 پێشانگە و شوقە و باڵەخانە لە هەولێر دروستکراون



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی شارەوانی دەڵێت، بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی و بێ بازاڕییەوە، ئاراستەی دروستکردنی پێشانگە، شوقە و باڵەخانە بازرگانییەکان لە شەقامە گشتییەکانی سەنتەری شارەوە بۆ نێو گەڕەکە میللییەکان گۆڕاوە.

بەپێی ئامارێک کە لە شەش شارەوانییەکەی سەنتەری شاری هەولێر دراوەتە (ڕووداو)، لە دوو ساڵ و 11 مانگی ڕابردوودا 1.606 پێشانگە، شوقە و باڵەخانەی بازرگانی دروستکراون، بەڵام بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی، ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، دروستکردنی پێشانگە و باڵەخانەی بازرگانی بە ڕێژەی 46% دابەزیوە.

بەپێی ئامارەکە، کەمترین پێشانگە، شوقە و باڵەخانەی بازرگانی لە سنووری شارەوانیی یەک لە سەنتەری شاری هەولێر بووە کە تەنیا 105 پێشانگە و باڵەخانە بووە، زۆرترینیشیان لە سنووری شارەوانیی چوار دروستکراوە کە 520 پێشانگە و شوقە و 224 باڵەخانە بووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاراستەی دروستکردنی پێشانگە و باڵەخانەکان لەسەنتەری شارەوە بۆ نێو گەڕەکەکان گۆڕاوە.

کاروان جەبار حەسەن، بەڕێوەبەری شارەوانیی چوار لە شاری هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی قەیرانی دارایی و بێ بازاڕی و فراوانبوونی شار و دروستبوونی گەڕەکە نوێیەکان و پێویستییان بەبازاڕ، ئێستا ئاراستەی دروستکردنی پێشانگە و شوقە و باڵەخانە لە سەنتەری شارەوە بۆ نێو گەڕەکەکان گۆڕاوە".

ئێستا لەهەر گەڕەکێک بازاڕێک دروست بووە کە بەهۆیانەوە بەشێکی زۆری پێویستیی دانیشتووانی گەڕەکەکان لە خۆراک و کەلوپەلی نێو ماڵ و پێویستییەکانی دیکە دەستەبەر دەبن، ئەمەش بازاڕی مۆڵ و سوپەرمارکێتە گەورەکانی کەمێک لاواز کردووە.

کاروان دەڵێت "ئەو گۆڕانکارییە وا دەکات بازرگانان ئارەزوویان لە دروستکردنی مۆڵ و پێشانگەی هاوچەرخ لە شەقامە گشتییەکانی سەنتەری شارەوە بۆ نێو گەڕەکەکان بگۆڕێت، بۆیە ئێستا داوایەکی زۆر ئاراستەی شارەوانییەکان دەکرێت کە شەقامی ئاسایی گەڕەکەکان بگۆڕین بۆ شەقامی بازرگانی، بۆ ئەوەی بازاڕی لەسەر دروستبکرێ".

سەبارەت بە هۆکاری کەمبوونەوەی دروستکردنی پێشانگە و باڵەخانە بەتایبەت لە ئەمساڵدا، کاروان جەبار دەڵێت "بەشێکی بۆ گرانیی نرخی زەوی لە شوێنە بازرگانییەکانی نێو سەنتەری شار دەگەڕێتەوە، بەشێکی دیکەشی بۆ بێ بازاڕی و کەمبوونەوەی خواست لەسەر بەکرێگرتنی پێشانگە و باڵەخانە لەو شوێنانە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی بەشێکی زۆری کۆمپانیا تورکی و بیانییەکان لقی کۆمپانیاکانیان داخست".

### مۆڵە مۆدێرنەکان دادەخرێن

ئەگەرچی لەڕووی کواڵیتی و هەمەجۆریی کەلوپەلی نێو ماڵ و خۆراکەوە، مۆڵە هاوچەرخەکان بە سوپەرمارکێت و مینی مارکێتی نێو گەڕەکەکان بەراورد ناکرێن، بەڵام قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر ئەوانیش هەبووە، ئێستا ئەوانیش بە ڕێگەی سوپەرمارکێت و مینی مارکێت و هەرزان بازاڕەکاندا دەڕۆن. بۆ نموونە بازاڕی هاوچەرخی نیوستی ئێستا دەرگای بەڕووی کڕیارەکانیدا داخستووە و لە هەوڵی گۆڕینی سیستەمی بازاڕەکەیدایە.

دەشتی محەممەد سەلیم شوکری، خاوەنی بازاڕی هاوچەرخی نیوستی لە شاری هەولێر، باسی هۆکاری داخستنی بازاڕی هاوچەرخی نیوستی دەکات و دەڵێت "ئێمە پێشتر گرێبەستێکی پێنج ساڵەمان لەگەڵ ستی سەنتەر هەبوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و لاوازیی بازاڕ گرێبەستەکەیان نوێ نەکردەوە، ئێستا سێ کۆمپانیای دیکە داواکارییان پێشکەش کردووین، بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا بەشێوازێکی دیکە و لەژێر ناوێکی نوێ دووبارە دەرگای مۆڵەکە بکرێتەوە، بەڵام هێشتا لەگەڵیان نەگەیشتوونەتە بڕیاری کۆتایی".

شوکری نەیشاردەوە کە بازاڕی نێو گەڕەکەکان کاریگەری لەسەر بازاڕی مۆڵە مۆدێرنەکان هەبووە، هەر ئەمەش وای کردووە چەند مۆڵێکی مۆدێرن دابخرێن.

### قازانجی کەم.. فرۆشی بەردەوام

بێ بازاڕی تەنیا ڕووی لە مۆڵ و بازاڕە مۆدێرنەکان نەکردووە، بەڵکو ئاراستەی کار و شوێنی کارکردنی پێشانگەکانیشی گۆڕیوە، ئێستا خاوەنی پێشانگەکان بۆ گەیشتن بە کڕیارەکانیان، پێشانگەکانیان گواستووەتەوە نێو گەڕەکەکان.

پێشانگەکەی دیدەوان موحسین کە تایبەتە بە فرۆشتنی کەلوپەلی نێو ماڵ، پێشتر لە سەنتەری شاری هەولێر بوو، بەڵام ئێستا گواستوویەتییەوە نێو گەڕەکێکی میللیی وەکو گەڕەکی باداوە.

دیدەوان گوتی "لە شوێنی پێشتر جگە لەوەی کرێی پێشانگەکەمان گران بوو، بەهۆی گرفتی گواستنەوە و قەرەباڵغیی بازاڕ و بوونی پێشانگەی دیکە لە گەڕەکەکان، کڕیارمان نەبوو، بۆیە بڕیارماندا بچینە نێو گەڕەکەکان".

دیدەوان موحسین، سیستەمی بەبازاڕکردنی کاڵاکانیشی گۆڕیوە، ئێستا پەیڕەوی فرۆشی بەردەوام و قازانجی کەم دەکات. ئەو گوتی "پێشتر هەر کاڵایەک 25 دۆلار قازانجمان دەخستە سەر، ئێستا کاڵایەک 5 دۆلار قازانج بکات دەیفرۆشم، بەمەش بازاڕمان لە جاران باشتر بووە، کرێی پێشانگەکەشمان هەرزانترە، بۆیە قازانج دەکەین".

### هاوکێشە ئابوورییەکان گۆڕاون

هاوکێشەیەکی ئابووری هەیە دەڵێت هەتا قەبارەی یەکەی ئابووری گەورە بێت، تێچووی کەمترە و قازانجی زیاترە. بەڵام قەیرانی دارایی ئەو هاوکێشەیەی تێکداوە. کڕیار بۆ کەمترین کڕین بیر لە تێچووەکەی دەکاتەوە. بۆیە کاتێک کاڵایەک بە هەمان نرخ یان کەمتر لە نرخی خۆی هەبێت، ئامادە نییە بۆی بچێتە مۆڵێکی مۆدێرن.

د.لوقمان عوسمان عومەر، پسپۆڕی ئابووری لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا بازرگانان ڕەچاوی بارودۆخەکە دەکەن، لە جیاتی مۆڵی گەورە لە کۆڵان و گەڕەکەکان مارکێتی بچووک دەکەنەوە. ئێستا ئەوان پەیڕەوی بنەمای زۆرترین فرۆش و کەمترین قازانج دەکەن".

# ئۆپێک لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختدایە



د.عەتووف عەبدولموهەیمن بارزانی *

وا بڕیارە ڕۆژی 2016/11/30 وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک لە ڤییەنای پایتەختی نەمسا کۆببنەوە. ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ئەوەیە کە بڕیار لەسەر ئەوە بدەن، ئاخۆ بڕیارەکەی کۆبوونەوەی جەزائیر لە 28ی ئەیلولی ڕابردوودا، بکەنە ڕێککەوتن و بەرهەمی نەوتی ڕێکخراوەکە کەم بکەنەوە یان نا.

کۆبوونەوەکەی جەزائیر تارادەیەک بازاڕی نەوتی بە جێگیری هێشتەوە، نرخی نەوتی بە ڕێژەی 5% بەرز کردەوە. پێشبینی دەکرێت کۆبوونەوەکەی هەینیی داهاتووش بازاڕی نەوت تارادەیەک گەرم بکاتەوە، چونکە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک جگە لە ڕێککەوتن لەسەر دیاریکردنی سەقفی بەرهەمی ڕێکخراوەکە، هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نییە.

بەر لەوەی باسی کۆبوونەوەی ئۆپێک بکەم، دەمەوێ ئاماژە بە هۆکارەکانی دابەزینی نرخی نەوت بدەم کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

گەڕانەوەی ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ نێو بازاڕی نەوت دوای چل ساڵ لە دابڕانی لەو بازاڕە. بەرزبوونەوەی بەرهەمی نەوت لە عێراق. گەڕانەوەی ئێران بۆ نێو بازاڕی نەوت. دۆزینەوەی نەوت لە دەریاکانی بەرازیل. زیادکردنی بەرهەمی نەوتی سعودیە. دابەزینی ئابووریی چین. کەشوهەوایەکی مام ناوەند (زستانێکی گونجاو)، هەروەها کارا نەبوونی ئەندامانی ئۆپێک و نەگەیشتن بە ڕێککەوتنێک لەسەر سڕکردنی ئاستی بەرهەمهێنان.

پتر لە سێیەکی نەوتی ئەم جیهانە لەلایەن ئەندامانی ئۆپێکەوە بەرهەم دێت. ئەمساڵ کڕیارەکانی نەوت بایی 2 ملیۆن بەرمیل داواکارییان زیاتر بووە لە چاو ساڵی ڕابردوو. بەهۆی هاتنی وەرزی سەرماش، پێشبینی دەکرێت داواکاری لەسەر نەوت زیاتریش بێت بە جۆرێک باڵانسی بازاڕی نەوت ڕابگرێ.

کێشەی ئۆپێک لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانی سیاسی لە نێوان دوو بەرەی سەرەکی، ئەویش بەرەی سعودیە و بەرەی ئێرانە.

هەر لەم ڕۆژانەشدا وەزیری نەوتی سعودی ڕایگەیاند هەر ڕێککەوتنێک لە نێوان ئەندامانی ئۆپێک بکرێت دەبێ سنوورێکی گونجاو بۆ بەرهەمی وڵاتانی وەک ئێران و نێجیریا و لیبیای تێدا دیاری بکرێت. ئەمە ئەوە دەردەخات کە سعودیە هەوڵ دەدات سەقفی بەرهەمی ئەم وڵاتانە کەم بکاتەوە. بێگومان هەر وڵاتێک هەوڵ دەدات ڕێژەی خۆی بەرز و ڕێژەی وڵاتانی دیکە کەم بێت.

بەڵام ئەمڕۆ کار گەیشتووەتە شوێنێک کە دەوڵەتانی ئەندام لە ئۆپێک بەگشتی و ئەم دوو دەوڵەتە بە تایبەتی، هیچی دیکە بواری تەراتێنییان نەماوە و هەر دەبێ ڕێکبکەون، چونکە نەگەیشتن بە ڕێککەوتن، مانەوەی ڕێکخراوی ئۆپێک دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەندامانی ئۆپێک بەگشتی گەیشتوونەتە هەمان باوەڕ. بۆ نموونە ئەسدرۆباڵ چافێز، وەزیری نەوتی ڤینزوێلا، ڕایگەیاند ڕێککەوتن و هەماهەنگی لە نێوان ئەندامەکانی ئۆپێکدا باشترین ڕێگایە بۆ ڕاگرتنی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا. هەروەها خۆزێ بۆتیلۆ دی ڤاسکۆنسیلۆس، وەزیری نەوتی ئەنگۆلا ڕایگەیاند دەبێ نرخی نەوت بگەیێندرێتە 80 دۆلار، وەکو نرخێکی گونجاو.

شرۆڤەکارانی بازاڕی نەوت بە گومانن کە ئەندامانی ئۆپێک لە کۆبوونەوەکەی هەینی داهاتوودا ڕێکبکەون. مایکل ماک ئارتی، لە کۆمپانیای SMS بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە کە وەبەرهێنەر و بازرگانە مەزنەکانی نەوت لە جیهان بەگومانن لە ئەگەری ڕێککەوتن و توانای بەڕێاکردنی هەماهەنگی لەنێوان ئەندامەکانی ئۆپێک و ئەگەری ڕازیبوونی هەر ئەندامێک بە دابەزاندنی بڕی نەوتی خۆی.

دابەزاندنی سەقفی بەرهەم بۆ هەر وڵاتێکی ئەندام لە کۆبوونەوەی داهاتوودا ڕادەگەیەنرێ. ئەندامانی ئۆپێک نیازیان هەیە سەقفی بەرهەمی گشتی لە (33.24 ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە) دابەزێنن بۆ (32.5 ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە). ئابووریناسان گومان لە توانای ئۆپێک دەکەن کە ئایا دەتوانێ ئەندامانی ڕازی بکات پابەندی بڕیارەکانی بن، هەر بۆیە داوا دەکەن هەر لە ئێستاوە ڕەشنووسی بڕیارەکەیان بۆ ئاشکرا بکرێ کە هەر وڵاتێک چەندی لە پشکی ئەو کەمکردنەوەیەی بەرهەم بەردەکەوێ. ئایا بڕیارەکە واقیبینانەیە و ئەگەری جێبەجێکردنی هەیە؟

سەبارەت بە عێراق، وا پێدەچێت کێشەی زۆری لەگەڵ بڕیارەکەی ئۆپێک نەبێ. عێراق لە لیستی ئەم وڵاتانەدا نابێت کە پێویستە ئاستی بەرهەمیان کەم بکەنەوە، یان لەو ئاستەی ئێستایان سڕی بکەن. چونکە هێشتا لە سنووری خۆی تێنەپەڕیوە و تەنانەت نەگەیشتووەتە ئەو سنوورەش کە ئۆپێک بۆی داناوە.

عێراق لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئۆپێکدا لە ڤیەننا بە شاندێک بە سەرۆکایەتی وەزیری نەوت، بەشدار دەبێت. عێراقیش وەکو زۆربەی ئەندامەکان خوازیارە ئەندامانی ئۆپێک لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بگەنە ڕێککەوتنێکی ئیجابی، بۆ ئەوەی نرخی نەوت بەرزبببێتەوە و باری گرانی ئابووریی سەر شانی عێراق سووکتر ببێ. هەوڵیش دەدەن نێوبژیوانی لەنێوان دوو بەرە ناکۆکەکەی ئۆپێک -ئێران و سعودیە- دا بکەن.

ئەگەر پێوەری بڕی بەرهەمهێنانی نەوت بەگوێرەی بڕی یەدەگی هەر وڵاتێک بێت، ئەوسا دەزانین کە عێراق هێشتا ڕێژەیەکی کەمتری بۆ دیاریکراوە هەم لەچاو ئەوەی کە حەقی خۆیەتی و هەم لەچاو ئەوەی کە ئێستا بەرهەمی دەهێنێت. یەدەگی عێراق لە نەوت ساڵ بە ساڵ زیاد دەکات. ئەوەی کە ڕەنگە ناچار بێت بەرهەمی کەم بکاتەوە یاخود ڕابگرێت، وڵاتەکانی سعودیە و ئیمارات و کوێتن نەک عێراق.

بە هەموو پێوەرێک کۆبوونەوەی داهاتووی ئۆپێک دەبێتە سەنگی مەحەک بۆ ڕێکخراوەکە. ئەندامەکان ناچارن بگەنە ڕێککەوتن. چونکە نەگەیشتن بە ڕێککەوتن، بە زیانی سەرجەم ئەندامانی ئۆپێک دەشکێتەوە. بەڵام من گەشبینم کە ئەندامانی ئۆپێک دەگەنە ڕێککەوتن. ئەگەریش ڕێکبکەون ئەوە ڕاستەوخۆ بەهای نەوت تاوەکو 53 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بەرز دەبێتەوە. لە سەرەتای ساڵی داهاتووشدا بەرزدەبێتەوە بۆ 57 دۆلار، ئەو بەرزبوونەوەیە لە کۆتایی ساڵی 2017 دەگاتە 60 دۆلار، ئەم نرخەش نرخێکی گونجاوە بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەر و بەکاربەری نەوت.

وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک بە وردی چاودێریی کۆبوونەوەی داهاتووی ئۆپێک دەکەن و دەبێ هاوکار بن لە سڕکردن یان کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانیان. ئەوەش دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ بوژاندنەوەی ئابووریی جیهان.

سەبارەت بە بوژاندنەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان گەشبینم، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک: سەردانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا کە ئەنجامەکانی بە زووترین کات دیار دەبێت. دوورخستنەوەی مەترسیی داعش لە هەرێمی کوردستان، ئەوەش وادەکات وەبەرهێنەری بیانی ڕوو لە کوردستان بکەنەوە. ئەگەری ڕێککەوتنی ئەندامانی ئۆپێک لە کۆبوونەوەی هەینی داهاتوو. ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی کورد. سەقامگیریی سیاسی، سەقامگیریی ئابووری بەدواوەیە.

* دکتۆرا لە ئابووریی نەوت



# هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی ئۆپێک



بیلال سەعید *

وا بڕیارە کۆتایی ئەم مانگە ئەندامانی ڕێکخراوی ئۆپێک کە لە 14 وڵات پێکدێن، لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا کۆببنەوە، دواتریش لەگەڵ هەشت وڵاتی دەرەوەی ڕێکخراوەکە کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ڕێککەوتن لەسەر جێگیرکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت. ئەم کۆبوونەوەیە دوای چەندین کۆبوونەوەی بێئەنجام و شکستخواردووی ڕێکخراوەکە دێت.

ئایا عێراق بۆچی لە دیاریکردنی پشکی وڵاتانی بەشدار لە ئۆپێک نارازییە؟ بۆچی لە کاتی ئاماژەکردن بە ئاستی هەناردەی نەوت، هەناردەی نەوتی کوردستان و عێراق پێکەوە بۆ دانوستاندن ئاماژە پێدەکەن؟ ئایا کوردستان پێویستە چی بکات بۆ ئەوەی لەناو ڕێکخراوی ئۆپێک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟

### عێراق و ڕێکخراوی ئۆپێک

ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) لە ساڵی 1960 لەلایەن پێنج وڵاتی سەرەکیی هەناردەکاری نەوت (عێراق، ئێران، سعودیە، کوێت و ڤەنزوێلا) دامەزرا، یەکەم کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوە لە بەغدای پایتەختی عێراق بەڕێوەچوو، لەماوەیەکی دیاریکراودا ئەم ڕێکخراوە بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی تۆکمە، توانی کۆنترۆڵی نرخی نەوت و ئاستی هەناردەی ئەندامەکانی بکات.

ئۆپێک هەرچەند خاوەن مێژوویەکی پرشنگدار و بەهێزە لە دیاریکردنی نرخی نەوت و ئاستی هەناردەی نەوت، بەڵام کاتێک لە حوزیرانی 2014، نرخی نەوت دابەزینێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی و نرخی بەرمیلێک لە 115 دۆلارەوە بۆ 27 دۆلار دابەزی، ئۆپێک هیچ دەرمانێکی بۆ دەردی دابەزینی نرخی نەوت شک نەبرد و نەیتوانی نرخ و ئاستی هەناردە هاوسەنگ بکاتەوە.

بەرکەوتی ئێستای ڕێکخراوەکە لە بازاڕی نەوتی جیهانی سێیەکی بەرهەمهێنانی کۆی نەوتی جیهانە. بارودۆخی ئێستای ئۆپێک زیاتر نزیکە لە گەیشتن بە یەکەم ڕێککەوتنی ڕێکخراوەکە لەدوای ساڵی 2008 کە سەبارەت بە سنووردارکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت هاتبووە کایەوە، ئەم لێکتێگەیشتنەی ئێستای ڕێکخراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەی نافەرمیی ڕێکخراوەکە لە جەزائیر لە مانگی ئەیلولی ڕابردوودا.

سەبارەت بە هۆکاری دابەزینی نرخی نەوت و کاریگەریی قەیرانی دارایی بۆ وڵاتانی هەناردەکاری نەوت لە دوو ساڵی ڕابردوودا زۆر گوتراوە، بەڵام ئایا بۆچی عێراق لەدوای گفتوگۆکانی جەزائیر دەنگی ناڕەزایەتی بەرزکردەوە و داوا دەکات لە کەمکردنەوەی پشکی خۆی لە بازاڕی نەوت ببەخشرێت کە بەپێی دوایین داتاکانی هەناردەی نەوت، لە ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا لەناو ڕێکخراوی ئۆپێک 13%ی هەناردەی نەوتی ڕێکخراوەکە بەر عێراق کەوتووە.

بەهەمان شێوەی لیبیا و نەیجیریا، عێراقیش داوای بەخشینی لە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان بۆ تێچووی زۆری شەڕی داعش و کورتهێنانی بودجە و تێکچوونی باری ئەمنیی وڵات دەگەڕێنێتەوە.

ئەوەی لە لێدوان و هەڵوێستی وڵاتانی بەشدار لە ئۆپێکیش دەخوێنرێتەوە، تا ئێستا سەبارەت بە داخوازیی لیبیا و نەیجیریا کۆکن، هەندێک سەرچاوە باس لە پێشنیازی کەمکردنەوەی پشکی وڵاتان بە ڕێژەی 4% بۆ 4.5%ی کۆی هەناردەی وڵاتان دەکەن.

عێراق هەموو هەوڵەکانی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی لە کەمکردنەوەی پشکی هەناردەکردنی نەوتەکەی ببەخشرێت. وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاندووە لە کۆبوونەوەی ئۆپێکدا سێ پێشنیاز دەخاتەڕوو، بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکی پێشنیازەکان ئاشکرا بکات.

بەهەمانشێوەی عێراق، ئێرانیش یەکێک لەو وڵاتانەیە کە بەخاڵی ناکۆکی کۆی کۆبوونەوەکانی ئۆپێک دادەنرێت، ئەستەمە بە کەمکردنەوەی پشکی هەناردەکردنی نەوتەکەی بۆ بازاڕەکانی جیهان ڕازی ببێت، بۆیە ئەگەری هەیە لە نێوان پێشنیازی کەمکردنەوەی 4% بۆ 4.5%، پێشنیازێکی نوێ بێتە کایەوە، ئەویش کەمکردنەوەی بڕێک لە ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران و عێراقە. بە جۆرێک عێراق 200 هەزار بەرمیل نەوت لە کۆی هەناردەی نەوتەکەی لە مانگی ئۆکتۆبەر کەم بکاتەوە و ئێرانیش 130 هەزار بەرمیل.

### کوردستان و ڕێکخراوی ئۆپێک

ڕێکخراوی ئۆپێک ئەگەر سەیری ناوی دامەزرێنەرانی و تەواوی ئەندامانی بکەیت، هەموویان دەوڵەتی هەناردەکاری نەوتن، واتە هیچ هەرێمێک لە نێو پێکهاتەی ڕێکخراوەکەدا نییە، بەڵام هەرێمی کوردستان کە لە چوارچێوەی عێراقدایە وەک وڵاتێکی فیدراڵی، ئایا دەتوانێت چۆن ڕۆڵ ببینێ؟

بەدڵنیاییەوە ئەگەر لە ماوەکانی ڕابردوودا، عێراق لە زۆرینەی دانیشتن و گفتوگۆکاندا نوێنەرایەتیی کوردی پشتگوێ خستبێت، ئەوا لەدوای 2003ەوە کورد بە ئەمری واقیع هەندێک پرۆسەی دەستپێکردووە بەتایبەت لە دۆسیەی نەوت. بۆ نموونە کوردستان خاوەنی یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2007ی تایبەت بە نەوت و گازە. هەروەها خاوەنی بۆڕیی هەناردەکردنی نەوتە لەڕێی تورکیاوە. جگە لەوە ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای گەورەی ناوداری جیهانی لە کەرتی نەوتی کوردستاندا وەبەرهێنان دەکەن، ئەمانەشی بە پشتبەستن بە دەستووری عێراق و یاسای نەوت و گاز و یاسای شایستە داراییەکانی کوردستان کردووە.

بەدڵنیاییەوە کوردستان وەک دەوڵەت ناتوانێ ببێتە ئەندامی ئۆپێک، بەڵام بەپێی توانای هەناردەی نەوت دەتوانین بڵێین لە ڕیزبەندی نۆیەمین وڵاتی نێو ڕێکخراوی ئۆپێکدا دێت و دەکەوێتە پێش ئیکوادۆر، بەڵام ئەوەی جێی گومانە ئەوەیە کە لەدوای کۆبوونەوەی جەزائیر، کاتێک عێراق باس لەپشکی خۆی دەکات، ئاستی هەناردەی نەوتی خۆی و کوردستان پێکەوە حساب دەکات. ئەوەش ئەگەر لەلایەک پەیوەندی بەنزیکبوونەوەکانی هەولێر و بەغداوە بێت، لە لایەکی دیکەوە بەرپرسیارێتی عێراق زیاتر دەکات لە ئاستی هەرێمی کوردستان، هەروەها پێویستە هەرێمی کوردستانیش بخاتە قۆناغی بیرکردنەوە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە.

هەرچەندە مایەی سەرسوڕمانە کۆبوونەوەیەکی گرنگی وەکو ئەوەی 30ی نۆڤەمبەر کە هەموو چاوەکانی لەسەرە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بازاڕی نەوت و سەرچاوەی داهاتی وڵاتان هەیە، تا ئێستا بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستیدا بێدەنگن.

بە گرنگی دەزانم هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی لەگەڵ عێراق چڕبکاتەوە بۆ داواکردنی نوێنەرایەتی هەرێم لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی ئۆپێک. لە ئەگەری پابەندنەبوونی عێراق، پێویستە کوردستان خۆی هەوڵی دانیشتن و کۆبوونەوە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە بدات، بۆ ئەوەی میکانیزمێک بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە بدۆزێتەوە.

چونکە کارکردنی کوردستان لە چوارچێوەی ئۆپێکدا، یان ئەندامبوون لە ڕێکخراوەکە، چارەسەری گرفت و لەمپەرەکانی بەردەم کەرتی نەوتی ئاسانتر دەکات، بۆ نموونە گرفتی یاسایی فرۆشتنی نەوتی کوردستان. هەروەها هەرزانفرۆشتنی نەوتی کوردستان لە چاو عێراق و مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکان و وڵاتانی جیهان.

*ڕۆژنامەنووسی ئابووری



جۆناسان ئۆرنستین، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی بونیاتنانی داهاتووی جوو لە پۆڵەندا:

# سەربەخۆیی کوردستان نزیکە



(فۆتۆ: سەلام ناسر)

دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان لە دەوڵەتی ئیسرائیل ئاسانترە

ژمارەیەکی زۆر لە جووەکانی ئەمریکا هەوڵ بۆ پەیوەندی لەگەڵ کورد دەدەن

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- کراکۆڤ

پەیوەندیی نێوان کورد و جوو وەک دوو نەتەوە، کە هەر کاتێک باس بکرێ کاردانەوەی میدیایی بەدوای خۆیدا دێنێ، بە تایبەتی لەنێو میدیای عەرەبی، پرسێکە جۆناسان ئۆرنستین، دڵخوازانە لە بارەیەوە قسە دەکات. بەڵام ئەو هێشتا بەباشی تێناگات لەوەی بۆچی سەرکردەکان کەمتر خۆیان لە قەرەی ئەو پرسە دەدەن. هەرچەندە دڵنیایە لەوەی کە بەلای جووەکانی جیهانەوە، ئەو پەیوەندییە بژارەیەکی پەسەندکراوە و زۆر پێویستی بە بیرکردنەوە نییە.

ئەو ڕێکخراوەی جۆناسان لە کراکۆڤی پایتەختی هەرێمی ماڵۆپۆسکای پۆڵەندا بەڕێوەی دەبات، زۆرتر چاوی بڕیوەتە داهاتووی نەوەکانی جوو لە پۆڵەندا، بەتایبەت دوای ئەو کوشتارەی جووەکان لەوێ لەسەردەستی نازییەکان ڕووبەڕووی بوونەوە، بەلای ئەوەوە خاڵێکی هاوبەش هەیە لە ئازارەکانی کورد و جوودا، ئەویش ئەو ستەمە زۆرەیە کە بەهۆی نەبوونی دەوڵەتەوە چەشتوویانە "ئەمە خاڵێکی گرنگ و هاوبەشە لە پەیوەندیی نێوان کورد و جوو".

بەبڕوای جۆناسان، پەیوەندیی نێوان جوو لەگەڵ کورد زەمینەیەکی بەهێزی هەیە، چونکە دوژمنەکانیان هاوبەشە"، ئەگەرچی هەردوولا دراوسێی جیاواز و هەڵکەوتەی جوگرافی و جیۆپۆلەتیکی جیاوازیان هەیە.

بەڵام دیدێکی ڕۆشنی هەیە لەبارەی چارەنووسی سیاسیی کورد لە عێراق و دەڵێ "سەربەخۆیی کوردستان بە بڕوای من بەو نزیکانە دەبینین".

ناو بەناو لە ئیسرائیلەوە دەنگێک بەرز دەبێتەوە کە لە گوێی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، هەراسانکەر و نەخوازراوە. ئەو دەنگەی قسەی دڵی ئیسرائیلییەکان دەکات لەبارەی بەدیهاتنی خەونی کورد.

دوو ساڵ پێش ئێستا، بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل پاڵپشتیی وڵاتەکەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیاند. لە دوایین لێدوانی لەو جۆرەشدا لەلایەن بەرپرسانی ئیسرائیلەوە، ئایلێت شاکید، وەزیری دادی ئیسرائیل ڕایگەیاند "ئێمە بە هەموو هێزمانەوە پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکەین، لەسەر ئەو باوەڕەین ئەو کارە لە بەرژەوەندیی ئیسرائیل دەبێ و دوژمنانی ئیسرائیل لاواز دەکات".

جووەکان ساڵی 1948 لە بارودۆخێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێدا، دەوڵەتی ئیسرائیلیان ڕاگەیاند، ساڵانێکی زۆر لە چاوەڕوانیدا مانەوە تاوەکو کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان بۆ پشتیوانیی ئەوان بە ئەرێنی شکانەوە. هەرچەندە کەوتنە بەردەم جەنگێکی درێژخایەن لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان کە وەک گۆڵدا مایەر، سەرۆک وەزیرانی پێشووتری ئیسرائیل لە یاداشتەکانیدا دەڵێ "سوپا و توانای سەربازیمان هەرگیز لەگەڵ ئەواندا بەراورد نەدەکرا".

جۆناسان ئۆرنستین، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی بونیادنانی داهاتووی جوو لە کراکۆڤ، دەڵێ دۆخی کورد و جوو جیاوازە "پێموایە هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ ئێوە ئاسانترە وەک لەوەی ئێمە کردمان، ئێوە پێویستتان بە پاڵپشتی هەیە وەک چۆن ئەمریکا پاڵپشتی ئیسرائیل بوو، هیوادارم ئەمریکا بۆ ئێوەش وابێت". هەروەها دەڵێت "پێموایە کە تەماشای 200 ساڵ لەوەوبەر دەکەیت، ئەوانەی هەوڵی دروستکردنی قەوارەی سەربەخۆیان داوە، پێیگەیشتوون، بۆیە ئەمە بۆ کورد ئەستەم نییە کە بگاتە سەربەخۆیی".

زانیاریی ئەوەشی هەیە کە ئێستا جووەکانی ئەمریکا گرنگییەکی زۆر بە پرسی کورد دەدەن "ژمارەیەکی زۆر جوو لە ئەمریکا هەوڵ بۆ پەیوەندی لەگەڵ کورد دەدەن، بیردەکەنەوە هەواڵی کوردستان دەزانن و بایەخ بە ئەنجامەکانی ئەو شەڕەش دەدەن کە ئێستا لە عێراق و دەگوزەرێ".

جۆناسان، زانیاری لە بارەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە، تەنانەت بەو ناتەباییەش نیگەرانە کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی باشووری کوردستان لە نێوان حیزبەکاندا هەیە. ئەو بە نیگەرانییەوە گوتی "بەردەوامیی ئەو ناکۆکییانە کورد لە گەیشتن بە ئامانجەکەی دوور دەخەنەوە".

گەشتێک بۆ چین....

# لە چین بە 100 ساڵ کارکردن ئینجا دەبیتە خاوەنی شوقەیەک

سەنگەر عەبدولڕەحمان
ڕووداو- پەیژین



بۆ ئەوەی گوندەکان چۆڵ نەبن، چین باج لە گوندنشین وەرناگرێ

حکومەتی چین بە دڵنیایی تەندروستی گەنجی لە گوندەکان هێشتووەتەوە

کاتێک ئاگادار کرامەوە لەوەی یەکێکم لەو ڕۆژنامەنووسانەی بۆ گەشتێکی چین دەستنیشان کراوم، سەرەڕای ئەوەی کە ئۆپەراسیۆنی مووسڵ تازە دەستیپێکردبوو، بەڵام بێ دوودڵی قبوڵم کرد، چونکە دەمزانی وڵاتێکی جیاواز دەبینم و بۆ منێکی ڕۆژنامەنووس گەشت بۆ ئەو وڵاتە دەبێتە چ ئەزموونێکی گەورە.

گەشتەکە لەلایەن حکومەتی چینەوە لەڕێی باڵیۆزخانەکەیان لە بەغدا بۆ ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی هەرێمی کوردستان ڕێکخرابوو. حکومەتی چین سیاسەتێکی نوێ پەیڕەو دەکات، دەیەوێ زۆرترین گەشتیار رابکێشێتە وڵاتەکەی، بە تایبەتی ڕۆژنامەنووس و بازرگان و وەبەرهێن. چین لەو کارەدا دوو ئامانجی هەیە: یەکەم، بۆ ئەوەیە ئەو وێنە ناشرینە بسڕنەوە کە ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا لەبارەی چینەوە دروستیان کردووە. دووەم بۆ بینینی ئەو شارستانییە مەزنەی کە چین بە درێژایی مێژوو بنیاتی ناوە، بۆیە مەحاڵە کەسێک داوەت بکەن و شوێنە مێژووییەکانی پێ نیشان نەدەن.

چین لە 22 هەرێم و پێنج ناوچەی ئۆتۆنۆمی و دوو ناوچەی خاوەن بەڕێوەبردنی تایبەت (هۆنگ کۆنگ و ماکاوی) پێکهاتووە. ئەو هەرێمانە زۆربەیان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەڕێوەدەبرێن، بەڵام دانیشتووانی پێنج ناوچە ئۆتۆنۆمییەکە کە بریتین لە (گوانگچی، مەنگۆلیای ژوورو، نینگیشیا، شینگیانگ و تیبت)، ناسنامەی تایبەت بە خۆیان هەیە، خەڵکی دەرەوەی شارەکانی ئەو هەرێمانە بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی ناسنامەی ئەو هەرێمانە، دەبێ ماوەی پێنج ساڵ لە یەکێک لەو هەرێمانە نیشتەجێ ببن.

سیستمی سیاسی لە چین، سیستمێکی سۆسیالیستیە و تەنیا یەک حیزب حوکمی وڵات دەکات کە حیزبی کۆمۆنیستی چینە. سەرۆکی وڵات، سەرۆکی ئەنجوومەنی دەوڵەتیشە. جگە لە پەرلەمان، هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکان ئەنجوومەنی خۆجێییان هەیە، بوون بە ئەندام لە ئەنجوومەنە خۆجێییەکان و پەرلەمان کارێکی زەحمەتە، چونکە ئەندامی پەرلەمان یان ئەنجوومەنی خۆجێیی پێویستی بە سەتان هەزار دەنگ هەیە.

چین خاوەنی سوپایەکی پێنج ملیۆن سەربازییە، بەڵام بوون بە سەرباز لەو وڵاتە مەرجی قورسی هەیە، بۆ نموونە نابێت بە هیچ هۆکارێک بریندار بووبێ و بچووکترین شوێنەواری برین بە جەستەیەوە دیار بێت، سوپای چین لە خۆبەخشەکان و ئەوانە پێکدێ کە سەربازیی ناچاری دەکەن، تەمەنی سەربازی لە 16 ساڵییەوە دەست پێدەکات.

100 ساڵ کارکردن بۆ کڕینی شوقەیەک

ژیان لە شارە گەورەکاندا زەحمەت و سەختە، نرخی شتومەک زۆر بەرزە، نرخی خانوو خەیاڵییە، لە بەرامبەردا داهاتی تاک نزمە. داهاتی ساڵانەی تاک کەمتر لە 10 هەزار دۆلارە، ئەگەر چینییەک بیەوێ لە زۆنی ژمارە پێنجی شارە گەورەکاندا شوقەیەکی 100 مەتری بکڕێت، دەبێت 100 ساڵ کار بکات. خەڵک بۆ دەستکەوتنی یەکەیەکی نیشتەجێبوون، دوو ڕێگایان لەبەردەمە، یان دەبێت پارە لە حکومەت قەرز بکەن، یان تاوەکو لە ژیاندا بن، کرێچیی دەوڵەمەندەکان بن.

گەنجەکان هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە ببنە خاوەنی یەکەیەکی نیشتەجێبوون، چونکە ئەگەر کوڕێک بە نیازی پێکەوەنانی خێزان بێت، یەکەم مەرجی کچەکە ئەوەیە کە کوڕەکە شوێنی نیشتەجێبوونی هەبێت.

## چینییە بێ خاڵ و مامەکان

ڕووبەری چین 9.6 ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، ژمارەی دانیشتووانەکەی ملیارێک و 350 ملیۆن کەسە (بەگوێرەی سەرژمێریی ساڵی 2012). ئەو ژمارەیە کاتێک زۆر زیادی کرد کە سەرکردەی مێژوویی ماو تسی تۆنگ داوای لە خەڵکی چین کرد، منداڵی زۆر بخەنەوە، بۆ ئەوەی چین بە بەهێزی بمێنێتەوە، بەڵام نەیانزانی کە ژمارەکە بە جۆرێک زۆر دەبێت دواتر کێشەی گەورەیان بۆ دروست دەکات، بۆیە دوای مردنی ماو لە ساڵی 1976، حکومەتی چین بڕیاری دا هەر خێزانێک نابێت لە منداڵێک زیاتری هەبێ. زۆربەی ئەو چینیانەی دوای ئەو بڕیارە لەدایک بوون، ئێستا نە خوشکیان هەیە نە برا، منداڵەکانیشیان نە مامیان هەیە نە خاڵ.

لی شوانگ کە وەک ڕێبەرێکی گەشتیاری لەگەڵ ئێمە بوو، چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشی هەیە. ئەو لە ساڵی 1984 خوشکێکی لەدایک دەبێت، ئەوەش پێچەوانەی یاسای ئەوکاتی چین دەبێت، پاش لە دایکبوونی بە ڕۆژێک، کچەکە دەدەنە ماڵی مامی، چونکە باوکی لی دکتۆر بوو، نەدەبوو دوو منداڵی هەبێت، ئەگەر حکومەت پێی بزانیبایە سزاکەی دوورخستنەوەی دەبوو لە کارەکەی. کاتێک لی پرسیاری خوشکەکەی دەکات، دایکی پێیدەڵێت، منداڵمان نەبوو، ئەوەی کە بینیت سەگێکی بچکۆلە بوو.

لی و خوشکەکەی ماوەی 28 ساڵ وەک ئامۆزا یەکدی دەناسن، تاوەکو ساڵی 2011 دایک و باوکیان نهێنییەکەیان بۆ ئاشکرا دەکەن و پێیاندەڵێن ئێوە خوشک و برای یەکدین. بەڵام ئێستا ئەو یاسایە نەماوە و خێزانی چینی دەتوانن زیاتر لە منداڵێکیان هەبێت.

لە چین نزیکەی 55 کەمە نەتەوە هەن. لەوانە تیبتییەکان، مانزۆ، موسوڵمانەکان، دایزۆ و هتد. هەموویان وەک یەک مافیان هەیە، هەموو یاساکانی چین بۆ هەمووان وەکو یەکە، هەندێکجار مافی کەمە نەتەوەکان زیاتریشە، بۆ نموونە یاسای یەک منداڵ نەیدەگرتنەوە، کە دەچنە زانکۆکانیش بە نمرەی کەمتر وەردەگیرێن، بەڵام ڕێوڕەسمەکانیان سنووردار کراوە و لەژێر چاودێریی حکومەتدا بەڕێوەدەچێ.

## کێشەی گەورەی چین

گەورەترین گرفت کە ئێستا ڕووبەڕووی بەرپرسانی چین بووەتەوە، کۆچی گوندنشینانە بۆ شارەکان. خەریکە گوندەکان دەبنە مەنزڵگەی بەساڵاچووان، پاش ئەوەی زۆربەی گەنجان کۆچیان کردووە بۆ شار. خەڵکی چین گرنگییەکی زۆر بە تەندروستی دەدەن، لە شارە گەورەکاندا دڵنیایی تەندروستی هەیە، بەڵام لە گوندەکان ئەو دڵنیاییە کەمترە، بۆ ڕێگری لە کۆچی گوندنشینان بۆ شار، حکومەت دەیەوێ گرنگیی زیاتر بە گوندەکان بدات، بۆ نموونە دەیەوێ دڵنیایی تەندروستییان بەرز بکاتەوە بە جۆرێک تەنیا 1%ی تێچووی چارەسەری پزیشکی لەسەر گوندنشینان بێ. جگە لەوەش ماوەی پێنج ساڵە حکومەت هیچ باجێک لە گوندنشینان وەرناگرێ.



## بخوێنە و مافی مانەوە وەربگرە

**ڕووداو- سوێد**

حکومەتی سوێد پێشنیازی کردووە ئەو منداڵە پەنابەرانەی بە تەنیا هاتوونەتە سوێد، ئەگەر لە خوێندن بەردەوام بن، دەتوانن لەو وڵاتە بمێننەوە. بڕیارە ئەو پێشنیازەی حکومەتی سوێد ببرێتە پەرلەمان و دەنگی لەسەر بدرێ. ئەو پێشنیازە ئەو منداڵە بەتەنها هاتووانە دەگرێتەوە کە چاوەڕێ دەکرێت تەمەنیان ببێتە هەژدە ساڵ تاوەکو بنێردرێنەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کەس یان لایەنی بەرپرس لە وڵاتەکانی خۆیان ناتوانرێت لە سوید دەربکرێن. بەپێی پێشنیازەکە ئەو منداڵانو، مافی مانەوەیان بۆ ماوەی چوار ساڵ دەدرێتێ، بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو بوون مافی مانەوەی هەمیشەییان دەدرێتێ.

## خەرجییەکەی لەسەر حکومەتی سوێدە

# ناوەندێکی میدیایی کوردی لە سوێد دادەمەزرێ

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ژمارەیەک میدیاکار و چالاکڤانی کورد و سوێدی، ناوەندی گەورەی میدیایی تایبەت بە کوردی تاراوگە دادەمەزرێنن، حکومەتی سوێدیش خەرجی دامەزراندنی ناوەندەکە لە ئەستۆ دەگرێ. دامەزرێنەری ناوەندەکە دەڵێت ئامانج لە دامەزراندنی ئەو ناوەندە بەرەنگاربوونەوەی هزری توندوتیژییە لەنێو تاراوگەنشینان.

سەهەند کەمال، خەڵکی باشووری کوردستان کە 11 ساڵە لە سوێد دەژی و دامەزرێنەری ناوەندەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "ناوەندەکە بەناوی ناوەندی میدیایی و هۆشیاری (ڤار مێدیا) دەبێت و لە داهاتوویەکی نزیکدا وەک یەکەمین میدیای کوردی- سوێدی دەکەوێتە کار".

بە گوتەی سەهەند، هێشتا ئەوە یەکلایی نەبووەتەوە کە پەخش و بڵاوکراوەکانیان هەر بەو ناوە دەبێت، یان هەریەکە و ناوێکی تایبەتی خۆی دەبێت. بەڵام ئەوان کۆکن لەسەر ئەوەی کە نەهێشتنی بیری توندوتیژی لەنێو نەوەی نوێی تاراوگەنشین بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی مێدیا و پاشان لەڕێی پرۆژەی ڕاهێنان و پێگەیاندن و کاری هونەری و ڕۆشنبیری و خوێندنەوە دەبێت.

ڤار مێدیا لەگەڵ ئەوەی وەک دامەزراوەیەکی مێدیایی کوردی دێتە ناساندن، بەڵام بەشێکە لە پرۆسەیەکی گەورە کە وەک سەهەند دەڵێت "بۆ ڕاهێنانی نەوەی نوێی تاراوگەیە، بۆ دوورکەوتنەوە لە بیری توندئاژۆیی و دوورکەوتنەوە لەو ناوەندانەی ئەگەری هەیە بەرەو کاری توندوتیژییان بەرێت".

سەهەند نەیشاردەوە کە "داعش و دامەزراوە ئیسلامییە توندڕەوەکان بە پلەی یەکەم وەک ئامانج دێن و سەرەتای کارەکانیش بە زمانی کوردی و بۆ کوردی سوێد و سکەندەنافیا دەبێت، بەمەبەستی ئەوەی لەو بیر و کارانەیان دوور بخەینەوە".

دامەزراندنی ئەو ناوەندە لە کاتێکدایە کە حکومەتی سوێد لە ماوەی ڕابردوودا ڕایگەیاند، ئامادەکاری بۆ وەرگرتنەوەی ئەو کەسانە دەکات کە بۆ بەشداری لە شەڕ لەگەڵ گرووپە توندڕەوەکان چوونەتە سووریا و عێراق. تاوەکو ئێستا 130 کەس لەوانە گەڕاونەتەوە سوێد. بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتە دەڵێن "دەبێت کار لەسەر شیاندنەوەیان بکرێ و لە کاری توندڕەوی دووربخرێنەوە".

پێشتر چەند دامەزراوە و ناوەندی میدیایی کوردی لە سوێد هەبوون، بەڵام زۆربەیان داخران. وەک تەلەڤزیۆنی ناوخۆیی (ئامێز) لە نەوەتەکانی سەددەی ڕابردوو، ڕادیۆی هاوپشتی، دەنگی کوردی، ڕادیۆی زایەڵە و بەشی کوردی لە ڕادیۆی نێودەوڵەتیی سوێد.

ڕیاز تەها، سەرپەرشتیاری نووسین و چاپەمەنی لە دامەزراوەی ڤار میدیا بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە ئەڵتەرناتیڤی زایەڵە و پەخشی کوردی ڕادیۆی سوێد نابین، بەڵام بێگومان نەمانی ئەو دەزگایانە زۆر هانی داین بۆ دامەزراندنی ئەم ناوەندە".

کوردی دانیشتووی سوێد کە ژمارەیان لە سەرووی 150 هەزار کەس دەبێ، دامەزراندنی ناوەندێکی وەکو ڤار میدیا بە پێویست دەزانن. هودا حەمید کە کوردێکی دانیشتووی سوێدە، دەڵێت "کوردی ئەم وڵاتە پێویستییەکی زۆریان بە مێدیای تایبەت بەخۆیان هەیە. بە تایبەتی دوای نەمانی ڕادیۆی زایەڵە و ڕادیۆکانی دیکە".

ڕیاز تەها وەک کارەکتەرێکی سەرەکیی دامەزراوەی ڤار مێدیا دەڵێت "کورد لە سوێد پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ئەم وڵاتەیە. بێگومان دەنگی خۆیان هەیە و خەسڵەت و تایبەتمەندێتی خۆیشیان هەیە و زۆر کاران. بۆیە کرۆکی کارە مێدیاییەکانمان تایبەت بە کوردی ئەورووپا بە گشتی و کوردی سوێد بە تایبەتی دەبێ".

هەنگاوی یەکەمی کارکردنی ڤار مێدیا بە کوردی و سوێدی دەبێ، بەڵام سەرپەرشتیارانی ناوەندەکە دەڵێن دەشێت لە قۆناغەکانی داهاتوودا زمانەکانی دیکەش لەخۆبگرێ.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، زیاتر لە 5 ملیۆن کرۆن خەرجیی ئەم دامەزراوەیە دەبێت وەک قۆناغی یەکەم. بێجگە لە پۆرتاڵێکی کارا، بڵاوکراوەی کاغەز (گۆڤار- ڕۆژنامە)ی دەبێت و لە قۆناغەکانی داهاتووشدا دەست بە پەخشی ڕادیۆیی دەکات.

سەهەند کەمال گوتی "خەرجییەکانی ئەم دامەزراوەیە لەلایەن دەوڵەتی سوێدەوە تەرخان دەکرێت، لە داهاتووشدا بەپێی ئیمکان و بەدەنگەوە هاتن سوود لە دامەزراوە و لایەنی دیکە وەردەگرین".

سەبارەت بە هەماهەنگییان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەهەند گوتی "تا ئێستا هیچ هەماهەنگی و پەیوەندییەکمان لەگەڵ هیچ دامەزراوەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووە، بەڵام بێگومان لە چوارچێوەی کارەکانی خۆمان و بە ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی دامەزراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و پرۆفیشناڵێتی مێدیایی، ئەو هەماهەنگییە دروست دەکەین".

حکومەتی سوێد لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئەورووپا کار لەسەر بڵاوکردنەوەی هزری هاوچەرخی پێکەوەژیان و نەهێشتنی بیری توندئاژۆیی بەتایبەت لە نێو گەنجان و بیانیانی سوێد و ئەورووپا دەکات.

لە ڕێگەی هەریەک لە دامەزراوەکانی سیدا و یەکێتی ئەورووپا و دامەزراوەی نیشتمانیی نەهێشتنی توندڕەوی کە دوو ساڵە بۆ ئەو مەبەستە دایمەزراندووە، سەتان ملیۆن کرۆن خەرج دەکات. خەرجی و پاڵپشتیکردنی دامەزراوەی (ڤار مێدیا)ش لەو چوارچێوەیەدایە.



کوردی سوێد بە ئومێدەوە چاوەڕێی پرۆژەی ڤار میدیا دەکەن

### نابێتە شوێنی بێکاران

دامەزراندنی ناوەندێکی میدیایی کوردی لە سوێد هاوکاتە لەگەڵ داخستنی دەیان نێوەندی کولتووریی کوردی لە سوێد، ئەویش بەهۆی قەیرانی دارایی لە کوردستان و ناکارایی ئەوان لە سوێد.

سەهەند کەمال کە دامەزرێنەری ناوەندەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "ستراتیژمان بۆ بەردەوامیدان بەم دامەزراوەیە هەیە، هەڵەی ئەو ڕێکخراو و ناوەندە کولتورییانە دووبارە ناکەینەوە کە پێشتر لە سوێد هەبوون".

گوتیشی "ڤار میدیا شوێنێک نییە بۆ کەسانی بێکار و ئەوانەی پشت بە یاسا لاستیکییەکانی ئەم وڵاتە، لەسەر بنەمایەکی ناشەرعی دەبەستن".

## خواست لەسەر فێربوونی زمانی کوردی کەم بووەتەوە

# لە سوێد مامۆستایانی زمانی کوردی پیشەکەیان دەگۆڕن



ئەمساڵ 20 مامۆستای زمانی کوردی لە سوێد وازیان هێناوە

### مامۆستایەکی زمانی کوردی لە سوێد:
### بە چاوێکی کەم سەیری پیشەی مامۆستای زمانی کوردی دەکرێت

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

مامۆستا هاژە فەخری، چیدی خۆی سەرقاڵی گوتنەوەی وانەی زمانی کوردی ناکات، ئەو ئێستا پیشەیەکی دیکەی هەڵبژاردووە کە وەرگێڕانە. مامۆستا هاژە دەڵێت "نەبوونی ڕێز بۆ پیشەکە و بەهەند وەرنەگرتنی لەلایەن خێزانی کوردەوە، مرۆڤ سارد دەکاتەوە".

بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو)، خواست لەسەر فێربوونی زمانی کوردی لە نێو منداڵانی کورد کەمی کردووە، ئەوەش وای کردووە چەندین مامۆستا واز لە گوتنەوەی وانەی زمانی کوردی بهێنن. تەنیا ئەمساڵ 20 مامۆستا وازیان هێناوە و ڕوویان لە پیشەی دیکە کردووە.

هاژە کە چەند ساڵێک بوو وانەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی سوێد دەگوتەوە، دەڵێت "جگە لە یەک دامەزراوەی دەوڵەتی، هیچ ناوەندێک پاڵپشتی ئەم پرۆسەیەیان نەکردووە".

دامەزراوەی کاروباری ناوەندەکانی خوێندنی سوێدی (Skolverket) و ناوەندی پەرەپێدانی زمانی دایک (Modersmalcenter) ئاشکرایان کردووە کە ئاستی بەشداریی قوتابیانی کورد بۆ فێربوونی زمانی کوردی، بە ڕێژەی 11% کەمی کردووە.

بە گوتەی هاژە فەخری، لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا خواست لەسەر فێربوونی زمانی کوردی بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە، بەڵام ئەمساڵ بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە.

پێشتر سۆزان سەلیم لە ڕێکخراوی پەروەردە کە ڕێکخراوێکی کوردیی بواری فێرکاری و خوێندنە، ڕایگەیاندبوو کە ڕەوشی خوێندنی زمانی کوردی لە خراپیدایە و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانیشی ئاگادار کردبووەوە.

نووسەرێکی کوردی دانیشتووی سوێد دەڵێت "جگە لە حکومەتی سوێد و هەندێک خێزانی کوردی پەنابەر، هیچ کەسێک خۆی بە خاوەنی ئەم پرسە نازانێت".

ڕزگار شێخانی، وەرگێڕ و نووسەری تاراوگەنشینی کورد لە سوێد دەڵێت "زمان و کولتووری کوردی لێرە هەژارترین زمان و کولتووری نەتەوەکانی سوێدە".

هەفتەی ڕابردوو دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی سوێدی پەرتوکێکی دەنگیی زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە کە نەک تەنیا لە ئاستی سوێد، بەڵکوو لە ئاستی زۆرینەی وڵاتانی ئەورووپی پێشوازی لێ کرا و سەتان هەزار کۆپی لێ فرۆشرا.

تۆماس یۆهانسن بازرگانی بواری کتێب بە (ڕووداو)ی گوت "زۆریی خواست لەسەر فێربوونی زمانی عەرەبی، وای کرد کتێبەکە ئەو ژمارە زۆرەی لێ بفرۆشرێ".

کتێبەکە کە لەلایەن دامەزراوەیەکی بواری کولتوور و زمانی عەرەبیی وڵاتێکی کەنداوەوە ئامادە کراوە و کۆمپانیایەکی سوێدی بڵاوی کردووەتەوە، بەشێوەیەکی زۆر پرۆفیشناڵ و ئەکادیمیانە نووسراوە.

کەمبوونەوەی قوتابیان لە ناوەندەکانی پەرەپێدانی زمانی دایک و وازهێنانی چەندین مامۆستای زمانی کوردی هاوکاتە لەگەڵ داخستن و کەمبوونەوەی ڕێکخراوە کولتوورییە کوردییەکان و کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییەکانی بەشی کوردی لە کتێبخانەی نێودەوڵەتیی سوێد.

### ناوەڕۆکی پرۆگرامەکان هۆکارن

پسپۆڕان و مامۆستایانی زمانی کوردی لە سوێد دەڵێن ناوەڕۆکی کتێبەکان هۆکاری ساردبوونەوەی قوتابیانە لە فێربوونی زمانی کوردی.

مامۆستا هاژە فەخری لەو بارەیەوە دەڵێت "خراپیی ناوەڕۆکی کتێبەکان و نزمیی کواڵیتییان، قوتابیانی کوردی سارد کردووەتەوە".

ڕادیۆی سوێد ڕاپۆرتێکی لەبارەی پەرتووکەکانی بواری زمانی دایک بۆ قوتابیانی زۆر لە نەتەوەکانی سوێد بڵاوکردەوە کە دەڵێت: "ناوەڕۆکەکەیان کۆنن و باس لە کۆمەڵگەیەک دەکەن کە ئێستا سەردەمی نەماوە".

مامۆستا هاژە دەڵێت "بەڵێ کتێبەکان باس لە کۆمەڵگەی خێڵەکی و جووتیاری دەکەن و نەوەی نوێی کوردی پێی نامۆیە".

فێربوون و پەرەپێدانی زمانی دایک، پرۆسەیەکی دەوڵەتیی بواری پەروەردە و خوێندنە. لە زۆربەی قوتابخانەکانی سوێد مامۆستای زمانی دایک دامەزرێنراون و هەفتانە لەو قوتابخانانە وانەی زمانی دایک دەخوێنرێ، بەو مەرجەی قوتابیان خواستیان لەسەر بێ.

زمانی کوردی لە سوێد وەک حەوتەم زمانی نەتەوە جیاوازەکانی سوێد هەژمار کراوە. جگە لە تەرخانکردنی سەتان مامۆستای ئەو بوارە لە خوێندنگەکان، لە زۆربەی دامەزراوەکانی دەوڵەت، زانیاری و هۆشیارییە خزمەتگوزارییەکانی بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە. بەتایبەت لە نووسراو و چاپەمەنی و ماڵپەڕەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و بەشێک لە وەزارەت و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکاندا.

مامۆستا هاژە دەڵێت "دوور نییە لە داهاتوودا نەوەیەکی کوردی پەیدا بێت، هیچ لە بارەی زمانی کوردی نەزانێت".

لە هەموو ئەمانەش ناخۆشتر لای هاژە ئەوەیە کە لای زۆر کوردی سوێد بە چاوێکی کەم سەیری پیشەی مامۆستای زمانی کوردی دەکرێت، بۆیە دەڵێت "بە دووری نازانم ئەمە هۆکاری وازهێنانی زۆر لە مامۆستاکان بێت".

### بە سوێدی نوێ دەبنەوە

لەگەڵ کەمبوونەوەی خواست لەسەر فێربوونی زمانی کوردی، خواست لەسەر فێربوونی زمانی سوێدی زیادی کردووە، ئەویش بەهۆی زۆربوونی ژمارەی کۆچبەری نوێ لەو وڵاتەدا. بۆیە زۆربەی ئەو مامۆستایانەی واز لە وانەی کوردی دەهێنن، ڕوو لە دامەزراوەی فێربوونی زمانی سوێدی بۆ کۆچبەرانی تازە (SFI) دەکەن.

عەشقی نیزامەدین کە ئێستا بووەتە مامۆستای زمانی سوێدی بۆ کۆچبەران، بە (ڕووداو)ی گوت "کەمبوونەوەی قوتابیی زمانی کوردی، پیشەکەمی خستبووە مەترسییەوە". عەشقی مووچەکەی ئێستای زیاترە و دەشڵێت "لە پیشە نوێیەکەمدا هەست بە ئەبدەیت و نوێبوونەوەی زمان دەکەم".

هونەری
ڕووداو
ژمارە (434) - دووشەممە 2016/11/28

## لوبنان بۆ دێنیز گونجاوترە



**دەریاز یونس / ڕووداو- هەولێر**

دێنیز، خانمە نمایشکاری کورد کە لە بەیروتی پایتەختی لوبنان نیشتەجێیە و زیاتر وەک فۆتۆ مۆدێل دەردەکەوێت، دەڵێت بەیروت بۆ کارەکانی ئەو شوێنێکی گونجاوە، بۆ داهاتووش بیر لە هەولێر دەکاتەوە.

دێنیز، تەمەن 24 ساڵ، لە بەیروت زیاتر وەک فۆتۆ مۆدێل کاری ڕێکلام دەکات، بەڵام لە چەند نمایشێکی جلوبەرگیشدا کاری کردووە. ئەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کارەکانی لە لوبنان زۆر بە باشی بەڕێوەدەچن و ئێستا پەیوەندیی باشی هەن. بەڵام نەیشاردەوە حەز دەکات لە هەولێر بژی. دێنیز گوتی "بیرم لەوە کردووەتەوە و حەز دەکەم لە هەولێر بژیم، بەڵام بۆ قۆناغی ئێستای ژیانم لوبنان گونجاوە، لە داهاتوودا دەچمە هەولێر، چونکە هاوڕێی زۆر خۆشەویستم لە هەولێر کار دەکەن".

### شەیما قاسم، شاجوانی عێراق بۆ (ڕووداو):

# پەشیمانم لە وەرگرتنی نازناوی شاجوان



یەکەمین کچە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە تاجی شاجوانی عێراقی خرایە سەر، بەڵام پەشیمانە لە وەرگرتنی ئەو ناسناوە و دەڵێت نە حکومەتی عێراق و نە هیچ لایەنێک هاوکارییان نەکردووە، بۆیە خانوویەکی خۆی لە کەرکووک بۆ پڕۆژە خێرخوازییەکانی فرۆشتووە.

شەیما قاسم، 20 ساڵ، کچە کوردێکی لەدایکبووی شاری کەرکووکە، مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو لە شاری بەغدا وەکو شاجوانی عێراق تاجی لەسەرنرا، دوای ساڵێک و لەم هەڤپەیڤینەدا، دەردەدڵی خۆی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەماڵ
ڕووداو- سلێمانی

## لە بەغدا کرێچیم و لە ترسی هەڕەشە ناوێرم بگەڕێمەوە کەرکووک

**ڕووداو: نزیکەی ساڵێکە بوویت بە شاجوان، تائێستا چیت کردووە؟**

**شەیما قاسم:** کاتێک بوومە شاجوان، ویستم کاری خێرخوازی بۆ ئاوارەکان و منداڵانی تووشبووی شێرپەنجە بکەم. لەسەر حیسابی خۆم هەر مانگێک پێداویستی منداڵان و خواردەمەنی بۆ ئاوارە و پەنابەران ڕەوانە دەکەم و چارەسەری کیمیاییشم بۆ هەندێ منداڵی تووشبووی شێرپەنجە دابین کرد، هاوکاریی خانەی بەساڵاچووانیشم کردووە.

**ڕووداو: ئەی حکومەت و بەرپرسان و کۆمپانیا عێراقییەکان هاوکارییان نەکردووی؟**

**شەیما قاسم:** نەخێر، بەڵام لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتیم لەسەرشان بوو، ناچار خانوویەکم لە کەرکووک کە بەنێوی خۆمەوە بوو بە 120 هەزار دۆلار فرۆشت. بەو پارەیە بایی نزیکەی 40 هەزار دۆلار پڕۆژەم کردووە، خانووەکەم بە قوربانی خەڵک کرد، چونکە پێش ئەوەی ببمە شاجوان، چالاکڤانی مەدەنی بووم و دەمزانی ئەو خەڵکە چۆن دەژین.

**ڕووداو: خێزانەکەت ڕازی بوون خانووەکەت بفرۆشی؟ باری داراییتان باشە؟**

**شەیما قاسم:** باری داراییمان مامناوەندە، بەڵام باوکم حەزی کرد خانووەکە بفرۆشین و پڕۆژە بکەم، چونکە لەبەر خەڵک بوومە شاجوان.

**ڕووداو: بەرپرسان زانییان خانووەکەت فرۆشتووە؟**

**شەیما قاسم:** نەخێر.

**ڕووداو: لە کاتێکدا ئەو خانووەت فرۆشتووە و مانگانەش هاوکاری ئاوارە و منداڵانی نەخۆشت کردووە، بۆچی وەکو چالاکی لە میدیا و سۆشیاڵ میدیادا بڵاوت نەبوونەوە؟**

**شەیما قاسم:** ئەو پڕۆژانەم لەبەر خوا کردووە، نەک لەبەر خەڵک و سۆشیاڵ میدیا، ناشبێت لە بەرامبەر ریکلام بۆ خۆم، ئازاری خەڵک بدەم و بەو پڕۆژانە بەنێوبانگ بم. ئەگینا دەمتوانی بە پارەی خانووەکەی کەرکووک، لە بەغدا خانوو بکڕم، بەڵام ئێستا لە بەغدا کرێچیم، لەبەر هەڕەشە شاری کەرکووکیشم جێهێشت و نەمتوانی بگەڕێمەوە.

**ڕووداو: حکومەتی عێراق مووچەی بۆ دابین نەکردووی؟**

**شەیما قاسم:** نەخێر، تەنیا وەزیری ڕۆشنبیری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەکو شاجوانی عێراق ناساندوومی.

**ڕووداو: بۆ هاوکاریکردن، سەردانی کوردستانت نەکرد؟**

**شەیما قاسم:** تەنیا سەردانی سلێمانیم کرد. سەرمایەدارێک بڕە پارەیەکی بۆ دابین کردین

## خانوویەکم بۆ کاری خێرخوازی فرۆشت

بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵبژاردنی شاجوانی گەردووندا بکەم. هەندێک کۆمپانیاش بەڵێنی هاوکارییان پێدام، بەڵام بەڵێنەکەیان نەبردە سەر.

**ڕووداو: وەک بزانیت شاجوانی عێراق هەڵدەبژێرنەوە؟**

**شەیما قاسم:** بەڵێ بڕیار وایە مانگی ئاداری ساڵی داهاتوو هەڵیبژێرنەوە.

**ڕووداو: داواکاریت بۆ شاجوانی داهاتوو چییە؟**

**شەیما قاسم:** پێمخۆشە شاجوانی نوێ هەڵبژێردرێت لەبەرئەوەی ئیشەکە زۆر زەحمەتە و هیوادارم ئەو گرفتانەی هاتنە پێش من، ڕووبەڕووی ئەو نەبنەوە. داواکاریشم لە حکومەت گرنگی بە شاجوانی داهاتوو بدات، چونکە خزمەتی وڵاتی خۆی دەکات، خۆیشم ئامادەم هاوکاریی بکەم.

**ڕووداو: پێت باشە شاجوانی داهاتوو گرنگی بە چی بدات؟**

**شەیما قاسم:** منداڵان، بەتایبەتیش منداڵانی تووشبووی شێرپەنجە.

## هەست ناکەم شاجوانم، چونکە کەس هاوکاریی نەکردم

**ڕووداو: بەنیازیت خۆت بۆ شاجوانی جیهان کاندید بکەیت؟**

**شەیما قاسم:** لە کێبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی گەردوون وەرگیراوم و دەبێت مانگی کانوونی دووەمی 2017 بچمە فلیپین، بەڵام ئەگەر هاوکاری دارایی نەکرێم، ناتوانم بەشداری بکەم.

**ڕووداو: دوای دانانی تاجەکە لە کوێ نیشتەجێ دەبیت؟**

**شەیما قاسم:** هەر لە بەغدا دەمێنمەوە، چونکە پێشکەشکاری بەرنامەم لە کەناڵی مەدا.

**ڕووداو: بوون بە شاجوان کێشەی بۆ پیشەکەت دروست نەکردووە؟**

**شەیما قاسم:** لەگەڵ بەڕێوەبەری هەڵبژاردنی شاجوانی عێراق تووشی کێشە بووم و دەیویست لە میدیادا ونم بکات، بەڵام من بە گوێم نەکردن و پەیوەندیم پێیانەوە نەماوە.

**ڕووداو: بەپێی قسەکانت بێت، پەشیمانی لەوەی بە شاجوان هەڵبژێردرای؟**

**شەیما قاسم:** بەڵێ، لەبەرئەوەی کەس هاوکاریی نەکردم، هەست ناکەم شاجوانم.

**ڕووداو: دەخوێنیت؟**

**شەیما قاسم:** بەڵێ لە بەشی ئابووریی کۆلێژی ئیسرا دەخوێنم کە کۆلێژێکی کەرتی تایبەتە.

**ڕووداو: هەماهەنگیت لەگەڵ شاجوانی کوردستان هەیە؟**

**شەیما قاسم:** نەخێر.

**ڕووداو: لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نێوانت چۆنە؟**

**شەیما قاسم:** باشم لە فەیسبووک و ئینستاگرام و سناپچات پەیج و ئەکاونتم هەیە.

## پڕۆژەکانم لە پێناوی خودایە نەک سۆشیال میدیا

### مەروان حەمەخورشید بۆ (ڕووداو):

# گۆرانیی ئاینی هیچی کەمتر نییە لە گوتاری ئاینی



زیاتر لە 20 ساڵە گۆرانیی ئاینی دەڵێت، بەڵام گلەیی لە پارتە ئیسلامییەکان و بەتایبەتیش یەکگرتوو هەیە کە هونەری ئاینییان پشتگوێ خستووە و دەڵێت "هونەری ئاینی هیچی لە گوتاری مامۆستایانی ئاینی کەمتر نییە".

مەروان حەمەخورشید، 38 ساڵ، لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، ئەو سەرەتا بە هونەرەکانی شێوەکاری و شانۆ دەستی پێکردووە، بەڵام لە پۆلی چواری ئامادەییەوە، خۆی بۆ گۆرانیی ئاینی یەکلایی کردووەتەوە. مەروان کە مامۆستایە و کۆمپانیای ڕێکلامی هەیە، تاوەکو ئێستا سێ ئەلبووم و چەند بەرهەمێکی بەشێوەی تاک بڵاوکردووەتەوە، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی پاشەکشەی هونەرمەندانی ئاینی لە کاری هونەری و پەیوەندیی خۆی و یەکگرتوو دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەماڵ
ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: بۆچی بواری گۆرانیی ئاینیت هەڵبژارد؟**

**مەروان:** پەیوەندی بە کاریگەریی خێزانەکەمانەوە هەیە. ساڵی 1993 پەیوەندیم لەگەڵ کۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی کوردستان هەبوو، ئەو کاتە گۆڤاری پەیامی ڕاستییان هەبوو، وێنەم بۆ دروست دەکردن و بڵاویان دەکردەوە. تیپێکی سروودیشیان هەبوو ئیشم لەگەڵ تیپەکە دەکرد، یەکەم بەرهەمم ساڵی 1995 بەنێوی شەوی قەدر لە گەلی کوردستان بڵاوکردەوە کە ئاوازی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بوو، ساڵی 1998یش یەکەم کاسێتم بڵاوکردەوە. هەر ئەو ساڵە وەکو یەکەم هونەرمەندی ئاینی یەکەمین کۆنسێرتم لە سلێمانی کرد.

**ڕووداو: ئەلبوومێکی نوێت ئامادەیە، دەکرێ وردەکارییەکەی باس بکەی؟**

**مەروان:** ئەلبوومەکە ناوی (بسم الله)یە و لە 12 تراک پێکهاتووە. لە تورکیا لەلایەن باشترین موزیسیانە بەنێوبانگەکانی تورکیا و لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی کاری تێدا کردووە. ئەو بەرهەمە بە شاکاری خۆم دەزانم.

## حیزبە ئیسلامییەکان گرنگی بە هونەری ئاینی نادەن

من ئاواتم ئەوە بوو بەرهەمی ئاینیی کوردستان بە دەرەوەش بناسێنین، چونکە لە وڵاتانی دەرەوە ساڵانە فێستیڤاڵ بۆ موەشەحاتی ئاینی دەکرێت، لە تورکیا باوەڕیان نەدەکرد هونەرمەندی کورد بەو ئاستە بەرزە گۆرانی ئاینیی بڵێت، بۆیە ویستم لە کوالێتی موزیک و دەنگ لە ئاستێکی باشدا بێت.

**ڕووداو: گۆرانیبێژی ئاینی هێواش هێواش پاشەکشە دەکەن، هۆی ئەوە چییە؟**

**مەروان:** بەدڵنیاییەوە پاشەکشە هەیە و ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێکە، وەزارەتی ڕۆشنبیری هیچ گرنگییەک بە هونەری ئاینی نادات. هونەر پێویستی بە میدیایە، بەداخەوە میدیای کوردی تەنیا لە مانگی ڕەمەزاندا گۆرانیی ئاینییان بیردەکەوێتەوە. پارتە ئیسلامییەکانیش پشکی گەورەی ئەو پاشەکشەیەیان بەردەکەوێ، چونکە هونەری ئاینی بە کارێکی لاوەکی دەزانن، نەک کارێکی پەیامدار، ئەوەندەی گرنگی بە بواری ڕێکخستن و بوارەکانی دیکە دەدەن، گرنگی بە بواری هونەری نادەن، پێموایە هونەری ئاینی هیچی لە گوتاری مامۆستایانی ئاینی کەمتر نییە.

**ڕووداو: پێشتر ئەندامی یەکگرتوو بوویت، پەیوەندیت لەگەڵیان ماوە؟**

**مەروان:** من هونەرمەندم و هونەرمەندیش موڵکی گەلە، وەکو فیکری خۆیشم پەیوەندیم بە یەکگرتوو یان کۆمەڵی ئیسلامییەوە هەبێت پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە. ئەگەر یەکگرتووش بووبم و بە یەکگرتووم بزانن، بۆ من جێی شانازییە، چونکە ئەوەی لە یەکگرتوودا فێرکراوین ڕەوشتبەرزییە.

**ڕووداو: مەبەستم ئەوەیە ئێستاش پەیوەندیت لەگەڵیان ماوە؟**

**مەروان:** بەشانازییەوە هەمیشە پەیوەندیم لەگەڵیان هەیە.

**ڕووداو: بۆچی هونەرمەندانی دیکە لە یەکگرتوو دوورکەوتوونەتەوە؟**

**مەروان:** گلەییمان هەیە و ئەو گلەییشم بە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی گوتووە کە هیچ گرنگییەک بە کاری هونەری نادەن، یەکگرتوو بەراورد بە پارتە ئیسلامییەکانی دیکە پارتێکی کارایە لە بواری میدیایی و هونەری، دەبوو پڕۆژەی زۆر گەورەتر بۆ هونەرمەندان بکات. خۆم یەکێکم لەوانەی چەندین ساڵ خزمەتم کردوون و مارشی حیزبەکەش ئاواز و گوتنی منە، چاوەڕێم دەکرد هێندە خزمەتم بکەن پێویستم بە دانانی کۆمپانیای ڕێکلام نەبێ بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانم، بەڵکو تەنیا خزمەتی هونەری ئاینیم بکردایە. نەک هەر

## یەکگرتوو تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا منی بیردەکەوێتەوە

یەکگرتوو، هەموو پارتە ئیسلامییەکان هونەری ئاینییان پشتگوێ خستووە، بۆیە هونەرمەندانی ئاینی گلەییان هەیە و لێیان دوورکەوتوونەتەوە.

**ڕووداو: دەگوترێت تائێستاش بۆ هەر بۆنەیەکی یەکگرتوو، ئەگەر بە خواستی خۆیشت نەبێت، هەر دەبێت بەشداری بکەیت؟**

**مەروان:** بەداخەوە یەکگرتوو لە کاتی بۆنەکاندا و بەتایبەتیش لە کاتی هەڵبژاردنەکان منیان بیر دەکەوێتەوە، من شانازی دەکەم بە بەشداریکردن و هاندانی خەڵک بۆ پڕۆژەی ئیسلامی، بەڵام بۆ بەشداریکردنم لە بۆنەکانیان ناچار نەکراوم، بەڵکو وەک ئەوەیە لە خێزانێکدا گەورە بیت و ئەگەر ڕەخنەشت لێی هەبێت، بەڵام لە کاتی پێویستیدا پشتی دەگریت، منیش ئەوان بە پشتی خۆم دەزانم و لەو حاڵەتانەدا هەمیشە لەگەڵیان بووم.

## هونەرمەندانی ئاینی پاشەکشەیان کردووە

## یەکەم بەرهەمم لە کەناڵێکی یەکێتی بڵاوکردەوە

**ڕووداو: هەفتەی ڕابردوو د.هۆشیار ئیسماعیل لە شاری هەولێر تیرۆر کرا کە ئەندامێکی ناسراوی یەکگرتوو بوو، بەنیاز نیت بەرهەمێکی بۆ تۆمار بکەیت؟**

**مەروان:** حەز دەکەم سروود بۆ شەهید بە گشتی بڵێم و لە پڕۆژەشمدایە، بەڵام جگە لە خوا و پێغەمبەران و چوار خەلیفەی ڕاشیدین و پەیامی مرۆڤایەتی، گۆرانی بۆ شەخس ناڵێم.

**ڕووداو: دەگوترێت دڵت زۆر ناسکە، ئەگەر کەسێک کارێکت بۆ نەکات بۆ ماوەیەک لێی زویر دەبیت؟**

**مەروان:** بەڵێ وایە، هەستیاریشم، ئەوەش پەیوەندی بە مەسەلەی سۆزی ناخمەوە هەیە کە زۆربەی هونەرمەندانیش بەو شێوەیەن، چونکە کاتێک دەتوانم بەرهەمێک بگەیەنمە بەرامبەر کە بە هەست و سۆزەوە گوتبێتم.

**ڕووداو: لە دەستدانی دایکت چی لە ژیانت گۆڕی؟**

**مەروان:** لەدەستدانی دایکم زۆر قورس بوو لەبەرئەوەی زۆر هۆگری بووم، بۆیە دوای ئەو، وازم لە هەندێک ڕەنگی جلوبەرگیش هێنا.


Family Mall
Shopping & Entertainment Center
Erbil
Family Mall
Carrefour
EMPIRE CINEMA
KFC sogood
LC WAIKIKI
Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLk
powder
حليب



## ئامۆژنی خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- خانەقین**

لە ناحیەی جەلەولا ژنێکی تەمەن 45 ساڵ لەلایەن برازای مێردەکەیەوە کوژراوە و بکوژیش دەستگیرکراوە. ڕووداوەکە شەوی 2016/11/21 ڕوویداوە. عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو ژنە خاوەنی پێنج منداڵ بووە و لەلایەن برازای مێردەکەیەوە بە گوللەیەک کوژراوە. بەپێی گوتەی کەسوکاریشی، بکوژ لە کاتی پاککردنەوەی چەکدا فیشەکی لەدەست دەرچووە، نەک بەمەبەست کوشتبێتی. تۆمەتبارەکەش بەپێی ماددەی 405 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە کوشتنی هەڵە دەستگیرکراوە، بەڵام کەسوکاری سکاڵایان تۆمار نەکردووە".

# لەلایەن مێردەکەیەوە دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

گوڵاڵە بەنیاز بوو لەگەڵ براکەی سەردانی ناوەندی کۆمەڵایەتیی یەکێتی بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان، بێ ئاگا لەوەی کە مێردەکەی بۆسەی بۆ ناوەتەوە و چاودێریی دەکات. هەر لەگەڵ هاتنە دەرەوەی لە دەرگای ماڵی باوکی، لەلایەن مێردەکەیەوە درایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوژرا.

سەر لەبەیانی ڕۆژی 2016/11/20 ژنێکی تەمەن 46 ساڵ، لەبەردەم ماڵی باوکیدا لە گەڕەکی هەواری تازەی شاری سلێمانی، لەلایەن مێردەکەیەوە بەناوی (س.ر) کە تەمەنی 37 ساڵە، تەقەی لێکرا و لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو. گوڵاڵە 13 ساڵ بوو لەگەڵ (س) پێکەوە دەژیان و خاوەنی سێ منداڵ بوون.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو ژنە کێشەی لەگەڵ مێردەکەی هەبووە، ویستوویەتی لێی جیاببێتەوە. ژنەکە لە ماڵی باوکی بووە، مێردەکەی چاودێریی کردووە و هەر کە لە ماڵی باوکی هاتووەتە دەرەوە دەستڕێژی لێکردووە و کوشتوویەتی".

دوای ڕووداوەکە تیمەکانی بەڵگەی تاوان گەیشتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە. دادوەری لێکۆڵینەوە بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ مێردی ژنەکە دەرکردووە، بەڵام تائێستا دەستگیر نەکراوە.



ئاری محەممەد، برای گوڵاڵە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو ژن و پیاوە ماوەیەکی درێژ بوو کێشەیان هەبوو، چەندین جار خزم و کەسوکار کەوتوونەتە نێوانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان، بەڵام زۆری نەبردووە دووبارە کێشەکانیان سەری هەڵداوەتەوە.

سەبارەت بە کێشەی نێوان گوڵاڵە و مێردەکەی، ئاری گوتی "زاواکەم دڵی لە خوشکەکەم پیس بوو، نەیدەهێشت هاتوچۆی کەس بکات بە کەسوکاری خۆیشیەوە. دوو ساڵ لەمەوبەر لای پۆلیس سکاڵامان لەسەر مێردەکەی تۆمار کرد و نزیکەی بیست ڕۆژیش دەستگیرکرا، بەڵام سوودی نەبوو".

کێشەی گوڵاڵە و مێردەکەی بە دەستگیرکردنی مێردەکەی چارەسەر نەبووە، بۆیە کەسوکاری گوڵاڵە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو پەنایان بۆ ناوەندی کۆمەڵایەتیی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی بردووە. ئاری گوتی "ساڵی ڕابردوو چووینە ناوەندی کۆمەڵایەتی، لەوێ ڕێککەوتین و بەڵێننامەیان بە مێردی خوشکەکەم پڕکردەوە کە هەڵسوکەوتی بەرامبەر ژنەکەی باش بکات".

بەگوتەی ئاری، گوڵاڵە هەفتەیەک پێش کوژرانی، ماڵی جێهێشتووە و خۆی گەیاندووەتە ماڵی پووری کە لە نزیک ماڵیان بووە. ئاری گوتی "شەوی پێشتر، گوڵاڵە لەلایەن مێردەکەیەوە ئەشکەنجە درابوو، بەیانییەکەی ڕایکردووە بۆ ماڵی دراوسێیەکیان، ئەویش بە ئۆتۆمبێل گەیاندبوویە ماڵی پوورم".

ئاری بەنیازبووە ئەو ڕۆژە لەگەڵ خوشکەکەی بچن سەردانی مەکتەبی کۆمەڵایەتیی یەکێتی بکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گوڵاڵە و مێردەکەی، بەڵام نەیانزانیبوو لەژێر چاودێریدان.

ئاری گوتی "کاژێر 10ی بەیانی ڕۆژی 2016/11/20 ویستمان بڕۆین بۆ ناوەندی کۆمەڵایەتی یەکێتی، لە ناکاو زاواکەمان لە بەردەممان ڕاوەستا و تەقەی لێکردین و خوشکەکەمی کوشت. خوشکەزایەکیشی لەگەڵدا بوو لە دواوە چاودێریی دەکردین، ئەو ئێستا دەستبەسەرە، بەڵام مێردی گوڵاڵە نەگیراوە".

ئاری گوتی خوشکەکەی چەند جارێک هەوڵی داوە لە مێردەکەی جیاببێتەوە، بەڵام هەموو جارێک هاوژینەکەی پەشیمانی کردووەتەوە و بەڵێنی پێداوە هەڵسوکەوتی بەرامبەری باش بکات.

ڕائید هیوا کەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی و بەرپرسی نووسینگەی ڕۆژئاوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، مێردی گوڵاڵە کاژێر هەشتی شەوی 2016/11/19 هاتووەتە نووسینگەکەیان و سکاڵای لە دژی برای گوڵاڵە تۆمار کردووە، بە تۆمەتی ئەوەی ناهێڵێت خوشکەکەی بگەڕێتەوە ماڵی خۆی. مێردەکەی لە سکاڵاکەیدا گوتوویەتی هیچ کێشەی لەگەڵ خێزانەکەیدا نییە، بەڵام براکەی کێشەیان بۆ دروست دەکات".

بەڵام ئاری تۆمەتی زاواکەیانی ڕەتکردەوە و گوتی "ئەو قسەیەی زاواکەمان ڕاست نییە، لەبەرئەوەی شایەتم هەیە خوشکەکەم خۆی ڕایکردووە بۆ ماڵی پوورم، من لەسەر کار بووم کە ماڵی پوورم پەیوەندییان پێوە کردم و ڕۆیشتم بە شوێنیدا و هێنامەوە ماڵی باوکم".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژیی دژی ژنان، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە سنووری پارێزگای سلێمانی سێ ژن کوژراون. ڕائید هیوا گوتی "تائێستا دۆسیەی کوشتنی ئەو ژنە لای پۆلیسە، بەڵام ئەگەر دواتر دادوەر بڕیار بدات بە گواستنەوەی دۆسیەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، ئێمە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەین".

## هەفتەی ژنانە لە کوردستان

# لە پێنج ساڵی ڕابردوودا
# 25 هەزار حاڵەتی توندوتیژی لەدژی ژنان تۆمار کراون

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو — سلێمانی**

ئامارەکان دەریدەخەن کە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە کوردستان، بەرهەمدار نەبوون و ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبینیوە لە کەمکردنەوەی ئەو توندوتیژییە، چونکە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 25 هەزار حاڵەتی توندوتیژی لە دژی ژنان تۆمار کراون.

ڕۆژی یەکشەممە، 27ی نۆڤەمبەری 2016، چالاکییەکانی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای خانمان و چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی پەیوەندیدار و ڕێکخراوە نێوخۆییەکان لە شاری دهۆک دەستی پێکرد و تاوەکو 2016/12/11 بەردەوام بێت.

ماوەی حەوت ساڵە هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە 25ی نۆڤەمبەردا بەڕێوەدەچێ، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی پشووی هەینی و شەممەوە خرایە 27ی نۆڤەمبەر.

چالاکڤانان بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی بەڕێوەچوونی ئەو چالاکییە هەیە و هەندێکیان پێیانوایە تەنیا ڕۆتینە. ژنانیش لە بایەخی چالاکییەکە کەم دەکەنەوە و دەڵێن تەنیا بۆ وێنەگرتنە.

**جێگری بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان:**

### هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، بووەتە کارێکی ڕۆتین

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە ئەو چالاکییە بەڕێوەدەچێ، ئامارەکانی توندوتیژیی دژی ژنان گۆڕانکاری ئەرێنییان بەسەردا نەهاتووە.

بەپێی ئەو ئامارانەی لە ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە ساڵی 2008 تاوەکو 2015 بڵاوکراونەتەوە، جگە لە ساڵانی 2010 و 2011، ئامارەکان بەردەوام ڕوویان لە هەڵکشان بووە.

بۆ نموونە لە ساڵی 2009 تەنیا 128 حاڵەتی توندوتیژیی دژی ژنان لە شارەکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی و گەرمیان تۆمار کراون، بەڵام ساڵی 2012 ژمارەکە بۆ 4645 حاڵەت زیادی کردووە. ساڵی 2013 بۆ 5308 حاڵەت زیادی کردووە، هەروەها لە ساڵی 2014دا 7193 حاڵەتی توندوتیژی و ساڵی ڕابردووش 8000 حاڵەت تۆمار کراوە.

ئاری ڕەفیق، جێگری بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، ئاماژە بەو هۆکارەکانی زیادبوونی توندوتیژی دژی ژنان دەکات و دەڵێت "دامەزراوەکانی حکومەت و پەرلەمان و ڕێکخراوەکان کە ئیش لەسەر پرسی ژن دەکەن، ئاگایان لە یەکدی نییە، هەریەک لەو دەزگایانە ئیش لەسەر پرسی ڕۆژ دەکەن و بیر ناکەینەوە لەوەی بەپێی پلانێکی تۆکمەی هەمەلایەن پێشبینی ساڵی داهاتوو بۆ کەمبوونەوەی توندوتیژییەکان بکەین، بۆیە توندوتیژی بەلامانەوە بووەتە حاڵەتێکی ئاسایی".

بەبڕوای ئاری، هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی توندوتیژی نەبووە. ئاری گوتی "ئەو هەفتەیە بووەتە کارێکی ڕۆتین".

بەڵام پەروین حەسەن، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای خانمان کە ئەندامی لیژنەی چالاکییەکانی هەفتە یادەکەشە، ڕەتیکردەوە چالاکییەکان ڕۆتینی بن و بە (ڕووداو)ی گوت "نەخێر تەنیا ڕۆتین نییە. ئەو هەفتەیە بۆ پێداچوونەوەیە بە کارەکانماندا".

پەروین پێیوایە هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئامانجی خۆی پێکاوە "بەدڵنیاییەوە کاریگەری هەیە، بەڵام نەک 100%، چونکە کارەکانمان بەردەوامە و ڕەنگە کاریگەرییەکەش ڕێژەیی بێت".

سەیوان ڕۆستەم، بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی ژنانی کوردستان پێیوایە توندوتیژی بە یادکردنەوە و هەفتەیەک چالاکی کۆتایی نایەت، بەڵام ئەو هەفتەیە بۆ یەکخستنی هەوڵەکانە لە دژی توندوتیژی و بیرخستنەوەیەکی جیهانییە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی.

ساڵانە چەندین ژن بەتایبەتی لە گەڕەک و ناوچە هەژارنشینەکان پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، یان دەکوژرێن. لە بەرامبەریشدا کۆنفرانس و هەفتە چالاکییەکان لە هوتێلە پێنج ئەستێرەییەکان بەردەوامن، ئەوەش بووەتە جێی ڕەخنە.

حەیات مەجید، بڕیاردەری لیژنەی کاروباری ژنان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت "باشتر وایە لە هەفتە چالاکییەکاندا کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ مافەکانی ژنان لەڕووی یاساییەوە تەنیا بۆ نوخبەی ئافرەتان نەبێت، بەڵکو ئەو چالاکییانە بۆ ئافرەتانی ناحیە و قەزا و گەڕەکەکان شۆڕ ببنەوە".

### تەنیا بۆ فەیسبووکە

ژنە فەرمانبەرێک لە گرنگیی چالاکییەکانی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان کەم دەکاتەوە و پێیوایە تەنیا بۆ خۆدەرخستنی چالاکڤانانە.
تریفە ئەبوبەکر، 32 ساڵ کە فەرمانبەری فەرمانگەیەکی شاری سلێمانییە، بە (ڕووداو)ی گوت " هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، نەک ئەنجامی باشی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی نەبووە، بەڵکو کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی توندوتیژیش نەبووە. ئەو هەفتە چالاکییە تەنیا بۆ ئەوەیە چالاکڤانانی ژنان وێنەی تێدا بگرن و لە فەیسبووک بڵاوی بکەنەوە".

# بە دەمانچەی براکەی، خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- سلێمانی**



منداڵە دوو مانگییەکەی کوێستان، بەبێ نازی دایکی گەورە دەبێ. دوای لەدایکبوونی منداڵەکەی، خەمۆکییەک بەرۆکی کوێستانی گرت، بەجۆرێک چارەسەری پزیشکی فریای نەکەوت و لە ماڵی براکەیدا بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی 2016/11/19 ژنێکی تەمەن 39 ساڵ بە ناوی (کوێستان. ئا) دانیشتووی شاری سلێمانی کە دایکی دوو منداڵ بوو، لە ماڵی براکەیدا بە دەمانچەی براکەی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ژنە بە سەردان گەڕاوەتەوە ماڵی باوکی، ماڵی برایەکیشی لە نهۆمی دووەمی هەمان خانوو دەژین، براکەشی پۆلیسە، ئەو ژنە چووەتە ماڵی براکەی و فرسەتی لە دەمانچەی براکەی هێناوە و گوللەیەکی لەنێو دەمی خۆی داوە، بەر لەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی دەرچووە.

سەبارەت بە هۆکاری خۆکوشتنەکەشی نەقیب سەرکەوت گوتی "لە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا کە قسە لەگەڵ باوکی و کەسوکاری کراوە، ئەو ژنە چەند ڕۆژێک بووە گەڕاوەتەوە ماڵی باوکی، لەوێ هەستیان پێکردووە کە باری دەروونیی زۆر باش نییە".

دراوسێیەکی ماڵی کوێستان هۆکاری تێکچوونی باری دەروونیی ئەو ژنەی ئاشکرا کرد و گوتی "نزیکەی ساڵێکە کوێستان دراوسێمانە، هیچ کێشەی نەبوو، ژنێکی تا بڵێی بێدەنگ بوو، بەڵام دوو مانگ لەمەوبەر منداڵی دووەمی بوو، دوای ئەوە جۆرێک لە بێتاقەتی و خەمۆکی پێوە دیار بوو".

ئەو دراوسێیەیان کە بەشداری لە پرسەی کوێستاندا کردووە، قسەی نێو پرسەی ژنان باس دەکات کە لەبارەی خۆکوشتنی کوێستانەوە کراون "خزم و کەسەکەی لە پرسەکەیدا دەیانگوت، 20 ڕۆژ دوای منداڵبوونەکەی، باری دەروونیی تێکچووە. دوو ڕۆژ پێش ئەوەی خۆی بکوژێ، مێردەکەی، کوێستانی بردووەتەوە بۆ ماڵی باوکی و پێیگوتوون چەند ڕۆژێکە باسی خۆکوشتن دەکات".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، حەوت ژن لە سنووری پارێزگای سلێمانی خۆیان کوشتووە.

دراوسێیەکی دیکەی ماڵی کوێستان کە دوای پرسەکەی چووەتە ماڵیان، بە (ڕووداو)ی گوت "لەوێ دەیانگوت پێشتر کوێستان چەند جارێک گوتوویەتی هەست دەکات شتێک لەسەر سنگی دروست بووە و دەمرێت، بە خەسووشی گوتووە دوای خۆی ئاگای لە منداڵەکانی بێت. کەسوکاری کاتێک هەستیان کردووە باری دەروونی خراپ بووە و باسی خۆکوشتنی کردووە، بردوویانەتە لای پزیشک".

### خەمۆکیی زەیستانی چییە؟

پزیشکێکی پسپۆڕی دەروونی دەڵێت هەندێک لە ژنان بەهۆی منداڵبوونەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبن.

د.ڕێبوار غەریب بە (ڕووداو)ی گوت "هەندێک لە ژنان دوای منداڵبوون تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبن، هەندێکجار نەخۆشییەکە سووکە و تەنیا بە دڵدانەوە چارەسەر دەبێ. حاڵەتێکیان پێیدەگوترێ (خەمۆکی زەیستانی) ئەوەیان پێویستی بە چارەسەری پزیشکی و هەندێجار داخڵبوونی نەخۆشخانەش هەیە. حاڵەتێکیشیان زۆر قورسە، نەخۆشەکە تووشی گرفتی دەروونیی گەورە دەبێت، بۆی هەیە ئازاری خۆی و منداڵەکەشی بدات. ژنەکە بەهۆی خەمۆکیی زۆرەوە ئەوەندە لە ژیان بێزار دەبێت، بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە. ئەو حاڵەتە دەبێ لە نەخۆشخانە بخەوێنرێ".

ڕووداو
ژمارە ( 434 ) - دووشەممە 2016/11/28



## لە باخەکەیدا بە کوژراوی دۆزرایەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

هاووڵاتییەک بە کوژراوی لەنێو باخەکەی خۆی، لە ناوچەی قەرەداخی شاری سلێمانی دۆزرایەوە. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی کە کۆپییەکی بۆ (ڕووداو) نێردراوە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 2016/11/26 هاووڵاتییەک بەنێوی (ن، ع، ک) تەمەن 38 ساڵ، لەباخەکەی خۆی لەناوچەی قەرەداغ گیانی لەدەستداوە و دوای گەیشتنی مەفرەزەکانی پۆلیس و بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان پێدەچێت ڕووداوەکە ئەو کەسە خۆی کوشتبێ. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە "لەلایەن پۆلیسەوە دەست بەسەر ئەو دەمانچەیەدا گیراوە کە کردەوەکەی پێ ئەنجامدراوە و پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە".

# باوکی پێنج منداڵ خۆی دەخنکێنێ



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

لە ماڵەکەی خۆیدا بە پەت خۆی دەخنکێنێ و کەسوکارەکەی دەڵێن نازانن بۆچی خۆی خنکاندووە. پێشتر لەلای هاوڕێیەکی خۆی گوتبووی کە هەرچەندە سێ ئیش دەکات، بەڵام فریای بەخێوکردنی خێزانەکەی ناکەوێت.

بارزان غازی، تەمەن 33 ساڵ، ڕۆژی 2016/11/19 لە ماڵی خۆیدا لە گەڕەکی شادی لە شاری هەولێر، خۆی خنکاند. بارزان دوو ژن و پێنج منداڵی هەبوو، ژنی یەکەمی لە گوندی زیارەتی سەر بە شارۆچکەی شەقڵاوە نیشتەجێیە کە زێدی لەدایکبوونی خۆیەتی. ژنی دووەمیشی لەنێو هەولێر دەژیا. بارزان پێشتر لە گوندەکەی خۆیان بانگبێژ بووە، نزیکەی ساڵێک بوو ڕاژەکەی گواستبووەوە مزگەوتی حاجی بەکری زێڕنگەر لە گەڕەکی ئیسکانی شاری هەولێر.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو کەسە بانگبێژ بووە و لە ماڵی خەزووریدا خۆی خنکاندووە، بەڵام تائێستا هۆکارەکەی نازانن و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە.

دانیشتوویەکی گەڕەکی ئیسکان کە هاتوچۆی مزگەوتی حاجی بەکر دەکات، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بارزان زیاتر لە ساڵێک بوو لەو مزگەوتە بانگبێژ بوو. پێشتر داوای لە مامۆستای مزگەوتەکە کردبوو ئەگەر خانوویان هەیە دەیەوێت تێیدا نیشتەجێ ببێت، بەڵام مامۆستاکە پێیگوتووە مزگەوت دوو خانووی هەیە، یەکێکیان خۆی تێدایە و ئەوەی دیکەش خزمەتگوزارەکە.

ئەو کەسە گوتی "دوای ڕووداوەکە لە نێو ئەهلی مزگەوت وا بڵاوکراوەتەوە کە بەهۆی خراپیی باری داراییەوە خۆی خنکاندووە. بارزان پێشتر تاکسیی هەبوو، ماوەیەک لەمەوبەر تاکسییەکەی فرۆشتبوو بۆ ئەوەی خانووی پێ دروست بکات".

حەمید جەبار، ئامۆزای بارزان، دوو ڕۆژ دوای ڕووداوەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا ئەوەندەی بزانین بارزان کێشەی نەبووە و نازانین بۆچی خۆی خنکاندووە، پێناچێ هۆکاری دارایی لە پشت خۆخنکاندنەکەیەوە هەبێ، چونکە باری دارایی باش بوو، نانەوا بوو، دوکانێکی فرۆشتنی مریشکی هەبوو، هەروەها لەسەر میلاکی وەزارەتی ئەوقاف بانگبێژ بوو".

بە گوتەی حەمید، ڕۆژی ڕووداوەکە بارزان لە ماڵی خۆیان لە نهۆمی دووەم خەوتووە و ژنەکەشی چووەتە خوارەوە بۆ ماڵی باوکی. دواتر کاتێک ژنەکەی چووە خەبەری بکاتەوە، بینیویەتی خۆی خنکاندووە.

هەرچەندە ئامۆزاکەی دەڵێت گوزەرانی بارزان باش بووە، بەڵام هاوڕێیەکی دەڵێت ئەو پیاوە سێ ئیشی دەکرد، بەڵام دەیگوت لەبەرئەوەی دوو ژنی هەیە و خانووی نییە، فریای بەخێوکردنیان ناکەوێت.



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## سێڵفییەک هەرا دەنێتەوە

ئافرەتێک سەردانی کردین، عەریزەیەک و وێنەیەکی سێڵفیی مێردەکەی بەدەستەوە گرتبوو کە لەگەڵ ژنێک گرتبووی، دەیگوت مێردەکەم ژنی بەسەرهێناوم و دەمەوێ سکاڵای لەسەر تۆمار بکەم.

کاتێک لێمان پرسی، چۆن دەیسەلمێنی کە مێردەکەت ژنی بەسەر هێناوی؟ گوتی فەرموون سەیری ئەو وێنەیە بکەن، باشە ئەگەر ژنی نەبێت، چۆن سێڵفی پێکەوە دەگرن؟

بەڵام ئەوە بەڵگە نییە کە بیسەلمێنێ ئەوانە ژن و مێردن. ژنەکە گوتی دوو شایەتم هەن شایەتیم بۆ دەدەن کە ئەوان ئەو ژن و پیاوەیان پێکەوە بینیوە، بەڵام نایانەوێ بە ئاشکرا شایەتی بدەن، بەڵکو دەیانەوێ بە نهێنی بێت. دادگا بڕیاری دا هەردوو شایەتەکان لە پێنووسی دادگا ناویان لە تۆماری نهێنی بنووسرێت و گوتەیان لێ وەربگیرێت.

گوتەی هەردوو شایەتەکە وەرگیرا، هەردووکیان گوتیان ڕاستە ئێمە ئەو کوڕ و کچەمان بەیەکەوە بینیوە، بەڵام نازانین ژن و مێردن یان نا. نازانین گرێبەستی هاوسەرگیرییان هەیە یان نا. ئێمە ئەو دووەمان بەیەکەوە لە شوێنێکی گشتی بینیوە.

گوتەی دوو شایەتەکەش نەیسەلماند کە ئەوانە ژن و مێردن، بۆیە دادگا لەسەر داوای ژنەکە بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ هاوژینەکەی دەرکرد. کاتێک پیاوەکە هێنرایە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە و بابەتەکەی بۆ ڕوونکرایەوە و وێنەکەی پێ نیشاندرا، پیاوەکە بە بینینی وێنەکە تووشی شۆک بوو، گوتی ئەوە ژنی هاوڕێیەکمە بە یەکەوە لە کۆمپانیایەک کار دەکەین، هەر بۆ خۆشی ئەو سێڵفییەمان گرتووە، ئەگینا ئێمە وەکو خوشک و براین و هیچ شتێک لە نێوانماندا نییە، من چۆن خیانەت لە هاوژینەکەم و هاوڕێکەم دەکەم. پیاوەکە گوتی ئەگەر حەز دەکەن بانگی ژنەکە دەکەم و خۆتان قسەی لەگەڵ بکەن. کاتێک ژنەکە هێنرایە بەردەم دادوەر و سەیری ناسنامەکەی کرا، دەرکەوت ناوی پیاوێکی دیکە لەسەر ناسنامەکەیەتی. ئەویش بەهەمانشێوە ڕەتیکردەوە هیچ شتێک لە نێوانیاندا هەبێت و گوتی من و مێردەکەم و ئەو پیاوە بەیەکەوە کار دەکەین، بە یەکەوە دەردەچین و زۆرجاریش بە یەکەوە وێنە دەگرین، ئێمە وەکو هاوڕێ مامەڵە لەگەڵ یەکدی دەکەین و وێنەگرتنیشمان بە شتێکی ئاسایی زانیوە.

دادگا بۆی ڕوون بووەوە کەوا هیچ بەڵگەیەک یان گرێبەستێک یان شایەتێک نییە بیسەلمێنێ ئەو پیاوە ژنی دووەمی هێناوە، بۆیە دادگا بڕیاری دا پیاوەکە ئازاد بکات و پەڕاوی دۆسیەکەش دابخات.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگە، کێشەی زۆری لەو جۆرەی بەدوای خۆیدا هێناوە. بۆیە دەبێ ژنان و پیاوان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشانە بکەن و بە وێنەیەک یان پیاسەیەکی هاوڕێیانە یان دانیشتنێکی هاوڕێیانە نەکەونە گومانکردن لە یەکدی.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی کوشت

**ڕووداو- هەولێر**

هێشتا هیلاکیی کارکردن لە جەستەی خۆی و منداڵەکانی دەرنەچووبوو، کاتێک فارس بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، بەڵام کەسوکارەکەی دەڵێن هەتا ئێستا یەکلایی نەبوونەتەوە لەسەر ئەوەی بە ئەنقەست خۆی کوشتووە، یان گوللەی لەدەست دەرچووە.

ئەو ڕووداوەکە سەرلەبەیانی ڕۆژی 2016/11/18 لە گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر ڕوویدا. فارس عەلی، لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی کوشت. ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو ڕووداوە کراوەتەوە و ئێستاش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەین لەوەی خۆی کوشتووە یان کوژراوە".

دوای خۆکوشتنی ئەو پیاوە، چەند دەنگۆیەک لەبارەی هۆکاری خۆکوشتنی لەنێو خەڵکدا بڵاوبوونەوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ڕووداوەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت ئەو پیاوە خۆی کوشتووە.

لەبارەی هۆکاری خۆکوشتنەکەشی وەک سەرچاوەکە گوتی، سێ گێڕانەوە هەن "هەندێک دەڵێن باری دەروونیی خراپ بووە، بۆیە خۆی کوشتووە. قسەیەکیش هەیە گوایە لە داخی منداڵەکانی خۆی کوشتووە، چونکە بە قسەیان نەکردووە. هەروەها دەڵێن بەنیاز بووە ژنێکی دیکە بێنێ، بەڵام ژنەکەی و منداڵەکانی ڕێگەیان پێ نەداوە".

بەڵام کەریم عەلی، هەموو ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە و گوتی ڕاستە براکەی، خۆی کوشتووە، بەڵام نازانن گوللەی لەدەست دەرچووە، یان بە ئەنقەست خۆی کوشتووە.

کەریم باسی ژیانی براکەی کرد و گوتی "براکەم باری ئابووریی باش نەبوو، نزیکەی 15 ساڵە لە خانوویەکی بێ تاپۆدا دەژین، خانووەکەیان زۆر کۆن بوو، دەیانویست نۆژەنی بکەنەوە، بەڵام شارەوانی ڕێگەی پێنەدەدان".

بە گوتەی کەریم، براکەی بە نهێنی و دوور لە چاوی تیمەکانی شارەوانی و پۆلیس بەشەو دەستی بە نۆژەنکردنەوەی خانووەکەی کردبوو، بەڵام بۆ بەیانییەکەی خۆی کوشت.

کەریم گوتی "شەوی پێش ڕووداوەکە لە کاژێر 10ی شەو تاوەکو نزیکەی دووی بەیانی لەگەڵیاندا بووم، منداڵەکانیشی تاوەکو نزیکەی پێنجی بەرەبەیان خەریکی کارکردن بوون، دواتر خەوتوون، بەڵام بەیانی بە دەنگی تەقەی خۆکوشتنی براکەم خەبەریان بووەتەوە".

فارس گوللەیەکی لە سەری خۆی داوە، کەریم دەڵێت "فارس دوای گوللەکە یەکسەر بێهۆش بووبوو، توانای قسەکردنی نەمابوو تاوەکو لێی بپرسین ڕووداوەکە چۆن بووە".

کەریم سەبارەت بەوەی کە دەگوترێ لە داخی منداڵەکانی خۆی کوشتووە، گوتی "ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە، چونکە شەوی پێش ڕووداوەکە منداڵەکان کاریان بۆ باوکیان دەکرد، هیچ کێشەیان نەبوو".

ئەو ئەگەرەش بەدوور دەزانێ کە براکەی بەنیاز بووبێ ژنی دووەم بهێنێ و گوتی "براکەم باری دارایی ئەوەندە باش نەبوو تاوەکو ژنی دووەم بهێنێ، بۆیە ئەو قسانەی لەبارەی خۆکوشتنەکەی دەگوترێن هیچیان ڕاست نین".



# بە خۆشەویستەکەی نەگەیشت و خۆی کوشت



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو — کەرکووک**

پەیوەندیی نێوان گۆران و خۆشەویستەکەی بۆ بنیاتنانی ژیانێک بوو کە لە ئایندەدا لە سایەیدا بحەسێنەوە، بەڵام کەسوکاری کچەکە گۆرانیان نائومێد کرد و ئەویش کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

گۆران سێ ساڵ بوو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێک هەبوو، لەو ماوەیەشدا سێ جار خوازبێنی کرد، بەڵام کەسوکاری کچەکە ڕازی نەبوون شوو بە گۆران بکات. لەلای گۆران ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی وەکو کۆتایی دونیا بوو، بۆیە کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

(گۆران.م) تەمەن 19 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکێکی شاری کەرکووک بوو. خوێندنی پێ تەواو نەکرا و بوو بە پێشمەرگە. ڕۆژی 2016/11/21 لە ماڵی خۆیاندا بە سێ گوللە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی عروبە کە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکەن، بە (ڕووداو)ی گوت کە "ئەو گەنجە بە چەکەکەی خۆی سێ گوللەی لەخۆی داوە. بە قسەی کەسوکاریشی چەند جارێک چووەتە خوازبێنی کچێک، بەڵام نەیانداوەتێ و ئەویش لەبەر ئەوە خۆی کوشتووە".

چەند ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە، (ڕووداو) هەوڵی دا ڕای کەسوکاری وەربگرێت، بەڵام ئامادە نەبوون قسە بکەن.

هاوڕێیەکی گۆران کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، قسەکەی پۆلیسی پشتڕاست کردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "هۆکاری خۆکوشتنەکەی تەنیا بۆ خۆشویستنی ئەو کچە دەگەڕێتەوە کە نزیکەی سێ ساڵ بوو پەیوەندییان هەبوو".

ئەو هاوڕێیەی گوتیشی "وەکو بزانم ئەمساڵ سێ جار چووە خوازبێنی و نەیاندایە، بەڵام نازانم دوایین خوازبێنییەکەی چ کاتێک بوو، وەکو ئاگاداریشم گۆران و کچەکە یەکدییان زۆر خۆشدەویست".

وەکو هاوڕێکەی ئاماژەی بۆ کرد، ماڵی باوکی کچەکە گۆرانیان لەو خوازبێنییە نائومێد کردبوو، ئەویش زۆر پێی بێتاقەت ببوو "چەندین جار ڕێنماییم کرد کە لەو مەسەلەیەدا پەلە نەکات، هەوڵ بدات بە هەر شێوەیەک بێ قەناعەت بە کەسوکاری کچەکە بهێنێ، گوتم ئەگەر ئەمڕۆش کچەکەت نەدەنێ ڕەنگە بەیانی بێنە قەناعەت و ڕازی ببن".

بە قسەی ئەو هاوڕێیەی، گۆران دوای ئەوەی بێئومێد بووە، لای ماڵی باوکی باسی خۆکوشتنی کردووە و گوتی "پێشتر لای کەسوکاری گوتبووی ئەگەر بەو هیوایەی نەگات خۆی دەکوژێ، بەڵام لای من باسی خۆکوشتنی نەدەکرد، شەوی پێش ڕووداوەکە بەیەکەوە بووین و زۆر ئاسایی بوو، باسی خۆکوشتنی نەکرد، بێتاقەتیش دیار نەبوو".

## بەرگەی نەگرتووە

توێژەرێکی کۆمەڵایەتی دەڵێت ڕێی تێدەچێ ئەو گەنجە بەهۆی نائومێدکردنییەوە خۆی کوشتبێ.

ئەحمەد عەبدوڵڵا، توێژەری کۆمەڵایەتی لە شاری کەرکووک دەڵێت "20%ی حاڵەتەکانی خۆکوشتن پەیوەندییان بە خەمۆکییەوە هەیە. ئەو گەنجەش چەند جارێک چووەتە داوای ئەو کچە، کە نەیانداوەتێ بێ ئومێد بووە و بەهۆی ئەوەش کە تەمەنی زۆر نەبووە، نەیتوانیوە بەرگەی ئەو خەفەتە بگرێت و خۆی کوشتووە".

### غەیرە جیهادییەکان ژمارەیان لە جیهادییەکان زیاترە

# 200 هەزار چەکدار شەڕ لە دژی ئەسەد دەکەن

ڕووداو – هەولێر

فابریس بالانش، توێژەر لە پەیمانگەی واشنتن، لە ڕاپۆرتێکدا تیشک دەخاتە سەر گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا. ژمارە، ئایدیۆلۆژیا و ئامانجی گرووپەکان دەخاتەڕوو، هەروەها ئەو پرسیارەش دەکات کە ئایا ئۆپۆزیسیۆنی سێکولاری سووریا توانای ئەوەی ماوە ڕەوشەکە لە ژێر کۆنترۆڵی گرووپە توندڕەوەکان دەربکات؟

## یەک شوناسی مەزهەبی و دەیان ئامانجی سیاسی

درێژبوونەوەی جەنگی نێوخۆی سووریا کە زیاتر لە پێنج ساڵە دەستی پێکردووە، ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری سووریای پارچەپارچە کردووە. بالانش دەڵێت "هێزەکانی سووریای دیموکرات و داعشی لێدەرچێ، هەموو گرووپەکانی دیکە پارچە پارچە بوون"، بۆیە ژمارەی گرووپەکان بەردەوام زۆرتر دەبن. ئەو هاوپەیمانێتیانەی کە ئەو گرووپانە لەخۆدەگرن، لەڕووی پێکهاتە و ناوەوە بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەگەرچی زۆربەی گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا سوننەن، بەڵام نەیانتوانیوە ئەم خاڵە هاوبەشە بگۆڕن بۆ "یەکانگیرییەکی سەربازی و شوناسێکی سیاسی یەکگرتوو لە نێوان خۆیاندا".

## ژمارەی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن

پەیمانگای توێژینەوە لە جەنگ (ISW)، گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریای بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش کردووە، جۆری یەکەم ئەوانەن کە خاوەنی نفوز و دەسەڵاتن. جۆری دووەم ئەوانەن کە دەشێت لە داهاتوودا ببنە خاوەن نفوز و دەسەڵات. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای واشنتن تێکڕای ژمارەی چەکدارانی ئەم گرووپانە 90 هەزار چەکدارە.

جۆری سێیەمی گرووپە چەکدارەکان ئەوانەن کە ژمارەی چەکدارەکانیان لە چەند سەت کەسێک تێپەڕ ناکات و بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ 26 گرووپی لەمجۆرە لە سووریادا هەن کە زۆربەیان "ئایدیۆلۆژیای خۆیان ئاشکرا نەکردووە، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان پەیوەندییان بە ئەلقاعیدەوە هەیە". گرنگترینیشیان بریتین لە جوند ئەلئەقسا، حەرەکەت ئەلفەجر ئەلشام ئەلئیسلامییە، ئیمارەتی قەوقاز لە شام.

جۆرێکی دیکەی گرووپی چەکداریش هەیە کە ژمارەی چەکدارانی هەرکامیان ناگاتە سەت کەس. بەپێی ڕاپۆرتەکەی بالانش ئەم گرووپانە پەیوەندییان بە دابەشبوونی خێڵەکیی هۆزەکانی سووریاوە هەیە "ئامانجی سەرەکییان بەرگریکردن لە گوند یان گەڕەکی خۆیانە، بەڵام توانای هێرشکردنیان نییە".

دیاریکردنی ژمارەی تێکڕای چەکدارانی جۆری سێیەم و چوارەم کارێکی ئاسان نییە. بەپێی ڕاپۆرتەکەی بالانش مەزەندەکان لە نێوان 10-60 هەزار چەکداردان. بەم پێیەش ژمارەی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە نێوان 100 — 150 هەزار چەکدارە.

ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای واشنتن ژمارەی هێزەکانی سووریای دیموکرات بە 30 هەزار چەکدار مەزندە دەکات. داعشیش لە سووریا 30 هەزار چەکداری هەیە.




لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەیدا، فابریس بالانش بەراوردێک لە نێوان ژمارەی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن و حکومەتدا دەکات "حکومەتی سووریا خاوەنی 275 هەزار چەکدارە کە 125 هەزاریان سەربازی سوپای سووریان و 150 هەزاریشیان میلیشیاکانی لایەنگری حکومەتن کە 50 هەزاریان چەکداری بیانیی شیعەن (واتە چەکدارانی حیزبوڵڵا، میلیشیا شیعە عێراقییەکان کە لە ئێران مەشقیان پێکراوە، پاکستانی و ئەفغانییەکان. ڕاپۆرتەکە ئاشکراشی دەکات "زۆرینەی هێزە سوورییەکان بۆ بەرگریکردن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەسەد و پاراستنی ڕێگاکانی پەیوەندی دانراون، بۆیەش تەنیا 25%ی ئەو هێزانە بۆ ئەنجامدانی هێرش دانراون".

## گرووپەکان بەپێی ئایدیۆلۆژیا و ئامانجی سیاسییان

بالانش بە گەڕانەوە بۆ ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای توێژینەوەی جەنگ چوار جۆر گرووپ لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا و ئامانجی سیاسی جیادەکاتەوە کە بریتین لە سەلەفییە جیهادییەکان کە ئامانجی پان- نەتەوەییان هەیە. سەلەفییە جیهادییە سوورییەکان، ئیسلامییە سیاسییەکان و سێکولارەکان.

جیاوازیی نێوان سەلەفییە جیهادییە سوورییەکان و ئیسلامییە سیاسییەکان وەکوو جیاوازیی نێوان سەلەفییەکان و ئیخوان موسلیمین وایە. سەبارەت بە سێکولارەکانیش، لێکۆڵەرەکەی پەیمانگای واشنتن پێیوایە دەستەواژەی "سێکولار" زۆر بە سادەیی وەرگیراوە "چونکە زۆربەی ئەو گرووپانەی بە سێکولار دەزانرێن، لە چەکداری سوننەی توندڕەو پێکهاتوون کە ئەسڵەن خوازیاری دروستکردنی حکومەتێکی سێکولار نین".

بەپێی ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای واشنتن، ئەو هێزانەی کە دەتوانن کاریگەری لەسەر دابەشبوونی دەسەڵاتی سووریا دابنێن، 20%یان لەو چەکدارە سەلەفییە جیهادییانە پێکدێن کە ئامانجی پان- نەتەوەییان هەیە (واتە لایەنگرانی قاعیدە)، 31% چەکداری سەلەفیی سوورین، 24%یان لە ئیسلامییە سیاسییەکان و 25%یشیان لە سێکولارەکان پێکدێن. بەڵام ئەگەر ئەو گرووپانەش زیاد بکەین کە توانای دانانی کاریگەری لەسەر دابەشبوونی دەسەڵاتیان نییە، ئەوە سێکولارەکان دەبنە زۆرینە کە بەهۆی ناکۆکی و ململانێی نێوان خۆیانەوە نەیانتوانیوە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبێ.

## بەرە جیاوازەکان و هاوپەیمانییە لەرزۆکەکان

لەم بەشەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێ کە ئۆپۆزیسیۆنی سوننەی سووری خاوەنی فەرماندەییەکی هاوبەش نین، هەر بۆیە هاوپەیمانێتییەکانیان ناوچەیین و پاش تەواوبوونی هەر ئۆپەراسیۆنێک لە ناوچەیەکی دیاریکراو، لە یەکدی جیادەبنەوە.

بەهێزترین هاوپەیمانێتیی گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا جەیشی فەتحە کە لە شوباتی 2015 لەلایەن بەرەی نوسرەوە دروستکرا. ئەم هاوپەیمانییە لە گەشەکردنێکی بەردەوامدایە و بەرەی نوسرە (بەرەی فەتح ئەلشامی ئێستا) بە نیازە لە هەموو بەرەکانی دیکەی گرووپە سوننە توندڕەوەکان هەمان میکانیزمی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی ناوچەیی تاقی بکاتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی فابریس بالانش، بەرەکانی جەنگی ئۆپۆزیسیۆنی چەکدارە سوننە مەزهەبییەکانی سووریا بریتین لەوانەی خوارەوە:

بەرەی باشوور: ئەم بەرەیە لە شوباتی 2014 لە لایەن ناوەندی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی عوممانەوە دامەزراوە. لەسەر وەرەقە نزیک 24 هەزار چەکداری گرووپە سێکولارەکان لەم بەرەیە جێگیرن. ئەم بەرەیە لە پێنج گرووپی لاواز پێکدێ. لە ساڵی 2014 هەوڵی گرتنی بەشێک لە دیمەشق و ساڵی ڕابردووش هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەرعەیان دا، بەڵام هەردوو هەوڵەکەیان شکستی هێنا. ئەو بەرەیە لە ئەیلولی 2015ەوە دژی داعش دەکەن

بەرەی ناوچەی دیمەشق: نزیک 20 هەزار چەکداری ئۆپۆزیسیۆن لە ناوچەی دیمەشق هەن کە نیوەیان لە ڕۆژهەڵاتی غوتا لە ژێر گەمارۆی هێزەکانی حکومەتدان. ئامانجی بەرایی ئەم هێزانە کۆنترۆڵکردنی دیمەشق بوو، بەڵام هەموو هەوڵەکانیان شکستی هێناوە.

بەرەی باکووری ڕۆژئاوا: فۆکەسی سەرەکی گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سوننەی سووریا لەم ناوچەیە چڕبووەتەوە. 47 هەزار چەکداری چالاکی ئۆپۆزیسیۆن لەم ناوچەیە جێگیرن کە 75%یان گرووپە جیهادی و ئیسلامییەکانن. بەرەی فەتح ئەلشام و ئەحرار ئەلشام لەم ناوچانە گرووپە سێکولارەکانیان تواندووەتەوە و بە کردەوە ئیمارەتێکی ئیسلامییان دروستکردووە. لە پاش دەستتێوەردانی ڕووسیاوە، توانای هێرشەکانی ئەم چەکدارانە یەکجار کەم بووەتەوە، بە جۆرێک کە کۆمەڵێک ناوچەی سەرەکی لە لازقیە، حەما و حەلەب هیچ هەڕەشەیەکی ئۆپۆزیسیۆنیان لەسەر نەماوە.

باکووری ڕۆژهەڵاتی حەلەب: پێشتر پێنج هەزار چەکداری ئۆپۆزیسیۆن لە ناوچەی نێوان ئەعزاز و مارع جێگیربوون. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا هەزاران چەکداری دیکە بە پشتیوانی تورکیا هاتوونەتە ئەو بەرەیە کە بەشێکیان لە چەکدارە تورکمانەکانی فیرقەی سوڵتان موراد پێکدێن. ئامانجی سەرەکی ئەم گرووپانەش ئەوەیە ڕێگە نەدەن پەیدە کانتۆنەکانی عەفرین و کۆبانێ پێکەوە ببەستێتەوە.

بەرەی حولا – ڕەستەن: چەند هەزار چەکدارێکی ئۆپۆزیسیۆنی سووری لەم ناوچەیەدا هەن. بەرەکە بە ناوی هەردوو شارۆچکەی حوولا و ڕەستەن کراوە کە دەکەونە نێوان حەما و حومس. سەرەکیترین گرووپی ئەم ناوچەیە "حەرەکەی تەحریری ئەلحومس"ە کە لەڕووی ئایدیۆلۆژیاوە لەگەڵ ئیسلامییە سیاسییەکان دادەنرێن.

لە کۆتاییدا ڕاپۆرتەکەیدا فابریس بالانش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ژمارەی چەکدارانی غەیرە جیهادی زۆر لە گرووپە جیهادییەکان زیاترە، بەڵام ناکۆکی نێوخۆیی نێوان ئەو گروپانە وایکردووە بکەونە پەراوێزەوە، لەوێشەوە جیهادییەکان ببنە تاکەسواری مەیدانی جەنگی دژی ئەسەد. لێکۆڵەرە فەرەنسییەکە پێیوایە ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەتوانن ئەو گرووپە غەیرە جیهادییانە یەکبخەنەوە، ئەمەش تاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو بۆ دەسەڵاتی ئەسەد لە سووریا بدۆزرێتەوە.

### چاوەڕێی پشتگیریی ترەمپە

# تورکیا ناوچەی ئارامی سووریا فراوانتر دەکات

## پنتاگۆن: لە کۆنترۆڵکردنەوەی ئەلباب هاوکاریی تورکیا ناکەین

ڕووداو – هەولێر

هەتا چەند مانگێک لەمەوبەر، جەرابلوس لە باکووری سووریا، یەکێک لە دەروازەکانی هاتنی چەکدارە بیانییەکانی داعش و گواستنەوەی پێداویستییەکانی شەڕی ئەو گرووپە بوو، بەڵام ئێستا ئەم شارۆچکەیە بووە بە دەروازەی جێبەجێکردنی پلانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا، بۆ ئەوەی لەوێوە سنوورەکانی ناوچەی ئارامی سووریا فراوان بکات.

پلانەکەی ئەردۆغان سێ ئامانجی هەیە: ئامانجێکیان پەیوەندی بەو خەڵکەوە هەیە کە لە دەست جەنگ و توندوتیژی ڕادەکەن. پێشتر ئەم خەڵکە یەکسەر لە سنوورەکانەوە ئاودیوی تورکیا دەبوون و ئەمەش گوشارێکی مادی و مرۆیی گەورەی لەسەر حکومەتی تورکیا دروست دەکرد. دروستکردنی ناوچەی ئارام بۆ ئەوەیە ئاوارە سوورییەکان هەر لەنێو سووریا بمێننەوە.

ئامانجی دووەمی پلانەکە دوورخستنەوەی چەکدارانی داعش بوو لە سنوورەکانی تورکیا کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا چەندین هێرشیان لە نێو خاکی تورکیا ئەنجامداوە، ئەمە جگە لەوەی هاوەنیان دەگرتە شارە سنوورییەکانی تورکیا.

ئامانجی سێیەمی پلانەکە کە ئەمریکاشی نیگەران کردووە، سیاسییە و پەیوەندی بە پلانی یەپەگە بۆ دروستکردنی هەرێمی یەکگرتووی ڕۆژئاڤاوە هەیە کە لە سنوورەکانی نێوان ڕۆژئاوا و باشووری کوردستانەوە دەستپێدەکات و بەرەو پارێزگای عەفرین لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا درێژ دەبێتەوە.

هەفتەی پێشوو چەکدارانی سوپای ئازادی سووریا و هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوا تووشی شەڕ و پێکدادان بوون، لە کاتێکدا هەردوو لایەن هەوڵ دەدەن شاری ستراتیژیی ئەلباب لە ژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی داعش دەربکەن.

ئیدارەی ئۆباما کە کەمتر لە دوو مانگیان لە کۆشکی سپی ماوە، نیگەرانن لەوەی هەوڵەکانی تورکیا و پێکدادانی نێوان هێزەکانی لایەنگری ئەم وڵاتە لەگەڵ هێزە کوردییەکان شکست بە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە بهێنێ کە قۆناغی یەکەمی ماوەی سێ هەفتە دەبێ لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە بە سەرکردایەتیی یەپەگە دەستی پێکردووە.

بەرپرسێکی سەربازیی ئەمریکا لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵی ڕاگەیاند "ژمارەیەک هاوپەیمانمان هەیە کە کەیفیان بە یەکدی نایەت و بەرژەوەندییەکانیان یەک ناگرێتەوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە داوا لە هەموو لایەک دەکەین هەموو تەرکیزی خۆیان بخەنە سەر تێکشکاندنی داعش".

ژمارەیەک ڕاوێژکاری سوپای ئەمریکا یارمەتیی تورکیا دەدەن بۆ ئەوەی هێرشە ئاسمانییەکانی لە باکووری سووریا بەپێی پلان بەڕێوەبچێ، بەڵام بەرپرسانی پێنتاگۆن بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە کە تانکەکانی تورکیا زیاتر لەوەی چاوەڕێ دەکرا، پێشڕەوییان کردووە، هەروەها گوتبوویان کە ئامادەنین پشتگیری لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەلباب بکەن "چونکە تورکیا بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا کار ناکات".

شاری ئەلباب 30 کلیۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی حەلەب و 30 کلیۆمەتریش لە سنووری تورکیاوە دوورە. حکومەتەکەی ئەردۆغان پێشتر ڕایگەیاندبوو کە دوای گرتنی ئەلباب بەرەو حەلەب پێشڕەوی ناکەن، بەڵام بە گرتنی ئەلباب دووریی نێوان هێزەکانی تورکیا و هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریا بۆ چەند کیلۆمەترێک کەم دەبێتەوە.

بیرۆکەی "ناوچەی ئارام" شتێکی نوێ نییە. ئەردۆغان دەمێکە هەوڵ دەدات ئەمریکا و ناتۆ ڕازی بکات لە باکووری سووریا ناوچەیەکی ئارام بۆ ئەو کۆچبەرە سوورییانە بکەنەوە کە لە ئاگری جەنگ ڕادەکەن، بەڵام ئیدارەی ئۆباما ئامادە نەبووە ئەم پلانەی ئەردۆغان قەبووڵ بکات، لەبەر ئەوەی مەترسی ئەوەی لێدەکرێ فڕۆکە و سەرباز و ڕاوێژکارانی ئەمریکی ببنە ئامانجی فڕۆکە ڕووسی و سوورییەکان، وەکوو چۆن هەفتەی پێشوو سوپای تورکیا ڕایگەیاند لە ئاکامی هێرشی هێزی ئاسمانیی سووریا سێ سەربازی تورک کوژراون و 10ی دیکەش بریندار بوون.


وێنەی ئەردۆغان و ئاڵای تورکیا لە ماڵەکانی جەرابلوس هەڵدەواسرێ

بەگوێرەی بیرۆکەکەی ئەردۆغان ڕووبەری ناوچە ئارامەکە زیاتر لە پێنج هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێ. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا پێشتر ڕایگەیاندبوو بۆ پاراستنی ناوچەیەک بەم قەبارە گەورەیە پێویستە 30 هەزار چەکدار هەبن، بەڵام تورکیا تەنیا 1000 چەکداری سوپای ئازادی سووریای لەبەردەستە. بۆیەش بەرپرسانی تورکیاش پێیانوایە ئەم پلانە بە تەنیا بە تورکیا جێبەجێ ناکرێ و پێویستی بە پشتگیریی نێودەوڵەتییە.

بەرپرسانی حکومەتی ئاکپارتی هەموو هیواکانیان بە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا بەستووە، کە لە دوای 20ی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتووەوە وەک سەرۆکی ئەمریکا دەستبەکار دەبێ. ترەمپ لە کەمپینی هەڵبژاردنی ئەمریکادا بەڵێنی دابوو ناوچەیەکی ئارام لە سووریا بکاتەوە. جگە لەمە، مایک فلین، ڕاوێژکاری پێشنیازکراوی ترەمپ بۆ ئاسایشی نیشتمانی، پێشتر داوای کردبوو پەیوەندییەکانی نێوان واشنتن و ئەنقەرە گەرموگوڕتر بێ.

ڕووسیا هیچکات بە ئاشکرا دژایەتی بیرۆکەی ناوچەی ئارام لە باکووری سووریای نەکردووە، بەدەر لەمەش پەیوەندییەکانی مۆسکۆ و ئەنقەرە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەرەو باشتر دەچێ. بەگوێرەی زۆربەی سەرچاوە ئاگادارەکانیش، هێرشەکەی مانگی ئابی تورکیا بۆ سەر جەرابلوس بە ئاگاداری و ڕەزامەندیی ڕاستەوخۆی ڕووسیا کراوە.

خاڵێکی دیکە کە دەکرێ یارمەتیدەری پلانەکەی ئەردۆغان بێ، پەیوەندیی نزیکی نێوان ترەمپ و ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیایە، بەتایبەتیش ئەگەر حکومەتی تورکیا دەست لە داوای دەستلەکارکێشانەوەی ئەسەد یان ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد هەڵگرێ.

### ئەمریکا نیگەرانە

هێرشی هێزەکانی سوپای ئازادی سووریا کێشەی گەورە بۆ پرۆژەی یەکگرتنی هەردوو کانتۆنی کۆبانێ و عەفرین دروستدەکات. بەرپرسانی ئەمریکی نیگەرانن لەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات، کە کەمتر لە 10 کیلۆمەتر لە ئەلباب دوورن، ئاراستەی جووڵەی هێزەکانیان لە ڕەققەوە بۆ ئەلباب بگۆڕن، بەمەش چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی هەم لە ڕەققە و هەم لە ئەلباب ناکۆکی قووڵی نێوان ئەو دوو هێزە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بقۆزنەوە و تەمەنی مانەوەیان لەو دوو ناوچەیە درێژبکەنەوە.

# تورکیا و ئێران چۆن لە "سەربەخۆیی کوردستان" دەڕوانن؟

ڕووداو - هەولێر

پرسی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق تەنیا پرسێکی نێوخۆیی عێراق نییە، بەڵکو ڕەهەندی ناوچەییشی هەیە، لە وڵاتانی ناوچەکەشدا تورکیا و ئێران لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانە دێن کە دەکرێ کاردانەوەیان کاریگەریی نەک هەر لەسەر سەربەخۆیی هەبێ، بەڵکو چۆنێتی بەڕێوەچوونی کۆی پرۆسەکەش دیاری بکەن. ناوەندی توێژینەوە و گەشەپێدانی ناسراو بە RAND کە ناوەندێکی ئەمریکییە، لەوبارەیەوە ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە کە لێرەدا پوختەی ڕاپۆرتەکە دەخوێننەوە.

## نەرمبوونی دڵی ئەنقەرە

لە دوای کودێتاکەی 1980ی تورکیا (دوو ساڵ دوای دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان)، ئەنقەرە بۆ ماوەی نزیکەی دوو دەیە و نیو کوردستانی عێراقی وەکوو "کانگای ناسیۆنالیزمی کوردی" دەبینی. بە گوێرەی (ڕەند) لەو ماوەیەدا تورکیا "وەکوو حەشارگەی چەکدارانی پەکەکە و کانگای ناسیۆنالیزمی کوردی لە کوردستانی عێراقی دەڕوانی کە دەکرا ئاگری سەرهەڵدانە نێوخۆییەکانی تورکیا خۆش بکات، ئەمەش لە خراپترین دۆخدا دەکرا جیابوونەوەی کوردی تورکیا لەو وڵاتە و یەکگرتنیان لەگەڵ دەوڵەتی کوردەکانی عێراقی لێ بکەوێتەوە".

هەر بۆیە لە ساڵی 2003دا تورکیا بەتوندی دژی پێشڕەویی هێزەکانی پێشمەرگە بەرەو کەرکوک وەستایەوە. هەوڵی دواخستنی جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستووری عێراقی دا. سەرسەختانەش ڕەتیدەکردەوە دەستەواژەی کوردستان بۆ باکووری عێراق بەکاربهێنێ. ئەگەرچی هەمان ساڵ تورکیا وەکوو بەشێک لە بەهێزکردنی دۆسیەی ئەندامێتی خۆی لە یەکێتیی ئەورووپا یاسایەکی پەسەند کرد کە تێیدا ڕێگە بە بەکارهێنانی بەرفراوانتری زمانی کوردی دەدرا "ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ لاوازبوونی دەستی سوپا لە کاروباری حکومی و سیاسی تورکیا. واتە کێشەی کورد چیدی تەنیا لە ڕوانگەیەکی سەربازی و ئەمنییەوە سەیر نەدەکرا. بەڵکو دەرفەتی ئەوەی بۆ تورکەکان ڕەخساند کێشەی کورد لە سندووقەکانی دەنگداندا چارەسەر بکرێ و پرسەکە زیاتر وەکوو پرسێکی سیاسی سەیر بکرێ، نەک پرسێکی ئەمنی".

لە ساڵی 2005ەوە، وەک ڕاپۆرتەکەش دەڵێت، مامەڵەی ئەنقەرە لەگەڵ کوردستان زۆر بە خێرایی گۆڕا. کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە لە حوزەیرانی 2014 چوونە نێو کەرکووک، حکومەتی تورکیا "بە ساردوسڕی باسێکی لە یەکپارچەیی خاکی عێراق کرد" کە ئەمە تەنانەت نیگەرانی "تورکمانەکانی کوردستانی لێکەوتەوە".

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوەش دەدات کە "تورکیا هەر ئەوەندە نییە دەستی لەسەر دەست دانابێ بۆ ئەوەی کوردستان دۆسیەی سەربەخۆیی خۆی بەهێزتر بکات، بەڵکو ئەنقەرە خۆی بە کردەوە خەریکی بەهێزکردنی کوردستان بووە بۆ ئەوەی سەربەخۆییە سیاسی و ئابوورییەکەی زیاتر بێت".

ڕاپۆرتەکەی (ڕەند) ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە نەرمبوونەوەی دڵی ئەنقەرە پەیوەندی بە گۆڕانی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی تورکیاوە هەبووە: "لە نێوخۆدا، حکومەت بڕیاری دابوو چارەسەرێک بۆ کێشەی پەکەکە بدۆزێتەوە، پەکەکەش بڕیاری دابوو لەنێو سیستەمی سیاسی تورکیادا هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و کەلتوورییەکان بدات". ئەمەش هەڕەشەی درزەکردنی "ناسیۆنالیزمی جیاخوازی لە باکووری عێراق" کەم کردبووەوە. بەبۆچوونی تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە کۆتاییهێنان بە پرۆسەی چارەسەری لە باکووری کوردستان "هەولێکە بۆ بەهێزکردنی متمانەی ناسیۆنالیستە تورکەکان بە ئاکپارتی، بۆ ئەوەی پێیان بسەلمێنێ ئەردۆغان هێندە بەهێزە دەتوانێ تورکەکان لە ڕەوشی ناسەقامگیر و ئاژاوە بپارێزێ". واتە بڕیارەکە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، تورکیا جارێکی دی لە جیابوونەوەی کورد بترسێ.

جیا لەمە، بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئەنقەرە و هەولێر کۆمەڵێک بەرژەوەندییان هەیە کە لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە یەک دەگرێتەوە: لەوانەش "هەردوولا حەزدەکەن خۆیان لەو توندوتیژی و کێشە سیاسییانە بپارێزن کە بەهۆی تایفەگەرییەوە لە عێراق پەیدا بوون. هەروەها ئەو ناسەقامگیرییە کۆنترۆڵ بکەن کە بەهۆی جەنگی نێوخۆی سووریاوە پەیدا بووە".

بەدەر لە هۆکارە سیاسییە نێوخۆییەکە، پێویستیی تورکیا بە وزە یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی نزیکبوونەوەی ئەنقەرە لە هەولێر بووە. بەپێی ڕاپۆرتەکەی ڕەند "ئابووریی تورکیا لە نێوان ساڵانی 2004 هەتا 2014 بە ڕێژەی 5.5% گەشەی دەکرد، هەر بۆیە داخوازیی لەسەر وزە لەم وڵاتە، خێراتر لە هەموو وڵاتانی جیهان جگە لە چین، گەشەی دەکرد، واتە هەموو ساڵێک بە ڕێژەی 6% بۆ 8% گەشەی دەکرد. بەمەش بەکارهێنانی غازی سروشتی لە تورکیا لە نێوان ساڵانی 2000 بۆ 2010 سێ بەرامبەر ببوو، واتە لە 15 ملیار مەتر سێجاوە بوو بە 46 ملیار مەتر سێجا".

بەبۆچوونی تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە، وابەستەبوونی تورکیا بە ئێران و ڕووسیا لە بواری غازدا وای کردبوو "تورکیا لە سووریا هەست بە گوشار بکات کە دەبێ هاوکارییەکانی لە گرووپە چەکدارییەکانی دژی ئەسەد بگرێتەوە، بۆ ئەوەی دابینکارانی وزە (ئێران و ڕووسیا) تووڕە نەکات".

بۆیەش پەیوەندی تورکیا و هەرێمی کوردستان "ئاسایشی وزەی تورکیای پەرە پێدەدا، نرخەکانی وزەی کەم دەکردەوە و ڕێگەی بە تورکیا دەدا سیاسەتێکی توندتر لە سووریا پەیڕەو بکات". لەم چوارچێوەیەشدا ئەنقەرە و هەولێر لە 2013دا لەسەر دروستکردنی بۆڕیی نەوت و غاز ڕێککەوتن کە توانای گواستنەوەی دوو ملیۆن بەرمیل نەوت و 10 ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی لە ڕۆژێکدا هەبێ.

ئەنقەرە و هەولێرن. بەپێی (ڕەند) "لەنێوان ساڵانی 2009 بۆ 2013 ژمارەی کۆمپانیا تورکییە تۆمارکراوەکان لە هەرێمی کوردستان لە 485 کۆمپانیاوە بۆ نزیک 1500 کۆمپانیا بەرزبووەوە،

کێڵگە نەوتییەکانی کوردستان دروستبکات "چونکە ئەگەری هەیە بەغدا لە لای خۆیەوە ڕێککەوتنەکان هەڵوەشێنێتەوە".

**سیناریۆی دووەم:** ئیفلیجبوونی عێراق و

تەواو بگات. بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا هانی وەبەرهێنەرە بیانییەکانی دیکە دەدات ڕوو لە کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی لەپاڵ تورکیا کەرتی وزەی کوردستان ببووژێننەوە. داننانی تورکیا بە دەوڵەتی کوردی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە فەرمیتر دەکاتەوە، بەمەش بوارێکی نوێ بۆ نفووزی تورکیا لە ناوچەکەدا دەکرێتەوە.

## کاردانەوەی ئێران

پرسی "سەربەخۆیی کوردستان" هەمیشە بۆ ئێران هەستیار بووە، لەبەر ئەوەی "دەترسێ سەربەخۆیی پارچەیەک ببێتە هۆی سەرهەڵدانی کوردە بێبەشەکانی ئێران".

کەم نین ئەو بەرپرسە ئێرانییانەی جەختیان لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق کردووە. سەرەڕای ئەمەش ناوەندی (ڕەند) پێشبینی دەکات کاردانەوەی ئێران بەرامبەر "سەربەخۆیی کوردستان" لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیدا بێ.

و داوەری کاتی کێشەکانیش بێت". جگە لەو پەیوەندییە سیاسییانە، ئێران پەیوەندییەکی بازرگانیی گەورەشی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دروستکردووە، بۆ نموونە لە ساڵی 2000 بەهای بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران تەنیا 100 ملیۆن دۆلار بووە، ئەم ژمارەیە لە ساڵی ڕابردوو بۆ شەش ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە.

## کاردانەوەی ئێران بەرامبەر سێ سیناریۆکەی سەربەخۆیی:

**یەکەم:** ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆیی

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە ئەم سیناریۆیە کاردانەوەی جەماوەری توند لە نێو کوردی ئێران دەهێنێتە ئاراوە، واتە "بەشێوەیەکی جەماوەری و بەهێز پشتگیری لە ڕاگەیاندنەکە دەکەن" کە ئەمە دواتر کاریگەری لەسەر بەهێزبوونی هەستی نەتەوەیی کوردی ئەو پارچەیە دەبێ. جیا لەمە، ململانێ و شەڕی نێوان بەغدا و هەولێر ڕێگایەک بۆ هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە قەندیل دەکاتەوە بۆ ئەوەی چالاکییە چەکدارییەکانیان چڕتر بکەنەوە.

(ڕەند) پێشبینی دەکات، بەرگریکردن لە بیرۆکەی سەربەخۆیی دەکرێ "پارتی و یەکێتی یەکبخات و ئەمەش کاریگەری و دەسەڵاتی تاران لە کوردستان کەم دەکاتەوە"، هەروەها "ئەگەری زۆر کەمە ئێران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کوردستانی سەربەخۆ هێزی سەربازی بەکاربهێنێ". بەبۆچوونی تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە کۆمەڵێک ڕێککەوتنی ئابووری، بازرگانی، سیاسی و ئەمنی دەتوانێ کاردانەوەی ئێران بەرامبەر بە سەربەخۆییە تاکلایەنەکە هێمنتر بکاتەوە.

**دووەم:** ئیفلیجبوونی عێراق و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی

لەم سیناریۆیەشدا چاوەڕێ دەکرێ کوردی ئێران بۆ پشتگیری لە دەوڵەتە کوردییەکە بڕژێنە سەر شەقامەکان. ئەمە وادەکات ئێران کە هەمیشە لە ڕوانگەیەکی ئەمنییەوە سەیری پرسی کورد دەکات، هێز قورس بەکاربهێنێ. ڕاپۆرتەکەی (ڕەند) پێشبینی دەکات ئەگەر خۆپیشاندانەکان تەشەنە بسێنن ئەوە دەشێ "کۆمەڵە و دیموکراتەکانیش هێز ڕەوانەی نێوخۆی وڵات بکەن. ئەم دوو ئەگەرە هۆکارێکی سەرەکی نیگەرانی ئێرانە لە سەربەخۆیی کوردستان.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لەوانەیە لەم دۆخەدا "ئێران هەوڵی بەکارهێنانی پەیوەندییەکانی خۆیان و یەکێتیی نیشتمانی بدات بۆ ئەوەی گرژییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر کەم بکەنەوە"، بەڵام ناسەقامگیری عێراق دەکرێ ڕێگر بێ لەبەردەم ئەم ئامانجەی ئێراندا، چونکە لە عێراقێکی ناسەقامگیردا "یەکێتی لە پارتی نزیک دەبێتەوە و بەمەش سنوورێک بۆ نفووزی ئێران دادەنرێ". شەڕ و پێکدادانی نێوان پێشمەرگە و میلیشیا شیعەکان ئاکامی پێچەوانەی بۆ ئێران دەبێ، چونکە کورد لە ئەنقەرە نزیک دەکاتەوە.

لەم سیناریۆیەدا چاوەڕێ دەکرێ ئێران ئاستی بازرگانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتە کوردییەکەدا بپارێزێ، بۆ ئەوەی لە تورکیا دوانەکەوێ.

**سێیەم:** جیابوونەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ناوەندی (ڕەند) لەم سیناریۆیەدا "ئێران کاتی ئەوەی بەدەستەوە دەبێ بۆ ئەوەی پلان دابنێ". بۆیەش لەم سیناریۆیەدا، بە پێچەوانەی دوو سیناریۆکەی دیکە، هەستکردن بە هەڕەشە کەمترە.

(ڕەند) پێشبینی دەکات "ئێران بیر لە کاردانەوەیەکی گونجاو بکاتەوە، بۆ ئەوەی دەرفەت بە هێزە کوردییەکانی ئێران نەدات" هێرشی بکەنە سەر هێزە ئەمنییەکانی ئێران، هەروەها ئێران دەزانێ "هەولێرێکی سەقامگیر دەتوانێ سنوور بۆ چالاکییەکانی هێزە کوردییەکانی ئێران، لە دژی دامودەزگا ئەمنییەکانی ئێران بگرێ".

لەم سیناریۆیەشدا ئێران دەیەوێ

## ناوەندی RAND:
## ئەنقەرە بە کردەوە یارمەتیی سەربەخۆیی کوردستان دەدات

بەمەش سێ لەسەر پێنجی کۆمپانیا بیانییەکانی هەرێمی کوردستان کۆمپانیاکانی تورکیا بوون".

هەڵبەت تورکیا تەنیا لەڕووی ژمارەوە لە

ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی

ڕاپۆرتەکەی (ڕەند) پێشبینی دەکات ئەگەر عێراق لەبەر یەک هەڵبوەشێتەوە، ئەوە تورکیا



(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

ڕاپۆرتەکەی (ڕەند) هەروەها ئاماژە بە نیگەرانییەکانی تورکیا لە فراوانبوونی دەسەڵاتی ئێران لە عێراق دەکات "تورکیا لە ڕێگەی پەیوەندی و هاوکاری نزیکی ئابووری، سیاسی و ئەمنی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی کوردستانی عێراقی دا بۆ ئەوەی هەم لە ناسەقامگیری بیپارێزێ و هەمیش دەسەڵاتی ئێران کەمبکاتەوە".

بەگوێرەی (ڕەند)، قەیرانی سووریا بوارێکی نوێی بۆ نزیکبوونەوەی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە "تورکیا حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکوو هاوبەشێکی شیاو دەبینێ بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات لایەنگرانی پەکەکە لە سووریا (واتە پەیەدە) هەرێمی ئۆتۆنۆم لەسەر سنوورەکانی تورکیا (لەگەڵ سووریا) دروستبکەن". ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە گەشتەکەی 23ی ئابی ئەمساڵیدا ویستوویەتی دڵنیایی لە تورکیا وەربگرێ کە سوپای تورکیا

وڵاتانی دیکە لە پێش نییە، بەڵکو کۆمپانیا تورکییەکان لە گرنگترین کەرتەکانی ئابووریی کوردستاندا کاردەکەن، لەوانەش وزە، بانکداری و بنیاتنانەوە. لە ساڵی 2014 زیاتر لە 60%ی کۆی چالاکییە بازرگانییەکانی تورکیا و عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان بووە، واتە لە کۆی 12 ملیار دۆلار بازرگانیی نێوان بەغدا و ئەنقەرە، هەشت ملیار دۆلاری لەگەڵ کوردستان بووە. پلانی ئەوەش هەیە بە کردنەوەی خاڵی سنووری نوێ قەبارەی بازرگانیی دوو لایەنەی نێوان تورکیا و کوردستان لە 2023دا بگاتە 20 ملیار دۆلار.

بە ئاشکرا و بە خێراییش پشتگیری دیپلۆماتیکی لە سەربەخۆیی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی "لە

کوردستان" لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیدا بێ.

## تورکیا پشتگیری لە ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆیی کوردستان ناکات

لایەکەوە سنوورێک بۆ بڵاوبوونەوەی پشێوییەکانی باشوور و ناوەندی عێراق دابنێ، لە لایەکی دیکەشەوە سەقامگیری لە باکووری عێراق بەهێزتر بکات، بۆ ئەوەی بتوانێ ژێرخانی سەرچاوەکانی وزەی کوردستان بپارێزێ".

(ڕەند) پێشبینیش دەکات تورکیا بۆ گەرەنتیکردنی سەقامگیری کوردستان و پاراستنی کەرتی نەوت، لەوانەش کەرتی نەوتی کەرکووک "هاوکاری سەربازی و ئەمنی پێشکەش بە کوردستان بکات".

ئەگەرچی لەم سیناریۆیەدا حکومەتی عێراق هێندە بە گەڕاندنەوەی ئاسایشی نێوخۆیی نێوەڕاست و باشوورەوە خەریکە کە توانای هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستانی نامێنێ، بەڵام (ڕەند) چاوەڕێ دەکا تورکیا ژمارەیەک کۆماندۆ و هێزی تایبەتی تورکیا بۆ پاراستنی ژێرخانی وزەی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە حکومییەکان و سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق ڕەوانەی کوردستان بکات. ئەمە "هۆشدارییەکیش دەبێ بۆ ئێران کە دەوڵەتە کوردییەکە دەکەوێتە ناوچەی کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی ئەنقەرەوە، نەک تاران" لە بەرامبەریشدا تورکیا داوا لە دەوڵەتە نوێیەکە دەکات ڕێگە نەدات پەکەکە خاکی ئەوان بۆ هێرشکردنە سەر سوپای تورکیا بەکاربهێنێ.

**سیناریۆی سێیەم:** جیابوونەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ناوەندە ئەمریکییەکە، لەم سیناریۆیەدا تورکیا یەکێک لە یارمەتیدەرە سەرەکییەکانی کوردستان دەبێ بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان قۆناغ بە دەسەڵاتی

ڕاپۆرتەکە پێشبینی دەکات لە حاڵەتی سەربەخۆیی کوردستاندا "ئێران دەشێ ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی نفووزی سیاسی خۆی لە ناوچەکەدا پەرە پێبدات"، لەم پەیوەندییەشدا ئاماژە بە پەیوەندییە نزیکی جەلال تاڵەبانی و ئێران دەکات کە هەر لە سەرەتاکانی دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێکردووە. هەروەها "سەرکردەکانی یەکێتیش بە ئاشکرا باس لەوە دەکەن کە ئەوان پێیان باشترە ئێران دەستی باڵای لە کاروباری عێراقدا هەبێ، نەک تورکیا و

## کاردانەوەی تورکیا بەرامبەر بە سێ سیناریۆکەی سەربەخۆیی

**سیناریۆی یەکەم:** ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆیی

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە ئەگەری کەمە تورکیا پشتگیری لەم سیناریۆیە بکات، لەبەر ئەوەی

## زەحمەتە ئێران هێز لە دژی سەربەخۆیی کوردستان بەکاربێنێ

لە هێرشەکەی 24ی ئابدا هەموو کوردی سووریا ناکاتە ئامانج. هەفتەیەک دواتریش ئیبراهیم کالین، ڕاوێژکاری باڵای سیاسەتی دەرەوەی ئەردۆغان ڕایگەیاند "تورکیا هیچ کێشەی لەگەڵ کوردەکانی سووریا، تورکیا، عێراق و ئێراندا نییە".

لەم سۆنگەیەشەوە تورکیا دەیەوێ گەرەنتی ئەوە بکات کە "ئەگەر زۆنێکی نیمچە ئۆتۆنۆمی کوردی لە باکووری سووریا هاتەئاراوە، سەرکردەی ئەو زۆنە لە هەولێری هاوپەیمانی تورکیا نزیک بێت و ژمارەی کەسایەتییەکانی نزیک لە پەکەکە، لە دەسەڵاتی زۆنەکەدا کەم بێ".

ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە بازرگانی و وەبەرهێنان بوارێکی دیکەی لێکنزیکبوونەوەی

لەم سیناریۆیەدا تورکیا دەبێ لە نێوان نەوتی هەرێمی کوردستان و نەوتی عێراق یەکێکیان هەڵبژێرێ، چونکە "ئەگەر تورکیا پشتگیری لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تاکلایەنە بکات، بەغداش ڕێگە نادات نەوتی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی داعش بوون، پاش وەرگیرانەوەیان هەناردەی تورکیا بکرێ". بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم زیانە ڕەنگە تورکیا داوا لە هەرێمی کوردستان بکات کۆمەڵێک خاڵی بداتێ بەر لەوەی ئەوان دان بە سەربەخۆییەکەیدا بنێن.

ناوەندی (ڕەند) پێشبینی دەکات ڕاگەیاندنی تاکلایەنەی سەربەخۆیی کوردستان هەڕەشە لەسەر ڕێککەوتنەکانی خاوەندارێتی و بەڕێوەبردنی

## دوور نییە تاران حەز بکات کوردستانێکی بەهێز ببینێ

سعودیە". ڕاپۆرتەکە ئاشکراشی دەکات کاتێک چەکدارانی داعش لە سنوورەکانی ئێران نزیک کەوتنەوە، دەزگای زانیاری یەکێتی زانیاری پێشکەش بە ئێران کرد بۆ ئەوەی تۆپبارانیان بکەن.

سەرەڕای پەیوەندییە نزیکەکانی ئێران و یەکێتی، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ڕەند) تاران پەیوەندییەکی پتەویشی لەگەڵ مەسعود بارزانیدا دروستکردووە، ئەمەش دەریدەخات ئێران "نایەوێت تەنیا لایەنێک لە دژی لایەنێکی دیکە بەکاربهێنێ، بەڵکو دەیەوێ نێوبژیوانی

پەیوەندییەکی نزیکی ئابووری لەگەڵ دەوڵەتی کوردستاندا دروستبکات. ئەمە وەکوو ڕکابەرییەک لەگەڵ تورکیا، هەر بۆیەش بەشی زۆری پەیوەندییە ئابوورییەکان لە بواری ئاوەدانکردنەوە و وزەدا دەبێ.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ڕەند) ئێران دەزانێ "عێراقێکی بەهێز هێندە وابەستەی ئێران نابێ، بۆیە دوور نییە تاران حەز بکات، کوردستانێکی بەهێز ببینێ. کە دەکرێ قەرەبووی بەشێک لە پەیوەندییە کۆنەکانی تاران و بەغدا بۆ ئێران بکاتەوە".

عەتار نامێنن

# وەزارەتی تەندروستی چاودێری دەخاتە سەر دەرمانە گیاییەکان

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

بەپێی ڕەشنووسی ڕێنماییەکی نوێی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، لەمەودوا تەنیا کەسانی خاوەن بڕوانامەی زانستی بۆیان هەیە مامەڵە لەگەڵ دەرمانە گیاییەکان بکەن. هەر دەرمانێکی گیایی کە دەخرێتە بازاڕ، دەبێ پشکنینی بۆ کرابێت و ڕەزامەندیی وەرگرتبێ. پزیشکێکی پسپۆڕی گژوگیا دەڵێت مەرج نییە ئەوەی سروشتی بوو بێ زیان بێت.

دەرمانە گیاییەکان ئەو بەرهەمە رووەکییە سروشتییانەن کە بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەریی ئەرێنی لەسەر نەخۆشی و حاڵەتێکی نەخۆشیی دیاریکراو دەدرێن، نەوەک خواردنێکی ئاسایی.

بەکارهێنانی دەرمانی گیایی بەشێکە لە لقی پزیشکیی جێگرەوە کە ئێستا لە بەشێک لە زانکۆ و پەیمانگە جیهانییەکاندا گرنگیی پێ دەدرێت. لە زۆربەی وڵاتانیش لە چوارچێوەی پزیشکیی میللیدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

ڕۆژی 2016/11/20 وەزیری تەندروستی سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی کرد بە مەبەستی دانانی ڕێنماییەکانی دەرمانی گیایی و سروشتی و شێوازی پاکەتکردنی لە هەرێمی کوردستان.

د.ئارام ڕۆستەم، ڕاوێژکار لە وەزارەتی تەندروستی کە بەشداری کۆبوونەوەکە بووە، دانانی ڕێنمایی زانستی بۆ مامەڵە لەگەڵ دەرمانە گیاییەکان بە پێویست دەزانێ "ئێستا بەشێوەیەکی نازانستی مامەڵە لەگەڵ ئەو دەرمانانە دەکرێ، بۆیە پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە".

دوای خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ڕەشنووسەکە، دەقێکی کۆتایی لێ ئامادە دەکرێ و دەنێردرێت بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، دوای بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان، دەبێتە ڕێنمایی فەرمی و بە کردەیی جێبەجێ دەکرێ.

ڕەشنووسی ڕێنماییەکە کە لە 19 مادده پێکهاتووە، لەلایەن پسپۆڕانی دەرمانسازی، ڕووەکناسی، بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی و پەرلەمانتارانەوە ئامادە کراوە. ڕێنماییەکان چوارچێوەیەکی زانستییان داناوە بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرمانە گیاییەکان.



## پسپۆڕێکی دەرمانی گیایی: هەندێک دەرمانی گیایی مەترسییان لە دەرمانی ئاسایی زۆرترە

دکتۆر سەفین خدر، بەرپرسی بەشی دەرمانە گیاییەکان لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی، بە (ڕووداو)ی گوت، بۆ ئامادەکردنی ڕێنماییەکان سوودیان لە بۆچوونی پسپۆڕانی کوردستان و ئەزموونی وڵاتانی دیکە وەرگرتووە "تاوەکو ئێستا ڕەشنووسەکە چەندین جار داڕێژراوەتەوە و چاکسازیی زۆری تێداکراوە، بەرلەوەی بشبێتە ڕێنمایی کۆتایی، ئەگەر پێویست بکات گۆڕانکاریی دیکەشی تێدا دەکەین".

ئێستا دەرمانخانە گیاییەکان تەنیا بە مۆڵەتێکی یەکەی کارگێڕیی شار و شارۆچکەکان و بەبێ گەڕانەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی دەکرێنەوە، بەڵام دوای ئەوەی ڕێنماییە نوێیەکان دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، دەسەڵاتی مۆڵەتپێدانی کارگە و دەرمانخانە گیاییەکان تەنیا لە دەستی وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەکانیدا دەبێ. لە ماددەی دووەمی ڕەشنووسی ڕێنماییەکاندا هاتووە "هاوردەکردن، هەناردەکردن، دروستکردن، ئامادەکردن و ئاڵوگۆڕکردنی ڕووەکە پزیشکییەکان دەبێ بە مۆڵەتی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی تەندروستی بێت".

بەپێی ماددەی پێنجی هەمان ڕەشنووس، ئەو لایەنەی دەیەوێت کارگەی دەرمانی گیایی بکاتەوە، دەبێ چەندین مەرج جێبەجێ بکات هەر لە کەرەستەی تەلارسازی و پیشەسازییەوە تاکو کادیری مرۆیی پرۆفیشناڵ، بۆ نموونە بەڕێوەبەری هونەریی کارگەکە دەبێ پزیشکی دەرمانساز بێ و لانیکەم دوو ساڵ ئەزموونی کارکردنی هەبێ، هەروەک بەرپرسی چاودێریی جۆرایەتی کارگەکە دەبێ پزیشکی دەرمانساز یان کیمیایی بێ و لانیکەم سێ ساڵ ئەزموونی هەبێ. جگە لەوانە چەندین مەرجی ورد و زانستی بۆ شێوازی باڵەخانەکە و ئامێر و کەرەستەکانی دانراون.

پێشتر بۆ کردنەوەی دەرمانگەی گیایی، کەسەکە تەنیا خولێکی خێرای دەبینی لەلای کۆمەڵەی ڕووەکناسانی کوردستان، بەڵام بەپێی ماددەی حەوتی ڕەشنووسی ڕێنماییە نوێیەکان، ئەو کەسەی شوێنی فرۆشتنی دەرمانی گیایی دەکاتەوە، دەبێ دەرچووی یەکێک لەم بەشانە بێ: کۆلێژی پزیشکیی گشتی، کۆلێژی پزیشکیی دەرمانسازی، کۆلێژی زانست بەشەکانی کیمیا و بایۆلۆژی، کۆلێژی کشتوکاڵ بەشی ڕووەکناسی یان پەیمانگەی تەکنیکی بەشی دەرمانسازی).

### مەرج بۆ دەرمانەکانیش دادەنرێ

ڕێنماییەکە پێویستی دەکات کە لەسەر قوتووی دەرمانە گیاییەکە بە زمانی (ئینگلیزی، عەرەبی یان کوردی) زانیارییەکی لەسەربێت و نابێ وێنەیەکی ئەوتۆی لەسەربێت کە بانگەشەی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکی دیاریکراو بکات.

هەروەک لە ماددەی 10دا سەپێنراوە بەسەر دەرمانگە گیاییەکاندا کە چەندین زانیاری ڕاست و دروست لەسەر بەهەرمەکەیان بخەنەڕوو، وەکوو: ناوە زانستی و بازرگانییەکەی، ناوی مادده سەرەکییەکانی و بڕەکانیان. ناوی مادده لاوەکییەکان و بڕەکانیان. بڕ و ڕێگای بەکارهێنان، کاتی دروستکردن و ماوەی بەسەرچوون، کەتەلۆگێک کە بە وردی ڕوونی بکاتەوە دەرمانە گیاییەکە بۆچی و چۆن بەکاردێ و زیان و کاریگەرییە لاوەکی و نەخوازراوەکانی چین، ناو و شوێنی بەرهەمهێنانی بەرهەمەکە لەگەڵ ژمارە و کاتی مۆڵەتەکەی.

### نابێ کاری پزیشک بکەن

ماددەی 11 بە ڕوونی دەڵێ کە دەرمانگە گیاییەکان نابێ هیچ کارێکی پزیشکی و چارەسەری بکەن، دەبێ دەرمانی گیایی و پێکهاتە خۆراکییەکان مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیداری هەبێ، نابێ لەو شوێنانە هیچ گیراوە و پێکهاتەیەک وەک گیادەرمانی ئامادە بکرێ و هەر کارێکی دەرەوەی ڕێنماییەکان لەو شوێنانە بکرێ، ئەوە کەسی مۆڵەتپێدراو بەرپرسە.

ماددەی 17 ڕێگا دەگرێ لە شوێنەکانی فرۆشتنی گژوگیای کوردەواری (بە عەتار ناسراون) کە دەرمان دروست بکەن یان ئامادەی بکەن یان بیفرۆشن. ماددەی 18 دەڵێ نابێت عەتارەکان هیچ گیایەک بە سیفەتی چارەسەر بفرۆشن.

### لە دەرمانی کیمیایی مەترسیدارترن

پزیشکێکی پسپۆڕی گیادەرمانییەکان هۆشداری دەدات لە فرۆشتنی دەرمان لەلایەن کەسانی نەشارەزا و بەکارهێنانی بێسنووری لەلایەن خەڵکییەوە.

د.عەلائەدین محەممەد نەقشبەندی، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە گیادەرمانی و پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی دەرمانسازی، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو دەرمانە گیاییەی بەکاری دەهێنی، هەندێکجار بە بڕێکی زۆرتر لەوەی ڕێگەپێدراوە ماددەیەکی تایبەتی تێدایە، جگە لەو ماددەیەی مەبەستمانە ماددەی دیکەشی تێدایە، ماددەی ئەوتۆی تێدایە کە جارێ توێژینەوەی لەسەر نەکراوە و نازانین لە کورتخایەن و درێژخایەندا چی بەسەر جەستە دێنن، بۆیە هەندێکجار ئەو مەترسییەی دەرمانێکی گیایی دروستی دەکات، زۆرترە لە مەترسییەکانی دەرمانێکی کیمیایی".

# کە شەکرەم هەبوو، برنج بخۆم؟

رووداو- مێدیکاڵ نیوز تودەی

خۆراک بنەمایەکی گرنگی تەندروستییە، نەخاسمە بۆ تووشبووان بە شەکرە. بەشێکی بەرچاو لە تووشبووانی شەکرە دەپرسن کە ئاخۆ برنج (یان هاوتا پڕ کاربۆهێدراتەکانی) دەکرێ بەشێک بێت لە خۆراکی سەر سفرەکانیان؟

برنج جۆرێکە لە کاربۆهێدرات، ئەم بابەتەش تایبەتە بە کاربۆهێدراتەکان لە ژەمی تووشبووانی شەکرەدا، بۆیە بە خوێندنەوەی بابەتەکە، خۆت وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەیتەوە.

### شەکرە چییە؟

شەکرە نەخۆشییەکە کە تێیدا جەستە ناتوانێ وەک پێویست هۆرمۆنی ئەنسۆلین دروست بکات، یان دروستی دەکات، بەڵام ناتوانێ وەک پێویست سوودی لێ وەربگرێت و لە هەندێک حاڵەتیشدا هەمان کەس هەردوو گرفتەکەی هەیە.

ئەنسۆلین وادەکات شەکر لە خوێنەوە جووڵەی پێبکرێت بۆ نێو خانەکانی لەش و لەوێدا وەک سەرچاوەیەکی وزە سوودی لێ وەربگیرێت.

ئەو کەسانەی شەکرەیان هەیە، بڕی ئەو شەکرەی لە خوێنیاندا کۆبووەتەوە زۆرترە لە ئاسایی. ئەو بەرزبوونەوەیەی شەکری خوێن ئەگەر چارە نەکرێ زیان لە ئەندامەکانی جەستە دەدات.

**هەنگاوەکانی ڕێگەگرتن لەو کەڵەکەبوونەوەی شەکری خوێن لە تووشبووانی شەکرەدا ئەمانەن:**

- خۆراکێکی گونجاو
- وەرزش بکرێتە نەریت
- کە پێویستی کرد، دەرمان بخوات

خۆراکی تەندروست بەشێکی گرنگی پرۆسەی ڕێکخستنی شەکری خوێنە. کەسێکی تەندروست دەبێ بە برسێتی ئاستی شەکرەی لە 126 ملگم/دێسلیتر کەمتر بێ و لە تێریدا لە 180 کەمتر بێ.

### جۆرەکانی شەکرە

تووشبووانی شەکرەی جۆری یەک زیاتر منداڵان و گەنجانن و بەهیچ جۆرێک ئەنسۆلین لە پەنکریاسەوە دەرنادەن، چونکە خانەکانی دەردانی ئەنسۆلین لە پەنکریاسیاندا بەتەواوی لەنێوچوون بەهۆی هێرشی کۆئەندامی بەرگری بۆ سەر ئەو خانانە.

بەڵام شەکرەی جۆری دوو، زۆرتر پەیوەندی بە قەڵەوی و فاکتەری بۆماوەیی هەیە و تێیدا تووشبووان ئەنسۆلینیان هەیە، بەڵام یان بڕەکەی کەمە یان خانەکانی جەستەیان وەک پێویست وەڵامی کاری ئەنسۆلینی جەستەیان ناداتەوە. نزیکەی 95%ی تووشبووانی شەکرە، شەکرەی جۆری دوویان هەیە.

ئەوانەی شەکرەی جۆری یەکیان هەیە، هەر دەبێ ماددەی ئەنسۆلین وەربگرن کە ئێستا بە زۆری بەشێوەی دەرزی هەیە.

تووشبووانی شەکرەی جۆری دوو بە وەرزش و ڕێجیم یارمەتی ڕێکخستنی شەکری خوێنیان دەدەن، دەرمانەکانیشیان بەزۆری بەشێوەی حەب هەن و چەندین جۆریان هەیە.

### کاربۆهێدراتەکان چۆن کار لە شەکرە دەکەن؟

کاربۆهێدراتەکان سەرچاوەیەکی گرنگی وزەی لەشن. بەزۆری لە شێوەی نیشاستە و شەکری سروشتی و دەستکرددا هەن. سەرچاوە دەوڵەمەندە سروشتییەکانی کاربۆهێدراتەکان بریتین لە: دانەوێڵەکان، میوە و سەوزەکان، پاقلەمەنییەکان، شیرەمەنییەکان و شیرینییە جیاوازەکان.

کاتێک کاربۆهێدراتەکان دەچنە جەستە، لەلایەن کۆئەندامی هەرسەوە دەگۆڕدرێن بۆ شەکر. کاتێک ئەو شەکرە هەڵدەمژرێت بۆ نێو خوێن، جەستە بە شێوە یەکی ئۆتۆماتیکی هۆرمۆنی ئەنسۆلین دەردەدات. ئەنسۆلین پاڵ بە شەکری نێو خوێنەوە دەنێت بۆ نێو خانەکانی لەش، واتە ئەنسۆلین وادەکات ئاستی شەکری خوێن دابەزێ و کەڵەکە نەبێ، ئەمە لە کەسانی ئاساییدا.

بەڵام ئەوانەی شەکرەیان هەیە، یان ئەنسۆلین دروست ناکەن یان کەمی لێ دروست دەکەن، یاخود دروستی دەکەن بەڵام ناتوانێ وەک پێویست شەکرەکان لە خوێنەوە بکاتە نێو خانەکانەوە، لەواندا شەکر لە خوێندا کەڵەکە دەبێ.

ئەوانەی ئەنسۆلین دەرنادەن (شەکرەی جۆری یەک)، ناچارن هۆرمۆنەکە بەشێوەی دەستکرد و لە ڕێگەی دەرزییەوە بگەیێننە جەستەیان (لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەنسۆلین بەشێوەی جیاواز هەیە نەک هەر دەرزی).

بەڵام ئەوانەی ئەنسۆلینیان هەیە و کەمە، یان ئاساییە و وەک پێویست کاری خۆی ناکات (شەکرەی جۆری دوو) ئەوە دەرمانی ئەوتۆیان پێدەدرێ کە بڕی ئەنسۆلین زیاد دەکات، یان دەرمانی ئەوتۆ کە وادەکات ئەنسۆلینی نێو جەستە کاراتر کاری خۆی بکات.

### چۆن کاربۆهێدراتەکان هەژمار بکەین؟

کۆمەڵەی شەکرەی ئەمریکایی دەڵێ کەسی تووشبووی شەکرە بۆی هەیە هەر ژەمێک 45-60 گرام کاربۆهێدرات بخوات.

**کاربۆهێدرات سێ جۆری سەرەکی هەن:** نیشاستە، شەکر و ریشاڵی خۆراکی.

نیشاستە کاربۆهێدراتێکی ئاڵۆزە و لە چەند خۆراکێکدا هەیە وەکوو: لۆبیا، پەتاتە، گەنمەشامی، پاقلە، فاسۆلیا و دانەوێڵەکان.

هەرچی ریشاڵە، ئەوە لە ڕووەکەکاندا هەیە و هەرس ناکرێ. بە زۆری لە سەوزە، میوە، دانەوێڵە، پاقلەمەنی و چەرەسەکاندا هەیە.

ریشاڵە خۆراکییەکان شەکری خوێن بەرزناکەنەوە و وا دەکەن خۆراک بە لەسەرخۆیی هەرس ببێ و ناهێڵن ئاستی شەکری خوێن بە خێرایی هەڵبکشێ. وا باشە ڕۆژانە 20-35 گرام ریشاڵی خۆراکی بخورێ.

بەڵام شەکر ئەو جۆرەی کاربۆهێدراتە کە خێراتر هەڵدەمژرێ و دەگاتە خوێن و خێراتریش شەکری خوێن بەرز دەکاتەوە. شەکرە سروشتییەکان لە میوە و شیرەمەنییەکاندا هەن و شەکری دەستکردیش ئەوە ڕوونە کە چۆنە و دەکرێتە چی!

کاربۆهێدرات لە سەوزەکانیشدا هەیە وەکوو کاهوو، بیبەر، خەیار، قارچک و چەندینی دیکە. ئەمانە بەهۆی زۆریی پێکهاتەی ئاویانەوە، کاربۆهێدراتیان کەمە، بۆ نموونە نیو کوپ خەیار تەنیا 2 گرام کاربۆهێدراتی تێدایە. واتە جۆر و بڕی کاربۆهێدرات کار لە ئاستی شەکری خوێنی تووشبووانی شەکرە دەکەن.

ئەو خۆراکانەی هێواش هەرس دەبن، وەک ئەوانەی پڕ ریشاڵی خۆراکین یان ژەمە هەمەجۆر و فرەڕەنگەکان، گرنگن بۆ ڕێگری لە هەڵکشانی خێرای ئاستی شەکری خوێن.

### برنج بخۆین؟

با بێینەوە سەر پرسیاری یەکەم: تووشبووی شەکرە برنج بخوات؟

خۆراکە پڕ کاربۆهێدراتەکانی وەک دانەوێڵەکان، پاستا، برنج و سەوزە پڕنیشاستەکان، بۆ تووشبووانی شەکرە قەدەغە نین، بەڵام نابێ زۆریان لێ بخورێ. برنج لەو جۆرانەیە کە کاربۆهێدراتی زۆرە، بەڵام ئاساییە بەبڕی گونجاو بخرێتە نێو ژەمەکانەوە. 100 گرام برنجی کوڵاو 24 گرام کاربۆهێدراتی تێدایە. ئەوەش دەکاتە نزیکەی نیوەی کۆی ئەو کاربۆهێدراتەی تووشبوویەکی شەکرە بۆی هەیە لە ژەمێکدا بیخوات.

خۆ ئەگەر لەگەڵ برنجەکەدا ریشاڵە خۆراکییەکان، پرۆتین و چەورییە سوودبەخشەکان هەبن، ئەوە کاریگەری نەرێنیی برنجەکە هێواش دەکەنەوە.





# کورد زستانی ئەوروپا گەرم دەکەن

**هیوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

بەشێک لە گۆرانیبێژانی کوردستان، بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ ڕوو لە ئەوروپا دەکەن. هەر لە ئێستاوە هونەرمەندان بڵند ئیبراهیم، عەزیز وەیسی، میکائیل و ئەحمەد خەلیل، ریکلام بۆ ئاهەنگەکانیان لە دەرەوەی وڵات دەکەن. ڕێباز نانەکەلی، سەرپەرشتیاری ئاهەنگەکانی سوید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە چوار شاری سوید، ئاهەنگی مەزن بەبۆنەی سەری ساڵ بۆ کوردی دانیشتووی ئەوێ ساز دەکەین. تاوەکو ئێستا بەشێکی زۆری بلیتەکان فرۆشراون".

بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی، بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی کورد ئاهەنگ و کۆنسێرتی گۆرانی و میوزیک لە کوردستان ساز ناکەن، بۆیە بۆ بۆنەکانی وەک سەری ساڵ و نەورۆز ڕوو لە ئەوروپا دەکەن.



## دەشنێ دەبێتە ئەنیمەیشن

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

خانمە هونەرمەندی کورد دەشنێ موراد هەفتەی داهاتوو دوو گۆرانی بڵاودەکاتەوە کە گۆرانییەکیان بە زمانی کوردییە و ئەویدی بە ئینگلیزی. گۆرانییە کوردییەکە بەشێوەی ئەنیمەیشنە و باسی ژیانی خۆی دەکات.

دەشنێ موراد ماوەی سێ ساڵە بێدەنگە و هیچ بەرهەمێکی نەبووە. ئەو کە لە هۆڵەندا نیشتەجێیە و ئێستا بە سەردان گەڕاوەتەوە کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت، لە ماوەیەکی نزیکدا دوو گۆرانی بڵاودەکاتەوە، گۆرانییەکیان بەناوی ئازادییە کە گۆرانییەکی کوردییە، ئەوەی دیکەش بەزمانی ئینگلیزی دەبێت.

کاری تۆمارکردنی گۆرانییەکان لەلایەن ستافێکی بەریتانییەوە لە لەندەن کراوە. تێکست و میلۆدی هەردوو گۆرانییەکەش خۆی نووسیونی. گوتیشی کە کاری کلیپکردنی هەردوو بەرهەمەکە کۆتایی هاتووە.



## تارا جاف چەنگەکەی دەباتە دانیمارک

**ڕووداو- هەولێر**

تارا جاف، ژەنیاری ناوداری ئامێری چەنگ، کۆنسێرتێکی میوزیک و گۆرانیی کوردی لە گەلەریی بەناوبانگی دانیمارک "Galschiøt" ساز دەکات.

تارا جاف بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە بەناوبانگترین گەلەریی دانیمارک کە بەناوی پەیکەرسازی ناودار Galschiøt کراوە، کۆنسێرتێکی مەزنمان بۆ خەڵکی ئەم شارە سازکرد کە خەڵکێکی زۆر لە کورد و دانیمارکی ئامادەی بوون".

تارا گوتیشی "لە سەرەتای ساڵی نوێدا چەند پرۆژەیەکی هونەریم هەیە، جێبەجێیان دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەلبووم و کلیپیش بڵاودەکەمەوە، بەڵام لە کاتی خۆیدا زانیاری زیاتر لەسەر بەرهەم و کارەکانم بڵاودەکەمەوە".

تارا جاف، جگە لەوەی ئامێری چەنگ دەژەنێ، لە چەندین کۆنسێرت و ئاهەنگیشدا بە گوتنی گۆرانی بەشداریی کردووە.



## ژیوار لە بەندەر عەباس ڕێچکە دەشکێنێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە ژنە هونەرمەندی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیوار شێخولئیسلامی لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوودا سێ کۆنسێرت ساز بکات. ژیوار شێخولئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەهاوکاریی گرووپەکەی و لەگەڵ بەهمەن بێهمەرام، ئاوازدانەر و ژەنیاری ئامێری سەنتوور، پلانیان داناوە بۆ سازکردنی سێ کۆنسێرت بۆ ژنان لە شارەکانی سنە و بۆکان و بەندەر عەباس. ژیوار گوتی "ئێستا سەرقاڵی پرۆڤەین بۆ ئەوەی بتوانین لە مانگی کانوونی دووەمدا کۆنسێرتەکان لەو سێ شارە ساز بکەین، ئەوەی زیاتر مایەی خۆشحاڵییە، یەکەمجارە لە بۆکان و بەندەر عەباس کۆنسێرت بۆ ژنان دەکرێ".



## زەنگەنە خەریکی گورگەکانی وڵاتە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

دەرهێنەری کورد جەلیل زەنگەنە، نووسینی درامایەکی تەواو کردووە کە باس لە خۆشەویستیی ڕاستەقینە لەم سەردەمەدا دەکات.

"گورگەکانی وڵاتەکەم" ڕەنگە 25 تاوەکو 30 ئەڵقە ببێ. جەلیل زەنگەنە سەبارەت بە ناوی دراماکە بە (ڕووداو)ی گوت "لە کاتی پێشکەشکردنی دراماکەدا مەبەستی ناوەکە ئاشکرا دەبێ. بەڵام ناوەڕۆکەکەی باس لە خۆشەویستیی ڕاستەقینە لەم سەردەمەدا دەکات".

زەنگەنە سێ بەشی لە زنجیرە درامای گەردەلوول بەرهەمهێناوە، بەڵام ماوەی سێ ساڵە بەهۆی نەشتەرگەریی دڵەوە، لە ماڵەوە پشوو دەدات. لەوبارەوە گوتی "بەشی چوارەمی گەردەلوول تەواو بووە، بەڵام بۆ دوای باشبوونی باری تەندروستیم دامناوە".



## خاکی شەهید بێدەنگە

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

کورتەفیلمی خاکی شەهید کە لە دەرهێنانی سامی سەباحە، یەکەمین نمایشی لە شاری هەولێر دەبێت و تۆڕی میدیایی ڕووداویش سپۆنسەری فیلمەکە دەبێت.

سامی سەباح بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم فیلمە پەیامێکی گرنگی بۆ هەموو جیهان هەیە کە هەر بستێکی ئەم خاکە بە خوێنی سەدان شەهید ئازادکراوە، بۆیە لای کورد خاکی کوردستان پیرۆزە".

سامی گوتیشی "ئەم فیلمە لە 14 خولەک پێکهاتووە و تەنیا یەک ئەکتەر ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت و هیچ دیالۆگێکی تێدا نییە. تەنیا وێنەکان قسەی خۆیان دەکەن".

فیلمەکە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە سینەماکانی هەرێمی کوردستان نمایش دەکرێت.



## وریا ئەحمەد کۆنەکان دەوڵەمەند دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

وریا ئەحمەد، هونەرمەندی ناسراوی کورد، کتێبێک بەناوی ئامێرەکانی میوزیکی کوردی بڵاودەکاتەوە کە لەسەر ئەرکی ئەکادیمیای کوردی چاپکراوە.

وریا ئەحمەد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم کتێبە 27 ساڵ پێش ئێستا بەشێوەیەکی سادە بڵاوکرایەوە، بەڵام ئێستا جارێکی دیکە بەشێوازێکی جوانتر و پڕ زانیاری و دۆکیۆمێنت باس لەو ئامێرانە دەکات کە ڕەچەڵەکیان بۆ کورد دەگەڕێتەوە".

وریا ئەحمەد بۆ دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی ئامێرە میوزیکییەکان پەنای بۆ چەند کارێک بردووە، ئەو گوتی "بۆ ئەوەی ڕەچەڵەکی ئامێرە میوزیکە کوردییەکان بدۆزمەوە پەنام بۆ ئەو شیعرە کلاسیکانە بردووە کە باسی ئامێری میوزیکی کوردی دەکەن، هەروەها سوودم لە چەند شوێنەوارێکی دێرین و کتێب و پەندی کوردی و بەیت و باڵۆرە وەرگرتووە".



## بەختی ڕووداو

**ئایار فەلەکی**
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
پەیوەندیت زۆر دەبێت، مامەڵەت لەگەڵ هاوڕێیانت پێویستە بێ هیچ ترس و هەستیارییەک بێت. کاتی زیاتر بە کارەکەت بدە تاوەکو بتوانی گۆڕانکاریی تێدا بکەی.

**گا**
لەم کاتەدا بیر لە کاری درێژخایەن دەکەیتەوە، هەرچەندە بڕوا بەوە ناکەی کە کەسێکی بەختەوەر بیت، بەڵام هەنگاو بە هەنگاو بەرەوپێش دەچیت. هیچ پێشنیازێک ڕەت مەکەرەوە تاوەکو بیری لێ دەکەیتەوە.

**دووانە**
ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکەویتە ژێر گوشاری دارایی و هۆکارەکەشی ئەوەیە بەردەوام پشت بە یەک سەرچاوەی داهات دەبەستی، ئەگەر کەمیش بێت دەتوانی هەوڵی کارێکی دیکە بدەیت سەرەڕای کاری سەرەکیی خۆت.

**قرژاڵ**
ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکەویتە ژێر گوشاری دارایی و هۆکارەکەشی ئەوەیە بەردەوام پشت بە یەک سەرچاوەی داهات دەبەستی، ئەگەر کەمیش بێت دەتوانی هەوڵی کارێکی دیکە بدەیت سەرەڕای کاری سەرەکیی خۆت.

**شێر**
خەمبار مەبە بەوەی دۆخەکە بە پێچەوانەی خواستی تۆوە بەڕێوە دەچێت، خۆڕاگر بە چونکە کات بە خێرایی تێدەپەڕێ. کەسایەتیت سەرنجڕاکێش دەبێت بەڵام کاتێکی گونجاو نییە بۆ دروستکردنی پەیوەندی.

**فەریک**
ئەگەر دەتەوێت کارەکەت پێشبکەوێت، ڕێگەی نوێ بدۆزەرەوە، پلانێک دیاری بکە بۆ بەردەوامبوون و گەشەپێدان. بۆ ئەوەی سەرنجڕاکێش بیت دیاریی نایاب پێشکەشی ئەڤیندارەکەت بکە.

**تەرازوو**
ئەم ماوەیە کاتێکی باشە و لە زۆربەی هەنگاوەکاندا بەخت یاوەرت دەبێت، بەشداری لە ململانێدا مەکە یان چاونەترسانە پلانەکەت ئەنجام بدە، سوود لە ڕێنمایی بەرامبەرکەت وەردەگریت.

**دووپشک**
تەنیا ئەو کارانە جێبەجێ بکە کە دڵنیایت لەوەی دەتوانیت ئەنجامی بدەیت. پارەیەکت دەست دەکەوێت هەوڵ بدە بڕێکی پاشەکەوت بکە. خۆت لە تووڕەبوون و ڕووبەڕووبوونەوە بەدوور بگرە.

**کەوان**
هاتنی تیشکی هەتاو بۆ کەلوەکەت گۆڕانکاری نوێ لە بیرکردنەوەتدا دروست دەکات و هەست دەکەیت کەمتەرخەم بوویت لە هەندێک لایەنی ژیاندا، چونکە لەکاتی گونجاودا بڕیاری گونجاوت لەسەر نەداوە.

**گیسک**
لە هەموو دۆخێکی ناخۆشدا هیوایەک هەیە ئەگەر هەوڵی دۆزینەوەی بدەیت. ناتوانی پلانەکەت لە ماوەیەکی کورتدا جێبەجێ بکەیت، وا باشە لە هەموو هەنگاوەکاندا هاناسە درێژ بیت و پەلە نەکەیت.

**سەتڵ**
پێویستە مامەڵەیەکی واقیعی لەگەڵ ڕووداوەکان بکەیت، گرنگی بە وردەکاری بدە نەک ڕووکەش. کاتێک ڕەخنە لە خۆت دەگریت و لای هاوڕێکانت باسی دەکەیت ، ڕێگای چارەسەر دەدۆزیتەوە.

**نەهەنگ**
هەتا بیر لە ڕابردوو بکەیتەوە کردنەوەی دەرگای نوێ قورستر دەبێت. هەوڵ بدە بەخۆشی بژیت، پلانی نوێی کارکردن دیاری بکە و چاوەڕوانی بەڵێنی کەس مەبە. لە کاردا ئەرکە گرنگەکان جێبەجێ بکە.

رووداو
ژمارە (434) - دووشەممە 2016/11/28

# ئەو شەوەی مانگ کەوتە خوارەوە



کامەران سوبحان

(خوێندنەوەی دڵەڕاوکێی خود، لە کڵاوڕۆژنەی شیعرەوە، یان ئەو ساتانەی هیچ شتێک دەرفەتی تێدا نامێنێتەوە بۆ ئەوەی گوزارشت لە دڵی بیمار و دابڕاوت لە ژین و دونیا بکەیت، لەو ساتانەدا، شیعر دەبێتە فریادڕەس و بە کەمترین وشە و زۆرترین گوزارشت، دەتوانێت گۆشەیەکی تاریک و نادیاری نێوان خەیاڵ و گومان، راستی و رووداو بگێڕێتەوە. ئەوەی ئێمە لە دونیای ئەم رێبەرە چاکساز و عارفەدا لە چەند بەش و رەهەندێکەوە دەیخوێنینەوە، تێکەڵەیەکە لە رووداوی راستەقینە و بینینی ئەندێشەکراوی چرکەساتەکانی نووسین. رەنگە ئەم نووسینە تەنیا بەرهەمی خەیاڵدانی ئێمە بێت و هیچی تر. رەنگە بەشێکیش بێت لە راستی و بەسەرهاتەکانی ئەو، وەک کارەکتەرێکی ئەفسانەیی گرنگ لە چوارچێوەی مێژوویەکی دیاریکراودا. خوێنەر ئازادە، نووسینەکە وەک خەیاڵێکی نووسەرەکە دەخوێنێتەوە، یان وەک راستییەکی نێو رووداوەکانی ژیان..)

- 1 -

مەولام، شێخی پایەدار: (ئێوارەیەکی درەنگ، خەریکی تەهلیلەی زیکری ناخی گڕگرتووم بووم، بەتەواوەتی ڕۆچووبووم بە ناخی خۆمدا و بەردەوام هەستم دەکرد دابڕاوم لەم ژینە ناسۆرە و لە دونیای ڕۆحدا دەسوڕامەوە. لەم کەشە ڕۆحییەی خۆم، کتوپڕ دابڕام. بینیم کۆمەڵێک هاوەڵ و بەندەی خودا بەدەنگی گریان و کەمێک هاوار و پاڕانەوە بەسرووودی ئاینی و بە ئاپۆڕایەکی بەرفراوان خۆیان کرد بە حەرەمی مزگەوتدا. کە نیگام تێگرتن، بینیم، تەرمێک بە جاجمێکی سەوزی بریقەدارەوە بەسەر شانیانەوەیە و هەموویان پەلاماریانە بچنە ژێر تەرمەکە. ئەم دیمەنە ڕایچڵەکاندم و لەو کەشە ڕۆحییەی خۆم بەتەواوەتی دایبڕیم. یەکێک لەو پیاوچاکانەی لە پێشەنگی ماتەمگێڕانی تەرمەکەدا بوو، بەرەو ڕووم هات و دەستی ڕاستی کردە تەرمەکە و چاوەکانی گرتە چاوەکانی من و بە دەنگێکی کز و قورگێکی پڕ لە گریانەوە، وتی" ئەمە تەرمی عوسمانی کوڕی عەفان، دووم خەلیفەی موسڵمانانە. لەسەر وەسێتی خۆی، هێناومانە بۆ ئەم مزگەوتە، تا (مەولانا خالیدی کوردیی شارەزووری) رێبەری تەریقەتەکەی ئێوە، بەدەستە پیرۆزەکانی خۆی بیشوات و بەرەو دوا مەنزڵگەی خۆی، بۆ لای یاران و دۆستانی خودای ببەین، زۆر پەشۆکام و هەرچیم کرد زمانم گۆی نەدەکرد و نەمدەتوانی وەڵامی بدەمەوە، بێ دەنگییەک داگیری کردم و ڕاچڵەکیم.)

گێڕانەوەی ئەم رووداوە، خەونی (محەممەد ئەمین بن عابدین) یەکێک لە خەلیفەکانی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)یە. کاتێک ئەم خەونەی بۆ مەولانا خالید دەگێڕایەوە بۆ ئەوەی ماناى خەونەکەی بۆ لێکبداتەوە. (پاش کەمێک بێدەنگی) خالید دەستێکی هێنا بە ڕیشی ماش و برنجیی خۆیدا و بە هێمنی گوتی: "ئەی بەندەی خودا، خەونەکەت خەونی پیاوچاکانە، ئەوە تەرمی من بوو بەسەر شانی ئەوانەوە. چونکە من نەوەی عوسمانی کوڕی عەففانم. کەواتە منم دەمرم. وەسێتیشم بۆ ئێوەی شوێنکەوتووان و موریدانم ئەمەیە: تەبا و کۆک و یەکگرتوو بن".

دوای سێ ڕۆژ بەسەر گێڕانەوەی ئەم خەونەدا، بن عابدین دەڵێت: "شەوێک لە نێوان نوێژی شێوان و خەوتنان بینیم مانگ لە ئاستی ماڵەکەی مەولانا خالید لە ئاسمانەوە کەوتە خوارەوە. ئیدی زانیم مەولانا خالید لەو چرکەساتەدا کۆچی دوایی کردووە".

*مۆژدە ئەی یاقوبی دڵ، وا یوسفی کەنعان گەییشت*
*بۆ خەمی بێ ئینتیهای دووری، دەمی پایان گەییشت*
*بێژە دواوە، گیان سەر لێوم کە یاری نازەنین*
*هەروەکو عیسای مریەم بۆ عیلاجی گیان گەییشت*

*(مەولانا خالید)*

- 2 -

ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنی لە شام، حوزن، بە تەواوەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی گۆشەگیر کردبوو. ئەو گۆشەگیرییە وای لێکرد بەشێوەیەکی سەیر و سەرنجڕاکێش و لە جاران زیاتر ئولفەت بە کتێبە کۆن و غەزەلە نووسراوەکانی خۆیەوە بگرێت و بە گیان و جەستە ئاوێتەیان بێت و لەگەڵیاندا بژی. ئەم تێکەڵبوونە زیکرێکی ڕۆحیی وای بۆ دروست کردبوو کە بەیەکجاری لەسەر زەمینی دەوروبەری خۆی دابیڕێت. ئەمەش هێندەی تر پرسیار و دڵەڕاوکێی لای هاوەڵ و شوێنکەوتووانی دروست کرد. پێشتریش چەندین جار، ئەم گەڕیدە عارفە، لە کاتی دوورکەوتنەوەی لە نیشتیمان، بەم شێوەیە ئولفەتی بەخۆیەوە گرتبوو. بەجۆرێک لەخۆی نزیک بوو بە ئەستەم دەیتوانی خودی خۆی، لەناو شیعر و غەزەلەکانیدا جیابکاتەوە. بەڵام ئولفەت و گەڕانەوەی ئەمجارەیان بۆ خودی خۆی، جیاواز بوو لە هەموو ئەو موناجاتە ڕۆحییانەی پێشتر لە شیعرەکانیدا گوزارشتی لێکردبوو. ئێستا جیاواز لە ساتە رۆحییەکانی ناو شیعرەکانی، گومانێک بە تەواوەتی ناخی هەراسان کردبوو، ئایا ئەم ئەڤینە بێ سنوورە لەگەڵ خودی خۆی، تا کوێ دەیبات؟ لە خۆی دەپرسی ئەم هەستە بە نامۆیی، سەر لە کوێوە دەردەکات؟ ئەمانە لای مەولانا پرسیار و گومانیش بوون. هەمیشە لە کاتی زیکرەکانیدا بیری لێ دەکردەوە و بێ وەڵام و مەلوول بوو لە ئاستیان.

پێشتر لەگەڵ موریدەکانی خەریکی وانە گوتنەوە و شەرحی عیبادەت و زیکر بوو، یان سەری بەسەر لاپەڕە بۆرەکاندا شۆڕ کردبووەوە و خەریکی نووسینی نامە بوو بۆ ئازیزانی دڵ. ئێستا غەرقی گومان و پرسیارکردن بوو. زۆرجار روخساری نوورانی بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوە و دەیپرسی: "خودایە ئەم هەست و گۆڕانە سەیرە چی بوو لەم ڕۆژانەی کۆتایی پێت بەخشیم؟ ڕۆژ بە ڕۆژ، ئاه و ناڵەی دەروونم زیاتر دەبێ. لێت دەپاڕێمەوە شیفای ئەم دڵە بیمارەم بدە؟"

ئەمە ئاماژەیەکی تر بوو بۆ نزیکبوونەوەی تەمەنی مەولانا لە کۆتایی:

*تۆ کە ڕەممێکت بە هاواری گرفتار نییە*
*مل لەمەلقە دوای موت خۆراییە، خۆڕایی*
*تۆ کە گوێی خۆت ئاخنیوە دادی کەس نایەی ئیتر*
*ناڵە ناڵی ڕووت و قووت خۆڕاییە، خۆڕایی*
*تۆ لە خوا ناترسی پیشەت هەر جەفایە و تەفرەدان*
*سەرکوتانی خاکی ڕووت خۆڕاییە، خۆڕایی*
*دڵ بە ساموتەی نیگات بەستراوەتەوە، تۆ بێ قەیدی لێی*
*گیان بە هاوارە لە دووت خۆڕاییە، خۆڕایی*

خوێندنەوەی ئەم غەزەلە شیعرانە، بەو بارە ناجێگیرەی دەروون و ڕۆحەوە، هێندەی تر دەروونی مەولانای ئاڵۆز و بێ ئۆقرە دەکرد. هەمیشە بەو وەڵامە کۆتایی بەو خەڵوەت و گومان و گۆشەگیرییانەی خۆی دەهێنا و دەیگوت: "پرسیار لە عیشق، کوا وەڵامی هەیە". ئەم وەڵامە ئاوێک بوو دەڕژا بە ئاگری ناخی گڕگرتوویدا و دوای چەند ڕۆژێک دادەمرکایەوە. ڕۆژێکی تر و ساتێکی تر، دیسانەوە لەناو بێدەنگی و ڕۆچوون بەناخی خۆیدا یەکپارچە خۆی ون دەکرد. ئەم بارودۆخە لە ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنیدا بەتەواوەتی کەنەفتی کردبوو. تەنانەت زۆر جار موریدەکانی بە بەینینی بەم جۆرەی ئەم ڕێبەرە ڕۆحییەیان لەیەکدییان دەپرسی: "خێرە مەولامان دەڵێی لەسەر زەمین ناژی و بەیەکجاری ڕۆچووە بەناو ڕۆحی ونبووی خۆیدا؟

- 3 -

مەولانا خالید، کاریگەریی زۆری لەسەر زمان و گەشەپێدانی شێوەزاری ئاخافتن و زمانی شیعریی قوتابخانەی شیعری بابان هەبووە. بە جۆرێک چەندین شاعیر، لەو سەردەمەدا بەم شێوازە شیعر و غەزەلیان نووسیوە. لەژێر کاریگەریی شیعری (ئەلوەداع)ەکەی مەولانا خالید لە ماڵی خودا، (سالم)ی شاعیریش، شیعرێکی بەهەمان ریتم و قافیە نووسیوە کە لە کۆپلەیەکیدا دەڵێت:

*ئەلوەداع ئەی مولکی بابان، ئەلوەداع*
*ئەلوەداع ئەی جایی جانان، ئەلوەداع*

سالم لە هەموو شاعیرانی تری قوتابخانەی شیعریی بابان زیاتر لە ژێر کاریگەریی هەستی غوربەت و دووری لە نیشتماندا بووە. ئەویش بەهەمان شێوازی مەولانا خالید کە دەربەدەری وڵاتان بووە، لەو شیعرە بەجۆش و خرۆشەیدا بۆ دووریی لە سلێمانی دەڵێ:

*چەند بە سۆزە ئەی دڵەی سووتاو کزەی هاواری تۆ*
*دیدە ئەی تۆ ئەم هەموو ئاوە کە کردووتە بۆ جۆ*
*ئاوی زەڵم و تانجەرۆ وشکن لە چاوتا بێ درۆ*
*خوێنی دڵ وا هات بە چاوما بوو بە جۆگەی بەکرەجۆ*
*هەردوو سەرچاوەی چەمێکن کردمە تاسەی سەرچنار*
*شیوە سوورە ئەشکی دیدەم پەیڕەوی لافاو ئەکەم*
*شەو بڵێسەم بەرزە وێنەی باوەگوڕگوڕ ناو ئەکەم*
*دەست شکستەم بۆیە مەیلی مۆمیای بێ خاو ئەکەم*
*باوە مردەی (باوە مردە)م ئاڵباڵخە چاوەکەم*
*خۆزگە ئەمبیست پێم بڵێن وا (باوەگێڵدی) گەییە شار*
*کەس نەبێ لە دنیادا (سالم) وەکو من تووشی دەرد*
*بێ نەوا کەوتووەتە غوربەت، ناتەواوە ڕەنگی زەرد*
*شیعری مەولانا دەخوێنم هەڵئەکێشم ئاهی سەرد*
*خالدا گر نیستی دیوانە و سەحرا و نوورد*
*تو کجا و کابل و غزنین و خاک قندهار*

ئەم شیعرە، لەژێر کاریگەریی ئەو شیعرەی مەولانا خالید نووسراوە کە لە هیندستانەوە سۆزی دووریی خۆی بە شیعرێک بۆ سلێمانی نووسیوە:

*بێ نەواو و دڵ لە خەم کەیل و غەریب و بێ نەسیب*
*دەست لەسەر دڵ، سەر لەسەر ئەژنۆ، چاو لە ڕێگەی پرسیار*
*دڵ سووتاو و جەرگ بڕاو، کۆڵان بە کۆڵان دەربەدەر*
*کەس بەدەردی من نەچێ، دوورکەوتەی یار و دیار*
*خوێنی دڵ وا هات بە چاوما بوو بە جۆگەی (بەکرەجۆ)*
*هەردوو سەرچاوەی چەمێکن، کردمە تاسەی سەرچنار*
*باوە مردەی باوە مردەم، ئاڵبوڵاغی چاوەکەم*
*خۆزگە ئەمری پێم بڵێن وا باوە گێڵدی گەییە شار*
*پێم بڵێ خالید. ئەگەر تۆ وا ڕەهەندە و شێت نەبی*
*تۆ لە کوێ و کابول و غەزنەین و وڵاتی قەندەهار.*

مەحوی شاعیریش، بەهەمان شێوەی سالم، لە شیعرێکیدا بەناوی (لە ستایشی مەولانا)، سۆزێکی شیعریی بۆ مەولانا خالید دەنووسێت، تژی لە حوزن بۆ مەرگی و ستایش بۆ ڕێبەرێکی تەریقەت و سۆفیگەری، بەم شێوەیە هەستی خۆی بۆ مەولانا دەردەبڕێت:

*دڵم ئەمشەو نەخۆشی نیسبەتی چاوێکی بیمارە*
*جگەر خەڵتانی خوێنی حەسرەتی لێوێکی خونخوارە*
*سەرم شێواوە شێواوی فیتنە هەڵگیرسێتی شۆخێکە*
*حەواسم تەفرەقەی عیشوەی دڵئاشوبێکی عەیارە*
*خەیاڵی زوڵفی دەرناچێ لە دڵ، تا دەرنەچێ ڕۆحم*
*سپێراوە خەزێنەی بەختی ئێمە بەو سیا مارە*



بۆچوونێکیش هەیە کە شیعرە ناودارەکەی (نالی) لە ئیستەنبوڵ، لەژێر کاریگەریی هەمان هەست و سۆزی غوربەتی مەولانادا خالید لە هیندستان و شام نووسرابێت:

*قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور*
*ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور*
*ئەی لوتفەکەت خەفی و هەواخواە و هەمدەمە*
*وەی سروەکەی بەشارەتی سەرگۆشەی حوزور*

لە شیعرە ئەڤیندارییەکانیشیدا، وێناکردن و گوزارشتی شیعری لەو ریتم و شێوازە بووە کە (سالم و نالی و مەحوی) لە شیعردا وێنایان کردووە، ئەمەش بۆ کاریگەرێتی و لێکچوونی شیعریی قوتابخانەی بابان کە لەو سەردەمەدا لەسەر زمان و ئەدەبیات هەیبوو، دەگەڕێتەوە. ئەمە دوو بڕگە لەو شێوازە شیعرییەی مەولانا خالید، لە دوو شیعری جیاوازدا:

*سوێند ئەخۆم بەو خاڵی سەرگۆنەی گوڵە*
*سوێند ئەخۆم بەو خەتی وێنەی سونبوڵە*
*سوێند ئەخۆم بەو قامەتەی سەرووی چەمەن*
*گیانی من عیشقی ئەو وەک بولبولە*
*****
*مرد لە دووریی ڕووی تۆ ئەی نازەنین فریام کەوە*
*دڵ بوو بە خوێن لە خۆیی تۆ ئەی نازەنین فریام کەوە*
*چاوم ڕوا بۆم نەلوا جارێ بەلای منا بڕوا*
*سەروی قەددی دڵجویی تۆ، ئەی نازەنین فریام کەوە*
*خالید ساتێکە و ئەو سایە، بێ ڕووی تۆ چاوی هەڵنایە*
*لای زیندانە ئەم دونیایە، ئەی نازەنین فریام کەوە*

- 4 -

وەک دەگێڕنەوە، یەکەم کتێبی چاپکراوی کوردی لەساڵی 1844 لە ئیستەنبوڵ دەرچووە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو سەردەمە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە بەهێزترین قۆناغەکانی پەلهاویشتن و دەسەڵاتیدا بووە. کتێبەکەش دیوانە شیعرێکی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) بووە. ئەم کتێبە کۆکراوەی شیعرە کوردی و فارسی و عەرەبییەکانی بوو.

شیعرەکانی مەولا جێی هەڵوێستەن، هەرچەندە ژمارەیەکی یەکجار زۆر شیعری بەو سێ زمانە نووسیوە، بەڵام بەشێکیان شوێنبزر بوون.

شیعرە عەرەبی و فارسییەکانی مەولانا ئاستێکی بەرزی رەوانبێژییان هەیە، هەرچەندە شیعری لاواز و دووبارە و خۆجوینەوەشی تێدایە. شیعرە کوردییەکانی بە شێوەزاری (گۆران) هۆنیوەتەوە. لە داڕشتن و شێوازی قافییەدا پەیڕەوی هەمان رێچکەی شاعیرانی شێوەزاری (گۆران)ی کردووە. لەگەڵ ئەوەی مەولانا دوور بووە لە کوردستان و بەشی زۆری تەمەنی لە غەریبیدا بردووەتە سەر، بەڵام شارەزاییەکی وردی ئەو شێوەزارەی هەبووە لە نووسینی شیعرە کوردییەکانیدا کە ژمارەیەک کۆپلەی کەمن لە چاو شیعرە عەرەبی و فارسییەکانی. ئەو شیعرانەی بەم شێوەزارەی نووسیون، لەچاو شیعرەکانی تری کە بە عەرەبی و فارسی نووسیون، کەمتر رەوانبێژی و ئاستی شیعری تێدا دەبینرێت. رەنگە ئەم شیعرانەش بەشی زۆریان هی سەرەتای نووسینی شیعریی بێت و هی ئەو ساڵانە بێت کە لە سلێمانی و سنە ماوەتەوە. پاشتر کە سلێمانی بۆ بەغدا و شام و هیندستان و مەککە جێهێشتووە، ئیدی بەو دوو زمانەی تر، شیعری نووسیوە.

ئەمە کۆپلەیەکە لە شیعرێکی بە شێوەزاری گۆران کە پێموایە ئەزموونی سەرەتایی نووسینی شیعرەکانی مەولانا بێت:

*ئارام لێم سەندەن سەودای فیراقت*
*دڵ قەقنەس ئاسان جە ئیشتیاقت*
*تاقەت تاق بیەن پەی ئەبرۆی تاقت*

ئەمە جگە لەوەی چەندین شیعری تری لاواندنەوەی ئاینی و ستایشی پەیامبەری ئیسلامی بە زمانی کوردی نووسیوە:

*بە عەرش و کورسی، بە لەوح و قەڵەم*
*بە مەلائیکان خاسەی موحتەرەم*
*بە دەفتەرداران دیوان لاهووت*
*بە زیکری تەوحید جەرگەی مەلەکووت*
*بە سۆز ئادەم، بە دیدی نمین*
*ئەوڕۆ جە بەهەشت کەفت نە ڕووی زەمین*
*بە خەڵاسی نووح جە تۆفان تۆفان*
*بە شادی خەلیل ڕۆی عیدی قوربان*
*بە سیدقی هاروون بە قروب موسا*
*بە پاکی مریەم، بە تەقوای عیسا*

پیرەمێرد لە گۆڤاری (ژین)دا بە چەند ژمارەیەک، بەشێکی زۆری شیعرەکانی مەولانای کردووە بە کوردی، هەرچەندە بەراورد بە زمانە تایبەتەکەی مەولانا، پیرەمێرد گۆڕانی لە هەندێ مانا و هێمای شیعرییدا کردووە، بەڵام کە هەموو شیعرەکان دەخوێنیتەوە، ئەو ڕۆحە سۆفیگەرێتی و خود دواندن و گوزارشتە ڕەوانبێژییەی تێدا دەبینی کە یەکێکە لە تایبەتمەندی و ناسنامە دیارەکانی شیعری مەولانا خالیدی نەقشبەندی.

خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی غەزەل و شیعرە وەرگێڕدراوەکانی و ناونانی بە "ڕۆحی مەولانا خالید" لەلایەن پیرەمێردەوە، گۆشە و ڕەهەندێکی ترە لە خوێندنەوەی من، بۆ دونیا فراوانەکەی رێبەری تەریقەتی نەقشبەندی کە پرۆژەی کتێبێکە و لە دەرفەتێکی تردا دەیخەمە ڕوو.

# دەربارەی هاوڕێیەتی

"داری باش لەڕێی بەرەکەیەوە بناسن"

مەسیح

ئارام ناسیح

کاتێک مەنسووری حەللاج بەتۆمەتی زەندیقبوون و سوکایەتی بەزاتی ئیلاهی بەناو ئاپۆڕەی حەشاماتدا دەبەن بۆ مەیدانی لەخاچدان، هەمووان بەردی تێدەگرن، بەڵام شبلیی هاوڕێی گوڵێکی تێدەگرێت، ئەویش لەقووڵایی دڵەوە ئاهێک هەڵدەکێشێت. کە لێی دەپرسن هۆی چییە ئەو هەموو بەردەت تێگیرا دەنگت لێوە نەهات کەچی بەو گوڵەی شبلی لەدڵەوە نیگەران بوویت؟ لە وەڵامدا دەڵێت: "ئەوانەی بەردیان تێگرتم نەزانن، دەیانبەخشم، چونکە نازانن چی دەکەن، بەڵام شبلی دەزانێت کە دەبێت ئەو کارە نەکات (عەتار نیشاپوری: 1386: 517). تەفسیری ئەو نیگەرانییەی حەللاج لە هاوڕێکەی پرسیاری قووڵ دروست دەکات دەربارەی چەمک و ماهیەتی هاوڕێیەتی. ئاخر تراژیدییە هاوڕێکەت لە ریزی حەشاماتدا بینەری ئەو هەموو نەفرەتە بێت کە بەسەرتدا دەبارێت. ئەوە چ کەسێکە جورئەتی ئەوە دەکات وەک تەماشاکەرێک ببینێت هاوڕێکەی لەتوپەت دەکرێت و تف دەکرێتە تەوێڵی و تا پلەی شەیتان ناشیرین دەکرێت؟ ئەوەی پرسیاری حەللاجیشە ئامادەبوونی شبلییە لەناو ئاپۆڕەی عەوامی ئاشووبگەر و تێگرتنی گوڵێکە کە بەلای حەللاجەوە ئازاری لە هەموو ئەو بەردانەی تێیگیرا بەسوێتر بوو.

ئەم ڕووداوەی حەللاج ماچەکەی یەهوزامان بیردەهێنێتەوە. کاتێک یەهوزا لە بەرامبەر وەرگرتنی سێ دراوی زیودا پێش جووەکان دەکەوێت و شوێنی مەسیحیان بۆ ئاشکرا دەکات، یەهوزا پێیان دەڵێت: ئەو کەسەی ماچی دەکەم ئەوە مەسیحە و بەوجۆرە بەهۆی ماچەکەی یەهوزاوە عیسا دەستگیر دەکرێت و دواتر لەخاچ دەدرێت. یەهوزا هاوڕێ و خوێندکاری مەسیح بوو. کاتێک سەربازەکان دێن و قۆڵبەستی دەکەن، ڕوو دەکاتە یەهوزا و پێیدەڵێت:" یەهوزا بەماچ ڕۆڵەی مرۆڤ دەدەیت بەدەستەوە..لۆقا: 22". لێرەدا ئەوە ماچی هاوڕێیە دەبێتە خەنجەرێکی ژەهراوی و دەچێت بەپشتی مەسیحدا و کۆتایی بەژیانی دێنێت. هەموو ئەو سوکایەتیەی بەمەسیح دەکرێت، سەرەتا لە ماچەکەی یەهوزاوە دەست پێدەکات. هەرچەندە دواتر یەهوزا پەشیمان دەبێتەوە و سێ دراوەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ پەرستگا، بەڵام کاهینەکان دەڵێن: "ئەمە نرخی خوێنە، ناشێت بۆمان بیخەینە گەنجینەی پەرستگاوە..مەتتا: 27"، بۆیە زەوییەکی پێدەکڕن و دەیکەن بە گۆڕستان بۆ بێگانەکان. یەهوزاش لە ئازاری پەشیمانیدا خۆی هەڵواسی و خۆی کوشت.

ڕووداوەکانی ناو ئەم چیرۆکانە دەمانبەنەوە سەر ئەو پرسیارە ئەخلاقییە گرنگەی کە بەنیسبەت ژیانی مرۆڤەوە پرسێکی جەوهەرییە، ئەویش هاوڕێیەتییە. ئایا هاوڕێیەتی چییە؟ چ خزمەتێک بەپرۆسەی کامڵبوونی عەقڵی و ڕۆحیی مرۆڤ دەکات؟ هاوڕێیەتی هەڵگری چ بەهایەکی ئەخلاقییە؟

ئەرستۆ یەکێکە لەو فەیلەسووفانەی کە بە قووڵی لەبارەی هاوڕێیەتیەوە قسەی کردووە: ئەو پێیوایە هاوڕێیەتی فەزیلەتێکە مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەیەوە ئاسوودەیی بەدەست بهێنێت کە دوا ئامانجی ژیانە. هاوڕێیەتی نەک تەنیا پێویستییە لە ژیاندا، بەڵکو لە هەمانکاتدا جوان و شەریفانەیە، زیاتر لەمە هاوڕێیەتی وێکچوون و هاوبەشییەکی ویژدانییە. لە کتێبی (ئەخلاقی نیکۆماخۆس)دا ئەرستۆ هاوڕێیەتی بۆ سێ شێوە پۆلێن دەکات بەرئەساسی سێ پرەنسیپ کە بریتین لە: بەرژەوەندی، چێژ و فەزیلەت.

– هاوڕێیەتیەک کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە، هاوڕێیەتیەکی سادەلەوحانەیە و بە نەمانی بەرژەوەندییەکە، ئەویش کۆتایی دێت.

– ئەو هاوڕێیەتیەی بەرئەساسی چێژە، ئاسان دروست دەبێت و بەئاسانیش لەناودەچێت پاش تێرکردنی چێژ یاخود گۆڕینی سروشتەکەی.

– هاوڕێیەتیەک کە پرەنسیپەکەی فەزیلەتە، باشترین جۆری هاوڕێیەتییە کە لەسەر بنەمای وێکچوونی فەزیلەتە و تەمەنێکی درێژی هەیە. (ئەرستۆ:1924: 230).

لای ئەرستۆ هاوڕێیەتی کاتێک دەگات بەکەماڵ کە هەرسێ توخمی (بەرژەوەندی، چێژ، فەزیلەت)ی تێدا بەرجەستە ببێت. ئەو پێیوایە هاوڕێیەتی ڕاستەقینە کورت دەبێتەوە لەیەک کەسدا، چونکە فرە پەیوەندی ناتوانێت خاوەن قووڵاییەکی خوازراو بێت. سەختە کەسێک بتوانێت خۆشەویستیی زۆرترین کەس بەدەست بهێنێت و لەتەکیشیاندا لە پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی تەواودا بێت.

لەبارەی ئەو ناکۆکیانەی لەنێوان دوو هاوڕێدا دروست دەبن، ئەرستۆ پێیوایە جیاوازی ماهیەتی ئەو ناکۆکیانە پەیوەستە بەو بنەمایانەوە کە هاوڕێیەتیەکەی لەسەر دروست بووە.

ئەو هاوڕێیەتیەی کە لەسەر بنەمای فەزیلەتە هیچ گازندە و سەختییەکی تێدا دروست نابێت، چونکە لەبنەڕەتدا هاوڕێیەتییەکە لەسەر کردەی چاک دروست بووە. هاوڕێیەتییەکیش کە بەرمەبنای چێژە هیچ ناکۆکییەکی تێدا دروست نابێت چونکە لە حاڵەتی تێرکردنی چێژ هاوڕێیەتییەکە خۆی کۆتایی دێت. سەختی و ناکۆکی لەو شێوە هاوڕێیەتییەدا دروست دەبێت کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە، لەبەرئەوەی هەرلایەک دەیەوێت زیاتر لەو بەشە وەربگرێت کە پێیدراوە. هاوڕێیەتییەک کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و چێژە، ئەوە هاوڕێیەتی نێوان خراپەکارانە نەک مرۆڤی خاوەن فەزیلەت (ئەرستۆ: 1924:235).

بەبڕوای ئەرستۆ چۆنیەتی پەیوەندیمان لەگەڵ خودی خۆماندا، سروشتی پەیوەندیمان لەگەڵ ئەوانی دیکە دەستنیشان دەکات. کاتێک کەسێک چاکە و ئاسوودەیی بۆ هاوڕێکەی دەوێت، ئەوا بۆ خودی خۆی دەوێت چونکە لە هاوڕێکەیدا خۆی دەبینێتەوە. هاوڕێیەتی تاکە پەناگەیە کە مرۆڤ لە کاتی خۆشبەختی و بەدبەختیشدا پەنای بۆ دەبات. هەرچەندە ئینسان زیاتر دەوڵەمەند بێت و هەست بە هێز و توانا و شکۆ بکات، هەر پێویستی بەوەیە هاوڕێکانی لەدەوری بن (ئەرستۆ: 1924: 219).

ئەرستۆ پەیوەندییەک دروست دەکات لەنێوان عەدالەت و هاوڕێیەتیدا، بەبۆچوونی ئەو ئەگەر ئینسانەکان یەکتریان خۆشویست، ئیدی هیچ پێویستییەک بە عەدالەت بوونی نییە، چونکە باشترین دادپەروەرییەک کە لە دونیادا هەیە، بەبێ هیچ ئەرگومێنتسازییەک، ئەو دادپەروەرییەیە کە لە هەست و خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت (ئەرستۆ: 1924: 221).

لەژێر کاریگەریی ئەرستۆدا، ئیبن مەسکەوەییە بەم جۆرە ئەو سێ شێوەیەی سەرەوە لە هاوڕێیەتی وەسف دەکات:

– هاوڕێیەتییەک کە لەسەر بنەمای چێژە بەخێرایی دروست دەبێت و بەخێراییش لەناودەچێت، لەبەرئەوەی چێژ یەکێکە لەو شتانەی دەگۆڕێت. ئەم شێوازە لە هاوڕێیەتی زیاتر لەناو گەنجاندا بڵاوە.

– ئەو هاوڕێیەتییەی کە بەرئەساسی بەرژەوەندییە لەسەرخۆ دروست دەبێت و بە نەمانی بەرژەوەندییەکە ئەویش بەخێرایی کۆتایی دێت. ئەم تەرزە لە هاوڕێیەتی زیاتر هاوڕێیەتی نێوان پیاوە بەتەمەنەکانە.

– هاوڕێیەتییەک کە بنەماکەی فەزیلەتە، بەخێرایی دروست دەبێت و لەسەرخۆ لەناودەچێت، چونکە چاکە دەمێنێتەوە لەنێوان مرۆڤەکاندا. ئەمە شێوازی سەداقەتی نێوان مرۆڤە مەزنەکانە (د.اسامە سعد: 1993: 20).

سوهرەوەردی مرۆڤ پۆلێن دەکات بۆ سێ جۆر، جۆرێکیان وەک خواردنە کە ناتوانین دەستبەرداری بین، جۆرێکی دیکەیان وەک دەرمان وایە کە هەندێک کات پێویستمان پێیەتی و جۆرێکی دیکەشیان وەک پەتایە کە هەمیشە لێی ڕادەکەین (هەمان سەرچاوە لا 22).

ئەبوحەییانی تەوحیدی هاوڕێیەتی چاک و خراپ لە ڕێگەی بەرئەنجامەکانیەوە دەناسێنێ، ئەو پێیوایە هاوڕێیەتی پیاوی مەزن دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی چاکە و هاوڕێیەتی خراپەکارانیش دەسکەوتنی خراپەیە. ئەبوحەییان دوو جۆر لە هاوڕێیەتیمان پێ دەناسێنێت: یەکەمیان ئەو هاوڕێیەتیەیە کە تێیدا کەسەکە بەرامبەر هاوڕێکەی قسەی چاک دەکات بەبێ ئەنجامدانی هیچ کارێکی چاک. دووەمیان بەپێچەوانەوە کاری چاک دەکات بۆ هاوڕێکەی بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەکی باش بکات لەبەرامبەری.

ئەبوحەییان هاوڕێیەتی بەچاکەیەکی مەزنتر و جوانتر لەعیشق دەزانێت بۆ مرۆڤ. پێیوایە هاوڕێیەتی بۆ هەموو کات و بارودۆخێک گونجاوە، لەکاتی جددی و گاڵتەوگەپدا، لەکەمی و زۆریدا هاوڕێیەتی چێژێکە بۆ عەقڵ و ڕۆح، بەڵام عیشق چێژێکە بۆ چاو، لەهەمان کاتدا چێژێکە لێوانلێو لە گومان و ڕاڕایی. پابەندبوون بە مەعشوق دەبێتە هۆی وروژاندنی هەستی غەمباری و نادڵنیایی و لەزۆربەی کاتەکاندا پەیوەندیی نێوان عاشق و مەعشووق درێژە ناکێشێت (د.اسامە سعد: 1993: 24).

## پارادایمێکی دیکە

پێچەوانەی هاوڕێکانی مەسیح و حەللاج، مۆدێلێکی دیکەی هاوڕێیەتی لە ئەفسانەی گلگامێشدا دەبینین کە سەرچاوەی ئیلهام و کامڵبوونی ڕۆحی مرۆڤە. خۆشەویستیی گلگامێش بۆ ئەنکیدۆی هاوڕێی دەستپێکی دروستبوونی ئەو پرسیارە قووڵەیە کە دواجار هەموو ژیانی گلکامێش گەڕانە بەدوای وەڵامەکەیدا. مەرگی ئەنکیدۆ هەژانێکی ڕۆحیی قووڵە بۆ گلگامێش، هۆشیاربوونەوەیەکی وجوودیشە لەهەمبەر چارەنووسی مرۆڤ و حەتمیەتی فانیبوونی لە ژیاندا. لە تابلۆی هەشتەمدا گلگامێش لەسەر تەرمی ئەنکیدۆی هاوڕێی بەم شێوەیە تەعبیر لە حوزنی خۆی دەکات: "ئەنکیدۆ، هاوڕێ و خۆشەویستی ساڵانی گەنجیم، ئەی ئەو پڵنگە کێوییەی کە لێرەدا نوستووە و دریغی لەهیچ شتێک نەدەکرد، پێکەوە بەکێوی خوداکاندا سەرکەوتین تا مانگای ئاسمانمان گرت و کوشتمان، خومبابامان لەسەر زەوی ڕاماڵی، ئەو کە لە دارستانی سدر دەژیا، ئێستا ئەم خەوە قووڵە چییە تۆی لەباوەش گرتووە؟ تۆ لە تاریکیدا دەگەڕییت و ئیدی ئێمە نابینیت (گلگامش، لوح هشتم: 67).

مەرگی ئەنکیدۆ بۆ گلگامێش ڕاچەڵەکینێکی گەورەیە، ئەوان کە تا دوێنێ وەک دوو هاوڕێی سەمیمی دەژیان و ڕووبەڕووی دوژمن دەبوونەوە، ئێستا هیجرەتی ئەنکیدۆ برینێکی قووڵی لە ڕۆحی گلگامێشدا دروست کردووە. هەر لە تابلۆی هەشتەمدا گلگامێش دەڵێت: "هاوڕێکەم کە لە هەموو یادەوەرییەکاندا هاوبەشم بوو، شەش ڕۆژ و شەش شەو بۆی گریام، تا ڕۆژی حەوتەم بەخاکم نەسپارد. چارەنووسی هاوڕێکەم زۆر سەخت و گرانە لەسەر شانم چۆن دەتوانم ئارام بم، چۆن دەتوانم هاوار بکەم؟ هاوڕێکەم، کە خۆشمەدەویست بووە بە خۆڵ. ئەنکیدۆ، هاوڕێی من وەک خاکی لێهاتووە (هەمان سەرچاوە لا 69).

مردنی ئەنکیدۆ ئەو پرسیارە ئەبەدییەی لای گلگامێش زیندوو کردەوە کە لەوەتای ئینسان هەیە بۆ وەڵامەکەی دەگەڕێت، ئەویش پرسیاری نەمرییە. مرۆڤ چۆن دەتوانێت جاویدان بێت؟ چ شتێک ئینسان لە فانیبوون ڕزگار دەکات؟ ترس لە مەرگ سامناکترین وێنەی ناو خەیاڵدانی مرۆڤە، بۆیە بەردەوام هەوڵ دەدات خۆی لەم ترسە ڕزگار بکات. گلگامێش ترسی مەرگ وای لێدەکات وێڵی نەمری بێت، هەموو هەوڵی بۆ بەدەستهێنانی جاویدانیە. لە تابلۆی نۆیەمدا دەڵێت: "من هەروەک ئەنکیدۆ نامەوێت بمرم، من ئازار دڵی شۆڕدوومەتەوە، من لە مەرگ دەترسم. ئێستا بەرەوڕووی سەحراکان ڕادەکەم و ڕێگا دەگرم تا دەمگەیەنێتە ئوتناپیشتیم، ئەو کە ژیانی جاویدانی بەخشیوە، ڕادەکەم تا بە ئەو دەگەم.

بەبڕوای من مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی، کەسانی وەک یەهوزا و ئەنکیدۆش دێنە ناو پەیوەندییەکانیەوە، بەڵام لەدواجاردا ئەوە عەقڵ و تێگەیشتنی خۆیەتی کامیان هەڵدەبژێرێت. هاوڕێیەتی گەورەترین دەسکەوتی ژیانە، بەڵکو بەقەولی شیشرۆن، لە سەروو هەموو ئیعتیبارێکی دیکەی ئینسانیەوەیە کە خزمەتێکی گەورە بەپرۆسەی کامڵبوونی عەقڵی و ڕۆحیی ئینسان دەکات و بگرە مەرجێکی سەرەکیشە بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری. هەر پەیوەندییەکیش پێچەوانەی ئەم مەغزا قووڵانەی هاوڕێیەتی بوو، ئەوا وەک ئەرستۆ دەڵێت: ئەوە پەیوەندی نێوان خراپەکارانە نەک مرۆڤە مەزنەکان.





# لەڕوانگەی(ئۆشۆ)وە

حەمەسەعید حەسەن

(15)

نەخۆشیی دەروون بە جۆرێک تەشەنەی کردووە، زۆرینە دووچاری هاتوون و زەمین وەک شێتخانەیەکی بەرینی لێ هاتووە. ئەو نەخۆشییەی، دەروونی خەڵکی دونیای گرتووەتەوە، ناوی نێرگزیبوونە. ئەوە ژیانە لە وەهمدا کە هەموو کەسێک خۆی بە سەربەخۆ دەزانێت و ئەو وەهمە، ئینسان بەرەو شێتبوون دەبات. بۆچی هەموومان نەخۆش کەوتووین؟ چونکە زمانی خۆشەویستیمان لەبیر چووەتەوە و بوێریی ئەوە شک نابەین، ئەو سەرچڵییە بکەین کە ناوی خۆشەویستییە.

بۆچی ئەو خەڵکە بایەخ بە سێکس دەدەن؟ چونکە کارێکی کاتەکییە، بەڵام خۆشەویستی، وابەستەی کاتێکی دیاریکراو نییە، ڕەگی قووڵ ڕۆ دەچێت و ڕەنگە بۆ هەمیشە درێژەی هەبێت. خۆشەویستی پێویستی بە هاوسۆزییەکی گەرموگوڕ و بە ئولفەتێکی قووڵ هەیە، بەڵام سێکس تەنیا چێژوەرگرتنە لە جەستەی یەکدی و هیچی تر، ئاخر ڕۆح تێیدا بەشدار نییە. خۆشەویستی با ئازاریشمان بدات، نابێت خۆمانی لێ بدزینەوە، چونکە بەهۆی ئازاری خۆشەویستییەوە، ئینسانێکی پێگەیشتوومان لێ دەردەچێت.

ئەوە تەنیا خۆشەویستییە لەوە دڵنیامان دەکاتەوە کە ژیان بێمانا نییە، ئەوانەی باس لە بێمانایی ژیان دەکەن، بە ئەزموونی خۆشەویستیدا تێنەپەڕیون. ئەوە کێشە نییە، ئەگەر خۆشەویستی بە تاریکی دەست پێ بکات، چونکە خۆر لە منداڵدانی شەوەزەنگەوە دێتە دەرەوە. خۆشەویستی نوێژێکی سرووشتییە، هیچ دینێک لە سەرمانی فەرز نەکردووە. خۆشەویستی هێزێکە، تۆ وەک تاکەکەسێک لەنێو دەبات و بۆ ئەوە کۆمەکت دەکات، ببیت بە ناکۆتا، ئاخر تۆ وەک شەونمێک لە ئۆقیانووسی مرۆڤایەتیدا بزر دەکات. کە تۆ وەک شەونمێک بزر دەبیت، بەوە نامریت، ئەوەی دەمرێت، وەهمی نێرگزیبوونە کە لە تۆ وابوو، حەقیقەتە.

خۆت بناسە، یان خۆت خۆش بوێت؟ عەقڵی یۆنانی چونکە تامەزرۆی زانین بوو، بۆیە گەورەترین کەلەپووری لە فەلسەفەدا بۆ مرۆڤایەتی بەجێ هێشتووە. وەک چۆن ناتوانین وەڵامی: من کێم، بدەینەوە، ئەگەر خۆمان نەناسین و دەرک بە هەبوونی خۆمان نەکەین، هەر وایش ناتوانین لە خۆشەویستی تێبگەین، ئەگەر خۆمان عاشق نەبین. خوشەویستی ئەوە نییە، خۆمان بە دەست شەپۆلی سۆزەوە بدەین و زوو زوو هەڵبچین، خۆشەویستی ئەوەیە، وەک چۆن دەتوانین بەرانبەر شتەکانی دەرەوەی خۆمان بابەتی بین، بەرانبەر حەقیقەتی خۆیشمان بابەتی بین.

خۆت بناسە، زادەی عەقڵی یۆنانییە، لای هیندۆس، خودی خۆت بە! یان خۆت بە وەک هەیت! جێی بایەخە. عەقڵی یۆنانی، عەقڵێکی زانستییە، بەڵام عەقڵی هیندی، عەقڵێکە دینی، ئەوە بۆیە تا ئێستایش ئەوی لەدووی زانست بگەڕێت، ڕوو لە ئەورووپا دەکات، بەڵام ئەوی شەیدای ئایینناسی بێت، ڕێی خۆرهەڵات دەگرێتە بەر. بۆ ئەوەی بابەتییانە سەیری خودی خۆمان بکەین، پێویستمان بەوە هەیە، لە ناخی خۆمان بچینە دەرەوە، ئینجا لە خۆمان ورد ببینەوە. ئەم تێڕوانینە بە عەقڵێکی زانستی دەکرێت، نەک ئایینی. لای عەقڵی یۆنانی، خۆت خۆش بوێت، بیرۆکەیەکی گەمژانەیە، ئاخر خۆشەویستی پێویستی بە دوو لایەن هەیە.

لای عەقڵی هیندۆس، تۆ لە پێناوی تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆتدا، ژنەکەتت خۆش دەوێت، ئەوت خۆش ناوێت، لەڕێی ئەوەوە کە خۆشیت پێ دەبەخشێت، خۆت خۆش دەوێت. هەر لە پێناوی خۆشیی خۆتدا، منداڵ و هاوڕێکانیشت خۆش دەوێن، ئاخر ئەوان دەکەیت بە پردی پەڕینەوە بەرەو خۆشویستنی خۆت. لە هیندۆس وایە، ئیللا دەبێت، خۆت خۆش بوێت. لای یۆنان، خۆشەویستی پێویستی بە ئەوی تریش هەیە، بەڵام ڕاستییەکەی، خۆشەویستی ئەوەیە، لە سەرەتاوە بە دووان دەست پێ دەکات، بەڵام دواتر دەبن بە یەک.

خۆشەویستی یان نییە، یان کە هەبوو، ئیدی پێویستی بەوە نابێت، هیچی تری لێ زیاد بکەین. خۆشەویستی بە چەندایەتی نییە، تا بتوانین زیاتری بکەین، بە چلۆنایەتییە کە نە هیچی لێ کەمە و نە لێی زیاد دەکرێت. چۆن بتوانم تۆم باشتر خۆش بوێت؟ بەو پرسیارەتدا دیارە، هێشتا تامی خۆشەویستیت نەکردووە و دەتەوێت نەبوونی خۆشەویستی لە کنت، لەژێر پەردەی نەزانیندا بشاریتەوە، ئاخر ئەوی خۆشەویستیی ئەزموون کردبێت، پرسیاری وا ناکات.

بۆ ئەوەی بزانین خۆشەویستی چییە، هەنگاوی یەکەم پێویستە لە ئارەزووی جیا بکەینەوە. ئارەزوو هەڵچوونێکی نابینایانەیە، بەڵام خۆشەویستی بۆنێکی خۆشە، بێدەنگی و ڕامان بەرهەمی دەهێنن و هیچ پێوەندی بە بایەلۆجی و هۆرمۆنەوە نییە. خۆشەویستی فڕینی تێگەیشتنمانە بەرەو دونیایەکی باڵاتر لە مادده و لە جەستە. مادده: (ماترا) یە و (مەتر)یش هەر لە هەمان گوتەوە هاتووە، مەبەست لە (خۆشەویستی لەسەروو ماددەوەیە،) ئەوەیە کە ملکەچی پێوانە نییە و تا بەرزتر هەڵبکشێت، لووتکەی بڵندتری لێوە دیارە، ئاخر لە تێگەیشتنی ئینسان دەچێت کە ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێت، سنووری بۆ نییە.

خۆشەویستی زادەی هۆشیارییەکی بڵندە، وەک بۆنی گوڵەباخ وایە، لە گوڵەکەدایە، لە ڕەگی دارگوڵەکەدا نییە. بایەلۆجی ڕەگی درەختەکەیە، هۆشیاری بەرەکەیەتی، بە هۆی هۆشیارییەوە دەرک بە خۆشەویستی دەکەین، هەر دەرکیشمان پێ کرد، هەست بە بەختەوەری دەکەین، ئیدی لەو بەختەوەرییە بەشی ئەوی تریش دەدەین، ئەوی بەو بەختەوەرییە نەگات، ناتوانێت خۆشەویستی ببەخشێت. کێشەکە ئەوەیە هەمووان شەیدای ئەوەن خۆشەویست بن، بێ ئەوەی هۆشیاری شک ببەن، ئاخر بەبێ هۆشیاری ناتوانین بۆنی گوڵی خۆشەویستی بکەین.

بۆ ئەوەی خۆشەویستی ببەخشینەوە، پێویستە ناخمان گوڵزارێک بێت پڕ لە گوڵی بۆنخۆش، ئەگەرنا دەرک بە مانای خۆشەویستی ناکەین. چۆن ناخمان پڕ ببێت لە گوڵ و چۆن هەست بە خۆشەویستی بکەین، ئەگەر ملەی نەخۆشیی دەروون، ناخمان بکێڵێت، ئەگەر دەروونمان بە ئامۆژگاریی واعیز ژاراوی بووبێت و هەمیشە هەست بە گوناهباریی خۆمان بکەین! ئەوی هەست بە کەموکووڕی بکات، ڕێزی بۆ خۆی نامێنێت و شکۆی خۆی بە تێکشکاوی دێتە بەرچاو، ئیدی چۆن هەست بە بەختەوەری بکات و چۆن خۆشەویستی ببەخشێت؟

خۆشم دەوێیت! ئەو دەربڕینە، لە زۆربەی دۆخەکاندا، هاواری کەسێکی برسییە بۆ سێکس، ئاخر زادەی حەزێکی بایۆلۆجییە. ئەوی پێی دەڵێین، تۆ جوانترین ژنی دونیایت، کە لێی تێر بووین، بیر لەوە دەکەینەوە، چۆن زووتر خۆمانی لێ قوتار بکەین و ژنێکی دیکە ڕاو بکەین. (خۆشەویستەکەم: بە بڵندترین چیادا هەڵدەگەڕێم، بە تووڕەترین زەریادا ڕەت دەبم، نە گوێ دەدەمە زریان و نە سڵ لە گڕکان دەکەمەوە، تەنیا بەو هیوایەی ساتێکی کورت لە نزیک تۆوە بم. ئێوارەی هەینی، یەکدی دەبینین، ئەگەر کەشوهەوا باراناوی نەبوو!)

**22ی نۆڤەمبەری 2016**
**ستۆکهۆڵم**

(1) أوشو، الحب و الحريه و الفردانيه، ترجمه: ميتم الجايع، دار الحوار 2013 اللاذقيه.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# ژن بە ژنی ستراتیژی

نزیکەی چل ساڵێکە حیزبی کوردی لەڕێی بەیاننامەوە قسە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، لە ئێزگەوە هەڕەشە دەکەن و لە تیڤییەوە لە بنی هەمانەی یەکتری دەدەن. ئاخر نزیکەی هەموو دانیشتن و کۆبوونەوەکانیان بەیەکەوە، درۆ و دەلەسە و ریبیان.

لەو سەردەمەی لە شاخ بوون و تەنیا (تۆڕ)ی لۆکسیان هەبوو، فیشەک و ئارپیجییان بەیەکەوە ناوە، ئێستاش کە هەر یەکەیان خاوەنی جەڵەبێک زماندرێژ و جنێوبازی (تۆڕ)ی کۆمەڵایەتین، ڕۆژانە لە سووککردنی یەکتریدا داهێنان دەکەن و لە ڕەشکردنی لاپەڕەکانی یەکتریدا کێبڕکێیانە.

نزیکەی چل ساڵێکە حیزبی کوردی لەڕێی بەیاننامەوە، بە یەکتری دەڵێن هیوادارین ئەم قسانە کرداری بەدوادا بێت، ئاخر نزیکەی چل ساڵە حیزبی کوردی گفتی دەست لەناودەستکردنی یەکتری دەدەن و بە کردەوە شینە پاشقول لە یەکتری دەگرن، ئاخر تا ئێستا لە نێوانی ئەم زلحیزب و ئەو شینە حیزبدا، ململانێ و ملشکاندن هەر یەک واتایان هەبووە و هەر ملهوڕ و ملۆزمیش لەپێش بوون.

ئەوەی لە نێوانی دوو حیزبی کوردیدا پێیدەڵێن ڕێککەوتن، پتر لە ژن بە ژن دەچێ، ئاخر چونکە هەر لە بنەڕەتدا بە نابەدڵی دەکرێ و هیچ نییەت سافییەکی لە پشتەوە نییە، چونکە ژن بە ژنەکە بۆ کۆتایی هێنانە بە شەڕ و ئاژاوەیەک، یان لە پای تۆڵەسەندنەوەیەک، بۆیە بیست ساڵیشی بەسەردا تێپەڕێ، چۆن ژن بە ژن بە سووکە زللەیەک، بە نەرمە جنێودانێک هەڵدەوەشێ و دوو ماڵ وێران دەبێ، هەر ئاواش ڕێککەوتنی نێوان دوو حیزبی کوردی، بۆی هەیە لەسەر تانکەرە نەوتێ هەپروون بە هەپروون ببێ. ئەوە بۆیە هیچ ڕۆڵ نابینێ ژن بە ژنی نێوان حیزبی کوردی هەر بۆ موتعەیە، یانیش ستراتیژی.

ئەگەر لە هەموو مێژوودا سیاسەت بۆ سپیکردنەوەی چارەی ڕەش بووبێ، لە کوردستاندا سیاسەت پیاوی ماقووڵیشی سیاچارە کردووە، پیاو هەر خەریکی سیاچەمانە بێ خاسترە، ئەگینا سیاسەت هەناوی خەڵکیشی کردووەتە سیازوخاڵ (1)، خۆیان لە مەعبێنی خۆیاندا هەر فیسکەی سمێڵیانە، ڕەشاویشیان بۆ خەڵکە، هەر شوێنێ حیزبی کوردیی سیماڵی (2) سیاسەتی لێ هەڵدابێت، حەتمەن سیاگۆش (3) بازاڕی گەرم بووە نەک سیاوچەمانەواچ (4) هەی سیانکە (5) وەسەر سیاسەتکاری کورد.

(1) سیازوخاڵ: شتێ کە تەواو ڕەش هەڵگەڕا بێ
(2) سیاماڵ: ڕەشماڵ، دەوار
(3) سیاگۆش: گوڕهەڵکەن
(4)سیاوچەمانەواچ: مەقامبێژ بە هەورامی
(5) سیانکە: قوڕ و لیتاو



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کوردستانی دوای داعش

زۆربەی ناوەندەکانی توێژینەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کە بایەخ بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدەن، زۆرترین ئەو دەزگا و دامەزراوانەی چاودێریی شەڕی داعش دەکەن، بەشێک لە چاودێران و کارەکتەرەکانی ناوەندی بڕیاری جیهانی و ناوچەکە، خوێندنەوەی جیاجیا بۆ ئەو ئەگەر و پێشهاتانە دەکەن کە لە دوای داعش، لە عێراق و سووریا گریمانەی ڕوودانیان هەیە. لە ناوخۆی کوردستانیش زۆر جار باس لە عێراقی دوای داعش و ئایندەی سووریا دەکرێت، بەڵام نە لەسەر ئاستی دەرەوە و نە خۆشمان سەرنجمان نەخستووەتە سەر ئەو پێشهات و ئەگەرانەی کە لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئەگەری ئەوەیان هەیە ڕووبدەن.

سەرباری ئەوەی زۆرترین بۆچوونەکان بەو جۆرەن کە کۆتایی داعش، ئەم ناوچەیە وەکوو خۆی ناهێڵێتەوە و کۆمەڵێک لێکەوتە و دەرکەوتەی تازە بەدوای خۆیدا دێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر گۆڕانکارییەک لە هاوکێشە و نەخشەی سیاسی عێراق و سووریا تارادەیەکی زۆر پەیوەندی بە هاوکێشە گشتیەکەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و هاوسەنگیی هێزی ناوچەکەوە هەیە، بۆیە ئەگەری ئەوەش هەیە هیچ گۆڕانکارییەک لە نەخشەی سیاسی ناوچەکەدا ڕوونەدات و جارێکی دیکە بە هەمان شێوەی ئێستا بسەپێندرێنەوە. واتا مەرج نییە ئەو چاوەڕوانیانەی بۆ پێشهاتی تازە لە ئایندەی ناوچەکە دەکرێن هیچ ئاکامێکی هەبێت، لەگەڵ گریمانەی ئەوەی کە ڕەنگە هیچ لە هاوکێشەی ناوچەکەش نەگۆڕێت، بەڵام دەبینی هەموو لایەنەکانی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی تەرەف لە شەڕی داعش، لە خۆئامادەکردندان بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەر دۆخێک کە وەک دیفاکتۆ خۆی سەپاند.

ئەوەی لە هەموویان زیاتر گریمانەی پێشهات و ئەگەری گۆڕانکاری و چاوەڕوانیی مەترسی و هەڕەشەی لێدەکرێت، هەرێمی کوردستانە. بەڵام ئەم باسە نە لە میدیا و نە لە ناوەندەکانی بڕیار و نە لە سەنتەر و دەزگا تایبەتمەندەکانی توێژینەوە، جێی بایەخ نییە و هیچ ئامادەکارییەکی بۆ نەکراوە.

کورد بە شێوەیەکی گشتی لە ڕۆژئاوا و لە باشوور، لە یەکەم دەرکەوتنی داعشەوە لایەنێکی گرنگ و تارادەیەک یەکلاکەرەوەی شەڕی مەیدانیی داعش بووە. بەو هۆیەوە چاوی سەرنجێکی زۆر لەسەر کورد و قسەوباسێکی زۆریش لە بارەی چارەنووسی کوردەوە کراوە، لەلایەک وەک پاداشت لە بەرامبەر نواندنی قارەمانێتی و قوربانیەکانی، لەلایەکی تریشەوە وەک پرس و کێشەیەکی ڕەوا، وێناکردنێکی زۆر هەبوو کە ئەم میللەتە زۆرترینی بەرهەمەکانی شەڕی داعش دەچنێتەوە، بەڵام خەریکە ئاماژەکان پێچەوانەی ئەو وێنایە دخاتەڕوو، لە بری دەستکەوت مەترسی ئەوە دەکرێت بکرێین بە قوربانیی بەرژەوەندیی زلهێزەکان و ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا.

گریمان وەک چۆن ئەگەری گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسیی عێراق و سووریا وابەستەیە بە هاوکێشە گشتیەکەی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، بۆ کوردیش بەو جۆرەبێت و بەو هۆیەوە لە مەترسی و هەڕەشەی دەرەکی بپارێزێت، بەڵام لە بەردەم کۆمەڵێک قەیرانی ناوخۆییداین کە دوای داعش بەرۆکمان دەگرێ و هیچ کام لە مەرجی ڕاگرتنی هاوسەنگی و هاوکێشەی ناوچەکە دادمان نادات. ئەوەی کە دەتوانێت ڕێگە لەو پێشهاتە خراپانە بگرێت، خوێندنەوەیەکی وردی کێشە و پێشهاتەکان و دۆزینەوەی چارەسەرێکی کوردیانەیە، بەمانای ئەوەی لەناو ماڵی خۆمان و لەسەردەستی خۆمان کێشەکانمان چارەسەر بکەین.

ڕاستە داعش کۆمەڵێک زیانی گەورەی بە کورد گەیاند، زیاتر لە هەزار پێشمەرگەی قارەمانمان شەهید بوون و چەندین هەزاریش بریندارن، بەڵام شەڕی داعش ڕێگەی لە کۆمەڵێک پێشهات و تەقینەوەی نیگەرانی و ناڕەزایەتی خەڵک گرت کە بەهۆی ڕەچاوکردنی مەترسیی داعشەوە هێڵدراونەتەوە بۆ دوای داعش. واتا دوای داعش لەناوخۆی هەرێمی کوردستان دەرگا بە ڕووی کۆمەڵێک کێشەی تردا دەکرێنەوە کە پێویستە لە ئێستاوە ئامادەسازییان بۆ بکرێت، یاخود کار بکرێت بۆ ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، تا ڕوونەدەن.

بەدوور نازانرێ دوای شەڕی داعش، ناکۆکیەکانی نێوان پارتی و پەکەکە بگەنە ئاستی بەریەککەوتن، بێگومان بەو هۆیەوە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کێشەیەکی دیکە دەبێتەوە. لەسەر ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم کێشە لە نێوان هێزی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی دروست دەبن و دەستپێکی ڕووداوەکانیش ناوچەکانی خورماتوو دەبن کە پێشتر زەمینەی بۆ خۆشکراوە. بەغدا نەک لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێکناکەوێت، بەڵکوو هەوڵی زیاتر قوڵکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان و قەیرانی دارایی هەرێم دەدات، ئەویش لە ڕێگەی دروستکردنی فشار بۆ سەر کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک لە (هاڤاناو بای حەسەن). ئێرانیش بەهۆی ئەوەی شەڕی داعش ڕێگەی بۆ خۆش کرد، دەستوەردانەکانی لە هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات. ئەگەری دابەزینی زیاتری نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان، کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر قووتی خەڵک و بژێویی هاووڵاتیانی کوردستان و بەو هۆیەشەوە حکومەت ناتوانێ پابەند بێت بە پێدانی ئەو نیو مووچەیەشەوە کە ناوبەناو دەیداتە فەرمانبەرەکانی، ئەگەرێکە وادەکات ئاستی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک زیاتر پەرە بستێنێ و بگاتە دۆخی ڕووبەڕووبوونەوە و بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی. ئەمە سەرباری ئەو ناکۆکی و ناتەبابییە سیاسییەی لە نێوان هێزەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە بەپلەی یەکەم هەوێن و یارمەتیدەرە بۆ هەموو مەترسییەکانی دیکە.

بۆ ئەوەی بەشێک لەو هەڕەشانەمان لەسەر نەمێنێ، پێویستە لە قۆناغی یەکەمدا شێوە و پێکهاتەی حوکمڕانیی کوردستان بگۆڕین، گۆڕینەکە بە ئەندازەیەک بێت کە پارتی بە تەنیا لە واجیهە نەمێنێتەوە. چونکە بەشێک لەو پێشهاتە چاوەڕوانکراوانە بۆ پارتیە و لەو ڕێگەیەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەر خەڵکی کوردستان. ئەمە داوەریکردن نییە تا حوکم لەسەر ئەوە بدەین پارتی لەسەر هەقە یان نا، بەڵام واقیعەکە بەو جۆرەیە کە بەشێک لە هەڕەشەو مەترسییەکان بەهۆی پارتییەوەن. ئیتر وەک دەگوترێت بەشێکی (شەڕی کۆنەقینە) یان بەهۆی گوتاری نەتەوەیی یاخود ڕۆڵ و پێگەی لە ململانێی هێزە هەرێمایەتییەکان و جەمسەربەندیی ناوچەکەیە یا سیاسەتی هەڵەی خۆی، یان هەر هۆکارێکی دیکە. پێدەچێت بارزانی ئەو پێشهاتانەی بە وردی درک کردبێ، بۆیە لە دوا ڕاگەیێندراویدا سەبارەت بە چارەسەری کێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان پێشنیازی گۆڕینی سیمای هەر سێ دامەزراوەکەی حوکمڕانیی هەرێم دەکات.

دەکرێت ئەم دەستپێشخەریەی بارزانی بکرێتە دەرفەت بۆ چارەسەری هەندێ کێشەی تری وەک ئەوەی کە سلێمانی لەسەر هەق بن یان نا، ئێستا لە سایکۆلۆجیای دەستەجەمعیی ئەم شارەدا هەست بە پەراوێزخستن دەکرێ، بەهۆی ئەمەوە مەترسی لەسەر یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان هەیە. ئەگەر یەکێتی لەم قۆناغەدا حکومەت وەربگرێت و زۆرترین کارەکتەرەکانی ناو حکومەت خەڵکی سلێمانی بن، لە هەنگاوی یەکەمدا ئەو هەست بە پەراوێزخستنەی سلێمانی نامێنێت. ترسی دوو هەرێمی و دابەشبوونی جوگرافیای کوردستان کۆتایی دێت، کۆمەڵێک مەترسیی تریش دەڕەونەوە. ئێران فشار و گوشارەکانی کەمتر دەکاتەوە، پەکەکە نابێتە هەڕەشە، دوور نییە بەحوکمی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ ئێران و شیعە، بتوانرێت پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێریش ئاسایی بکرێنەوە. بۆیە بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەی داهاتوو، باشترین بژاردە ئەوەیە یەکێتی بکرێتە واجیهەی دەسەڵات لە کوردستان و پارتی بکەوێتە ڕیزی پشتەوە.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# شەیتانیزاسیۆنی سیاسی لە کوردستان

کۆمەڵگەی ئێمە بووەتە کێڵگەی نائومێدی و نەفرەت و بەدگومانی. چارەکە سەدەیەک دوای "ئەزموونی ئازادی"، بۆچی گەیشتووین بەم خاڵە ترسناکە؟ من لەڕێی چەمکی "شەیتانیزاسیۆن"ـەوە، هەوڵێک بۆ نزیکبوونەوەیەکی جیاواز لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەم.

لە زمانی ڕۆژانەدا، شەیتانیزاسیۆن بریتییە لە پرۆسەی ڕەشکردن و بەدێوکردن. شەیتانیزاسیۆن وەکوو میتافۆرێک، ڕەوتێکە لەپێناوی پێکهێنانی قەلەقێکی ئەخلاقی دژی کەس یان گرووپێکی نەخوازراو. شەیتانیزاسیۆن لە بواری سیاسیدا، تەکنیکێکی کارای پرۆپاگەندەیە بۆ وێناکردنی لایەنی نەیار وەکو مەترسیدارترین سەرچاوەی شەڕ و خراپە. شەیتانیزاسیۆن هەم دەبێتە هۆی هەڵخڕاندنی ڕق و نەفرەت بەرامبەر بە لایەنی شەیتانیزەکراو، هەم شەرعیەت بەو ڕێکارانە دەبەخشێ کە بۆ لێدان و لەناوبردنی دەگیردرێنە بەر. لەباری مێژووییەوە، مێژوونووسی ناوداری یۆنانی، پوکیڤیدیس، هێندێک نموونەی وای تۆمارکردوون کە مێژووی شەیتانیزاسیۆن دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی یۆنانی کەونارا.

لەبنەڕەتدا چاوگەی شەیتانیزاسیۆن (demonization) دەچێتەوە سەر ئەقڵانیەتێکی ئایینی و، بڕوا بە هەبوونی دوو هێزی هاودژی خێر و شەڕ. شەیتانیزاسیۆن بەتایبەتی لە نەریتی کریستیانەتیدا توێژینەوەی زۆری لەسەر کراوە. هەڵبەت شەیتانیزاسیۆن لە ئایینەکانی دیکەی تاکخودایی و ئایینە ئاسیاییەکانیشدا بەدی دەکرێت. ئەدەبی جیهانی لێوانلێوە لەو نموونانەی پشت بە فانتازیای شەیتانیزاسیۆن دەبەستن. ئەم دیاردەیە لەئەدەبدا بەدوو شێوە دەنوێندرێتەوە: یان ئەوەتا مرۆڤ بە هێزێکی ئەهریمەنی دەچوێندرێت یان بەپێچەوانەوە، هێزە ئەهریمەنییەکە لە بیچمی مرۆڤدا وێنا دەکرێت.

شەیتانیزاسیۆن ئامرازێکی کارای کۆمەڵگەکان بووە بۆ سەرکوت و سڕینەوەی هەموو ئەوانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە نۆرمە چەسپاوەکانی کۆمەڵگە لایانداوە. لە سۆسیۆلۆژیای کلاسیکدا ئەو باوەڕە هەیە کە شەیتانیزاسیۆن پرۆسەیەکی ناچارییە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی مۆراڵی گشتی لە کۆمەڵگەدا: شەیتانیزەکردنی کەس یان لایەنە لادەرەکان یارمەتی چەسپاندنی ئەو پرێنسیپانە دەدات کە دواجار یەکانگیری و ناوکۆیی بۆ "ئێمە" و، هەستی هاوبەشی ئەخلاقی بۆ بەگژداهاتنەوەی "ئەوان" بە جڤاک دەبەخشێت.

لەم نووسینەدا، لەڕێی سووکەئاوڕێکەوە لە ڕەوتی شەیتانیزاسیۆنی سیاسی لە کوردستانی چارەکەسەدەی ڕابردوودا، هەوڵ دەدەم قەیرانی سیاسەت لەمڕۆی باشووری کوردستاندا، لە گۆشەنیگایەکی ڕەخنەگرانەی جیاوازەوە بهێنمە بەرباس. دەمەوێ ئەو پرۆسەیەش نیشان بدەم کە شەیتانیزاسیۆنی لە هێزێکی یەکانگیرکەری سیاسییەوە کردووەتە فاکتەرێکی هەلاهەلاکەری کۆمەڵگەی ئێمە.

لە گوتاری سیاسی و نەتەوایەتیی کوردیدا، داگیرکەرانی کوردستان وەک سەرچاوەی هەموو ئەو نەهامەتییانە نرخێنراون کە بەسەر کورددا هاتوون. لەم ڕوانگەیەوە ئاساییە کە سەرەتای پرۆسەی شەیتانیزاسیۆن — هیچ نەبێ لە نیوسەدەی ڕابردوودا — بە شەیتانیزەکردنی حکومەتی ناوەندیی عێراق دەستی پێکردبێت. تا ئێرە شەیتانیزاسیۆن وەک پرۆژەیەکی کاردانەوەیی، شەرعیەتی خۆی لە ستەمی داگیرکاری و ویستی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان وەرگرتووە. هەر لەم قۆناغەدا، شانبەشانی شەیتانیزەکردنی داگیرکەری دەرەکی، شەیتانیزاسیۆنی ڕکەبەری ناوخۆییش لەناو ئەکتەرەکانی کایەی سیاسیی کوردیدا (لە ناوەڕاستی ساڵانی 1960ی زایینییەوە) کەوتووەتە گەڕ. ئایدیۆلۆژیا یەکێک لە هاندەر یان هیچ نەبێ پاساودەرەکانی بەگەڕکەوتنی ڕەوتی شەیتانیزاسیۆن لەم قۆناغەدا بووە.

هەڵبەت هەتا قۆناغی دوای ڕاپەڕینیش، بەهۆی جەبەرووتی هێزی داگیرکەر و دەستکورتیی هێزە خەباتکارەکانی شاخەوە "شەیتانیزاسیۆنی دەرەکی" وەک گوتاری زاڵی سیاسی، شەیتانیزاسیۆنی ناوخۆیی خستبووە پەراوێزەوە. ئەوە ئیتر لە سەروەختی ڕاپەڕینەوە بوو کە شەیتانیزاسیۆن پێی نایە ناو قۆناغێکی بێ گەڕانەوەی سامناک. ئەمە ئیتر ڕاستییەکی تاڵی مێژووییە: هەر لە ساڵانی شەستەکانەوە لایەنە ڕکەبەرە کوردییەکان لەو شاخانە، لەیەکتریان داوە و یەکتریان کوشتوبڕ کردووە. بەڵام ئەوە تەنیا دوای ڕاپەڕینی خەڵک و دابەزینی خەباتکارەکانی شاخ بۆ ناو شار بوو کە ئەو لایەنانە دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا لە ڕێی ئەندازیاریکردنی ڕاستەوخۆی زەین و هۆشی خەڵکەوە، نەریتی شەیتانیزاسیۆنی خۆیان بپڕژێننە ناو کولتووری سیاسی و ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەوە.

لەم قۆناغە نوێیەدا ئیتر، دوو هێزە باڵادەستەکەی کوردستان بەپلەی یەکەم و ئیسلامییە توندئاژۆکان لە ئاستێکی لاوازتردا، هەموو هەوڵی خۆیان دا تا لەڕێی چاندنی تۆوی نەفرەت بەرامبەر لایەنی ڕکەبەریان، ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەر گوتاری زاڵی چارەکە سەدەی پێش ڕاپەڕیندا بهێنن. بەدەربڕینێکی تر، ئەگەر لە قۆناغی ڕابردوودا، شەیتانیزەکردنی ناوخۆیی دەکەوتە پەراوێزی شەیتانیزەکردنی هێزی دەرەکییەوە، لەم قۆناغە نوێیەدا، فۆکوسی شەیتانیزاسیۆن کەوتە سەر ناوخۆ و، ئەوە شەیتانیزاسیۆنی دەرەکی بوو کە دەکەوتە پەراوێزەوە. لەچرکەساتی دوای ڕاپەڕینەوە ئیتر "شەیتانە سەرەکییەکە"، ڕکەبەری ناوخۆیی و "ئەویدی"یە خۆماڵییەکە بوو. کار تەنانەت گەیشتە شوێنێک کە هەموو شەیتانە دەرەکییەکان (واتە نەیارە داگیرکەرەکانی کوردستان، بە حکومەتی بەعسیشەوە)، لە شەیتانە سەرەکییەکەی جارانەوە بوون بە دۆست و هاوپەیمانی ئیقلیمی، بۆ زاڵبوون بەسەر شەیتانە خۆماڵییەکە واتە لایەنی ڕکەبەردا!

ئەم پرۆسەیە لە قۆناغی شەڕی ناوخۆدا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی، بەڵام لەوێدا ڕانەوەستا! دوای ئاشتبوونەوەی "جووتە شەیتانەکە"ی زۆنی سەوز و زۆنی زەرد (و، هەروەها پەراوێزکەوتنی "شەیتانی سێهەم" واتە ئیسلامییە توندئاژۆکان)، مەکینەکانی نەفرەتپژاندن بەڕواڵەت ساردبوونەوە، بەڵام میکانیزمەکانی شەیتانیزاسیۆن هەروا، وەک ئامرازە باوەکانی یەکالاکردنەوەی سیاسەت، لەسەر ئاستی گشتیی کۆمەڵگا بەگەرمی، لەگەڕدا مانەوە. لەڕاستیدا ئەمە ئیتر یەکێک لە گەورەترین خەسار و تراژیدیاکانی سیاسەت لە باشووری کوردستانە کە لەگەڵ دابەزینەوەی هێزەکانی شاخ بۆ ناو شار، شەیتانیزاسیۆنیش، لە تەکنیکی پڕوپاگەندەی ململانێی سیاسییەکانەوە، دابەزییە خوارەوە و بوو بە بەشێکی سەرەکی لە نۆرمەکانی ڕەفتاری سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک.

هەربۆیە چیتر، تەنانەت کاتێک دوو هێزە یەکتر بەشەیتانکردووەکەی شەڕی ناوخۆ لەگەڵ یەک ئاشتیش بوونەوە و بوون بە هاوپەیمانی یەکتر، هێشتاش ڕەوتی شەیتانیزاسیۆن لەئاستەکانی خوارەوەدا ڕانەوەستا، بگرە لێکدرانی دوو شەیتانەکەی پێشوو، شەیتانێکی گەورەتر و سامناکتری دروست کرد کە لەناو گوتاری سیاسیی زاڵی کۆمەڵگەدا ناوی لێنرا "دەسەڵات"! دەسەڵات بوو بە نوێترین سووژەی شەیتانیزاسیۆن لە کۆمەڵگەی کوردیدا. دەسەڵات بوو بە چاوگی نەفرینێکی بێ بڕانەوە، بەسەرچاوەی هەموو نەهامەتییەک.

دەیان میتافۆر و تەعبیری سازدراویش کەوتنە خزمەت چەسپاندنی ئەم پرۆسە نوێیەی شەیتانیزاسیۆنەوە. کار گەیشتە شوێنێک کە دەربڕینی گوزارەی دزێوی وەک "بەعس لەمانە باشتر بوو"، ببێتە شتێکی ئاسایی!! هەڵبەت لەم فازە نوێیەی شەیتانیزاسیۆندا هێزە دەسەڵاتبەدەستەکان بۆخۆیشیان، بە دەیان شێوازی دزێوی وەک قۆرخکردنی سامانی گشتیی وڵات، ماڵباتگەری، گەندەڵی، ناوەڵامدەری و بەگشتی قووڵکردنەوەی هەستی نادادپەروەری لەناو خەڵکدا، یارمەتییان بە چەسپاندنی وێنایەکی گشتی سەبارەت بەو شەیتانە تازەیە دەدا کە ناوی "دەسەڵات" بوو، بەڵام ناوەڕۆکەکەی هەمان لێکدراوی ئەو دوو هێزە شەیتانسازەی پێشوو بوو. ئەو دوو هێزەی بۆخۆیان نەریتی شەیتانیزاسیۆنیان لەناو کۆمەڵگەدا بەدامەزراوەیی کردبوو، ئەمجارەیان شەیتانیزاسیۆن بوو بە بەڵای سەری خۆیان!

چەکەرەکردنی هێزی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات، زەمینەسازی شۆڕبوونەوەی زیاتری شەیتانیزاسیۆن، وەکوو میکانیزمی سەرەکیی وێناکردنی هاوکێشەکانی ژیانی سیاسی، بۆ ئاستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بوو. لەڕاستیدا ئۆپۆزسیۆنی سیاسی- مەدەنی بگرە بەبڕشتتر لە هێزە تەقلیدییەکانی پێش خۆی، کاری لەسەر مێتۆدەکانی شەیتانیزاسیۆن کردووە. ئەمە ئیتر ڕاستییەکی تاڵ و حاشاهەڵنەگرە کە ئۆپۆزسیۆن- بەتایبەتی لە کەیسی گۆڕاندا، هەرچەند دەستی بۆ چەک نەبرد، بەڵام وەکی تر، نەک هەر نەیتوانی نەریتی شەیتانیزاسیۆن لە کولتووری ململانێی سیاسی بژار بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەڕێی تەکنیکەکانی پڕۆپاگەندەوە، دەورێکی گەورەی لە بەکولتوورکردنی زیاتری ئەم دیاردە مەترسیدارە لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا بینیوە.

هەڵبەت شەیتانیزاسیۆنی سیاسی تەنیا نەبووەتە هۆی هاڕینی شەرعیەتی مێژوویی هێزە تەقلیدییەکان و چاندنی تۆوی بێباوەڕی و بێمتمانەیی بەوان، بەڵکو بە سێ شێوەی زەق، ڕاستەوخۆ زیانی گەورە و کوشندەی بە کارکردی دیمۆکراتیکی هاووڵاتیان و نەخشی کاریگەری کۆمەڵانی خەڵک لەناو ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەدا گەیاندووە:

**یەکەم:** شەیتانیزاسیۆن وەک شێوازێکی بیرکردنەوە لە کێشەکان، لەڕێی ڕاگواستنی هەموو بەرپرسیارێتییەک بۆ سەرشانی دەسەڵات، وێنای قوربانییەکی دەستەوستان، بێدەسەڵات و پاسیڤی لە خەڵک چەسپاند. هەمان ئەو خەڵکەی حکومەتی سەدامیان ڕامالیبوو! (شیکردنەوەی هۆکارە سۆسیۆکولتوورییەکانی ئەم دەستەوستانییە، لێرەدا جێی نابێتەوە).

**دووەم:** شەیتانیزاسیۆن وەک شێوازێکی دەربڕینی ناڕەزایەتی، بوو بەهۆی بەرهەمهێنانەوەی چەندقاتی هەڵچوونی توندوتیژانە لە کۆمەڵگەدا —بەتایبەتی لە فۆڕمی توندوتیژیی ڕەمزی و زارەکی لەسەر ئاستی ئاسۆیی ژیانی کۆمەڵایەتیی جەماوەر.

ئەم توندوتیژییە ڕەمزییە بۆ خۆی فاکتەرێکی دیکەی تێکدەری ئاسایشی ڕۆحیی کۆمەڵگە بووە. چونکە شەیتانیزاسیۆن هەڵگری هیچ ڕەگەزێکی ڕزگاریبەخش نەبووە و نییە، هەربۆیە نەشیتوانیوە وەربسووڕێ بۆ وزەیەکی بنیاتنەری ئەوتۆ کە بتوانێ ببێتە بنەمای گۆڕانکاریی بنەڕەتی. لێرەوە، شەیتانیزاسیۆن لەڕێی بەرهەمهێناوەی توندوتیژیی ڕەمزییەوە، کۆمەڵگەی گیرۆدەی بازنەیەکی بەردەوامی توندوتیژیی ساختاری کردووە، کۆمەڵگەیەک کە بۆخۆی قوربانییەکی مێژوویی توندوتیژیی سیاسی بووە.

**سێیەم:** شەیتانیزاسیۆن وەک نۆرمی مامەڵە لەگەڵ هێزە سیاسییەکان، کۆمەڵانی خەڵک دەکاتەوە بە نێچیرێکی حازربەدەستی هەمان ئەو هێزانە! پاڕادۆکسی دۆخەکەش ڕێک ئا لێرەدایە: شەیتانیزاسیۆن ئەگەر لە بنەمادا پشت بەپرۆسەیەکی ڕادیکاڵی شەیتانسازیی دەبەستێ، کەچی هەرگیز نەیتوانیوە لەلای خەڵک، ببێتە هەوێنی وێناکردنی ئەڵتەرناتیڤێکی ڕادیکاڵ بۆ ئەو دۆخەی "شەیتانە گەورەکە" لێی بەرپرسیارە. هەربۆیە، بۆ وێنە، لە سەروەختی هەموو هەڵبژاردنێکدا، دیسان لەناو گەمەی شەیتانیزاسیۆنی هێزە ڕکابەرە مەوجوودەکاندا، شەیتانە سەرەکییەکەی چەند ڕۆژ پێشتر فەرامۆش دەکرێتەوە و — لەژێر کاریگەرییەکانی خاپاندنی میدیا و ڕاگەیاندندا بێ، یان ژیانەوەی کۆنەقینەکان یان هۆی دیکە- دیسانەوە خەڵکە ناڕازییەکە، پۆل پۆل بەسەر خانەی لایەنگرانی هەمان ئەو هێزانەدا دابەش دەبنەوە کە ئەندازیارانی مێژوویی شەیتانسازی و تراژیدیای سیاسەت لە کوردستانن.

بەڵام گەلۆ! چارە چییە و پێچەوانەی کردەی شەیتانیزاسیۆن دەکاتە چی؟ بێگومان ناکاتە فریشتەسازکردن! چونکە لەڕاستیدا، بەفریشتەکردن هەمیشە دووانەی شەیتانیزەکردنە و هەر بەو ڕادەیەش مەترسیدارە. چونکە هەر ئەو ئەقڵانیەتەی لایەنێک لەبەرچاودا دەکا بە فریشە، لایەنێکیش دەکاتە شەیتان. چارەسەری، خۆدەربازکردنە لە دووفاقەی شەیتان و فریشتە. لە بازنەی شەیتانیزاسیۆن و وازهێنان لەو ئەقڵیەتەی هەموو شەڕ و خراپە دەخاتە یەک سەبەتەوە.

قەیرانی سیاسیی هەرێمی کوردستان-کە لەڕاستیدا زۆرتر "قەیرانی سیاسەت"ـە تا قەیرانی سیاسی!-، ئەگەر لە پلەی یەکەمدا هێزە باڵادەستەکانی کوردستان لێی بەرپرسیارن، ئەوا دەسبەجێ و لە پلەی دووەمدا، ئەو خەڵکە لێی بەرپرسیارە کە ئەگەر هەر سبەینێ هەڵبژاردن بکرێتەوە، پۆل پۆل لە خۆشەویستیی ئەم فریشتە و لە ڕقی ئەو شەیتان، دەچنەوە بۆ دەنگدان و، شەرعیەتی دیمۆکراتیک بەهەمان ئەو هێزانە دەبەخشنەوە کە کوردستانیان کردووە بە کێڵگەی ڕق و نەفرەتی سیاسی.

ئەم "ئەزموونە ساوایە"ی ئێمە گەورە نابێ، هەتا بۆ خۆمان، لە دەرەوەی بازنەی شەیتانیزاسیۆنی یەکتری، گەورە نەبین!



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی بەتەمای حکومەتی زۆرینەیە

1

لە دوای 23ی حوزەیرانی پارساڵەوە، ئەگەر هەوڵی پەرلەمانییەکان (گۆڕان، بەشێکی یەکێتی، کۆمەڵ و بەشێکی یەکگرتوو) بۆ هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم سەری گرتبایە، ڕەنگبێ بیانتوانیبا بە هەمان میکانیزم، دوای هەمواری یاساکە، وەرەقەیەکی دانوستاندنی نوێ بۆ گۆڕینی تێکڕای پێکهاتەی حوکم بخەنە بەردەم پارتی و، لەوەشیاندا، دوای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، دوو پۆستی دیکە دەکرانە ئامانج: سەرۆکایەتیی حکومەت و ئەنجوومەنی ئاسایش. کە ئەو کارتە سووتا و پارتی توانی کۆنترۆڵی وەزعەکە بکات، ئیتر دوای ئەوە ڕێگەی نەدا پەرلەمانییەکان لە دەرەوەی پەرلەمان توانای خۆکۆکردنەوەیان هەبێ و هەنگاوەکانیش بە ئاراستەی کۆکردنەوەی پەرلەمان لە دەرەوەی هەولێر، گوشاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ سەر پارتی و لە کۆتاییشدا، ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان گۆڕان و یەکێتی (کە بۆ گۆڕینی تەرازووی هێز بوو بەڵام بەهۆی دانپێدانەنانی پارتی فەشەلی هێنا)، هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

ئێستا پارتی هەمان ئەو کارتەی بەدەستەوەیە کە پاش و پێش 23ی حوزەیران لە دەستی پەرلەمانییەکاندا بوو، بەڵام بەهۆی هەرزەکاریی سیاسییەوە سووتاندیان. بەڵام پارتی بە سەبرەوە مامەڵە دەکات و، ساڵێک وەستا تا بەرامبەرەکانی هەموو کارتەکانی خۆیان تاقی بکەنەوە و نائومێدیان بکات. هەر چەند مانگێک پێش ئێستا بوو کە فوئاد حوسێن، بە ڕاسپاردەی بارزانی دوو گەڕی دانیشتنی لەگەڵ حیزبەکان بەڕێوە برد، بەڵام بێئەنجام بوو، چونکە بنەمای دانوستاندنەکان، درێژەپێدان بوو بە حکومەتی ئیئتیلافی، ئیئتیلافێک کە بە مردوویی لەدایک بوو! ئێستا لەم گەڕەی دانوستاندنی حیزبە سیاسییەکاندا، دەبێ مەبنای گفتوگۆکان بگۆڕدرێت، ئەگەرنا هەمان تاس و حەمامە. مەبنای گفتوگۆکان، لەسەر حکومەتی زۆرینەی بچووککراوە بە سەرۆکایەتیی پارتی و، بە پشتیوانیی هەردوو باڵەکەی یەکێتی نیشتمانی، یەکگرتووی ئیسلامی و حیزبەکانی دیکەی ناو پەرلەمان دەبێت. پارتی لە ژێرەوە، لەگەڵ هەردوو باڵەکەی یەکێتی ڕێککەوتووە، یەکگرتووی ئیسلامیش لە سۆنگەی سەرکردایەتیی ئێستای توانای بڕیاردانی هەیە و ڕەنگبێ بتوانێ کۆمەڵیش بێنێتەوە ناو بازنە، بۆیە گفتوگۆکانی ئەمجارەی پارتی لەگەڵ حزبەکانی دیکە، چوارچێوەکەی پێشوەختە دیارە. پارتی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لە هاوکێشەکە هێناوەتە دەرەوە و لایەنەکان سەرپشکن بۆ دیاریکردنی کەسێک (مەعلوم بە چ میکانیزمێک) تا هەڵبژاردنی داهاتوو. ئەوەی دەمێنێتەوە پەرلەمان و حکومەتن کە پارتی مەبەستیەتی لە نێوان هەردوو باڵەکەی یەکێتی و ئیسلامییەکاندا بە هاوسەنگی دابەشیان بکات.

## پارتی دەتوانێ؟

2

لەم بارودۆخەی ئێستادا، کارتی نارەزایەتیی مامۆستایان و فەرمانبەران لە زۆنی سەوز و نیلی، تاکە ئامرازی گوشاری دەستی بزووتنەوەی گۆڕانە بۆ سەر حکومەت و، پارتی و یەکێتی لەسەر ئاستی ناوەندی و ناوچەیی هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەو کارەتەشیان لەدەست دەربێنن، چونکە ئاشکرایە کە نارەزایەتییەکان هەمووی هەر بۆ مووچە نییە و ئامانجی سیاسیشی لەپشتە. یەکێتی و بەتایبەتیش باڵی ماڵبات، نایەوێ 17ی شوباتێکی دیکە دووبارە بێتەوە و دەبێ باڵادەستیی خۆی بسەلمێنێت. بۆیە ماوەیەکە هەموو توانای خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی وەزعەکە گرتووەتە بەر. بۆیە دوای ئەوەی بارودۆخەکە ئاسایی دەبێتەوە، یان دەبێ گۆڕان قەبوڵی واقیعی نوێ بکات، یان ئەوەتا دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی حکومەتەوە.

پێناچێ گۆڕان بیەوێ تەسلیمی ئەو واقیعە بێت، بۆیە لە بەیاننامەکەیاندا، سەرباری ئەوەی کە قەبوڵیان کردووە بە تەنها و بێمەرج، لەگەڵ پارتیدا دانیشن، بەڵام ناتوانن لە پرۆژەی ئامادەکراویان بۆ دانوستاندنەکان، تەنازولی وا بکەن کە بەرامبەر دەنگدەرەکانیان هەست بەشەرمەزاری بکەن. گۆڕان ئەم گەڕەی دانوستاندن وەک دەرفەتێک بۆ خۆیەکلاکردنەوە دەبینێت و، چاوەڕێی ئەوەیە کە لایەنەکانی دیکە لەبیەیک بۆ پارتی لێدەن و، ئەوجا بە ئاسپایی لە حکومەت بچێتە دەر.

بەو پێکهاتەیەی ئێستای پەرلەمان، پارتی لەگەڵ یەکێتی، یەکگرتووی ئیسلامی و حیزبەکانی دیکە توانای گۆڕینی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و پێکهێنانی کابینەیەکی دیکەی حکومەت (یان تەعدیلی وەزاریی) هەیە و، ئەوەش هەمان ئامرازە کە پێشتر پەرلەمانییەکان لەبەرامبەر پارتی بەکاریان هێناوە و پارتیش بۆی هەیە هەمان کار بکات مادام باس لە دیموکراسیی پەرلەمانی دەکرێت. بۆیە پارتی کە ئێستا قۆناغێکی سەختی دوو ساڵیی لە شەڕی داعش و قەیرانی دارایی لە حوکمڕانیدا دەرباز کردووە، لەمەودوا دەربەستی بەشداریکردن یان نەکردنی گۆڕان نییە لە حکومەتدا و، ئەگەر هەر لایەنێکیش بەشداریی گۆڕان بکاتە مەرج، مانای ئەوەیە لەگەڵ درێژەپێدانی ئەو وەزعەی ئێستایە.

## بۆ هەدەپە بوو یان عەبادی؟

3

سەردانی سەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانی بۆ ئانکارا، هەر وەک خۆیشی ڕایگەیاند، فرە مەبەست بوو، بەڵام مەبەستی سەرەکی ڕەنگبێ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ئێستای بەغدا و ئانکارا بێت، بە نێوانگیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان (چونکە وەک خۆیشی گوتی، تازە مەوزووعی هەدەپە لەدەست دەرچووە). دیداری بارزانی لەگەڵ سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران و دوای ئەوانیش وەزیری دەرەوەی تورکیا، دەلالەتە لەوەی کە (بارزانییەکان) لە هەوڵی کۆکردنەوەی پشتیوانیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدان بۆ مانەوەی عەبادی، چونکە پێدەچێ لەسەر داهاتووی وڵاتی بەناو عێراق (کە عەبادی خۆیشی هەندێک سەرەداوی ئاشکرا کرد) گەیشتبنە ڕێککەوتنێکی مەبدەئی. بۆیە گرنگە لەم قۆناغەدا، تورکیا کە پاڵپشتی لە مانەوەی هەرێمی کوردستان و، دروستکردنی هەرێمێکی سوننی لە دوای نەمانی داعش دەکات، پەیوەندی و هەماهەنگییەکی پتەوی لەگەڵ عەبادی، بارزانی و سەرانی سوننەدا هەبێت و، بە سیاسەتەکانی هەم عەرەبی سوننە بۆ لای عەبادی پاڵ پێوە بنێت و، هەمیش ڕێگە نەدا مالیکی و داروودەستەکەی بیانوویان بۆ لابردنی عەبادی دەستبکەوێ.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# پارتی و گۆڕان ڕێکناکەون

گەڕێکی نوێی سەردانی نێوان لایەنەکانی باشووری کوردستان دەستپێدەکاتەوە. شەقام حەماسێکی وای بۆ ئەو سەردانانە نییە، چونکە کۆبوونەوەی زۆر کران و ئەنجامیان نەبوو. ئینجا کێشەی بژێوی و بێ کارەبایی و بێ ئاوی خەمی لەپێشتری خەڵکن و کەم کەس هەیە بڕوای بەوە هەبێت کە ڕێککەوتنی حیزبەکان بتوانێ کێشەی ژیانیان بە کونفەیەکوونێک چارەسەر بکات. بەڵام دیسانیش ناکرێ و نابێ دەستپێکردنەوەی ئەو سەردانانە بەبێ باسکردن و شیکردنەوە تێپەڕن.

ئەوەی کە پارتی دەچێتە لای لایەنەکان دەستپێشخەری نییە، چونکە هەر دەبوایە وابێت. پەیامی کاک مەسعود، ڕاستە وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە، بەڵام سەرۆکی پارتیشە و ئەگەر حیزبەکەی خۆی بەرنامەی بۆ بەکردەوەکردنی نێوەڕۆکی پەیامەکە نەبێ، حیزبەکانی دیکەش نایانبێت. بەڵام پارتی ئەمجارە لە پێگەی هێزەوە دەست بە دانوستاندن دەکاتەوە: لەلایەکەوە لە شەڕی دژی داعشدا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی براوەیە و ناوچەیەکی فراوان، بە شنگال و باشیکیشەوە-ی کەوتووەتەوە دەست. بەمەش سنووری قەڵەمڕەوی زۆر فراوان بووە. لەلایەکی دیکەشەوە تەجرەبەی دوو ساڵی ڕابردوو دەریخست کە بۆ نموونە گۆڕان ناتوانێ سیستمی سیاسی لە کوردستان پەکبخات، بەڵام ئەگەر حیساب بۆ پارتی نەکرێت، پارتی دەتوانێ حیزبی دیکە لە سیستمەکە بکاتە دەرەوە و بەردەوامیش بێت لە فەرمانڕەوایی.

هێندەی لە قسەی ژێر لێوی بڕیاردەرانی پارتی تێگەیشتبین، جارێکی دیکە ئەو حیزبە و گۆڕان بە سواری یەک کەشتی ناچنەوە نێو دەریا پڕ شەپۆلەکەی فەرمانڕەوایی لە کوردستان. ئەو ڤیتۆیەی پارتی لەسەر ڕێککەوتنی فراوان بەبەشداریی گۆڕان دایناوە، بۆنموونە یەکێتی ناتوانێ لەسەر پارتی دایبنێت. هەروەها ڕێککەوتنەکەی نێوان یەکێتی و گۆڕانیش هێندە کەمی لێ جێبەجێ کراوە کە ڕەنگە سبەی یەکێتی دنیایەک پاساوی بەدەستەوە بێت بۆئەوەی بەبێ گۆڕان سواری کەشتییەکە بێت. گرنگترین پاساو ئەوەیە کە ڕەنگە ڕێککەوتنێکی نوێ لەسەر حوکمڕانی بەشێکی کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی چارەسەر بکات. ئەویش بەوەی کە باڵی ناوەندی بڕیار لە پشکی یەکێتی لە پۆستەکانی هەولێر بەشی چاکیان پێبدرێت و باڵی زۆرینەش لە سلێمانی بە هەژموون و دەسەڵاتی خۆیەوە بمێنێتەوە. ئەوکات نە ڕێککەوتنەکەی گۆڕان و یەکێتی لە سلێمانی پێشێل دەکرێت و نە هەولێریش لەلایەن یەکێتییەوە بەیەکجاری تەسلیمی پارتی دەکرێت.

هەروەها وەک لە ڕاگەیەندراوەکەی کۆمەڵدا دەرکەوت، ئەو حیزبەش خۆی بە گۆڕانەوە نابەستێتەوە و وەک حیزبێکی خاوەن بڕیار دەیەوێ دانوستاندنی سەربەخۆی لەگەڵ پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی دیکەدا هەبێت بۆ ڕێککەوتنی نوێ لەسەر فەرمانڕەوایی لە کوردستان. پارتیش لەسەرەتاوە هەروا مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵ کردووە و وەزیرە سەرکەوتووەکەی ئەوانی وەکو وەزیرەکانی گۆڕان نەناردەوە ماڵەوە. بەپێچەوانەوە ڕۆڵی تۆختریش بووەوە. بۆیە ڕێی تێناچێت کۆمەڵ ئەگەر لەکۆتاییدا ناچاربوو هەڵبژێرێت، لەجیاتی سواربوونی کەشتییەکە، بیر لە بژارەی دیکە بکاتەوە.

لەو نێوانەدا یەکگرتوو پێگەیەکی تایبەتی هەیە. ئەو حیزبە لەوەتەی هەیە زۆرتر لە بارهەڵگرێک چووە کە باری شووشەی پێیە و دەیەوێ لە کەمترین تاسە بدات بۆئەوەی کەمترین شووشەی بشکێ. لە دانوستاندنەکانیشدا چاوەڕوان دەکرێت هەر وابن. واتە نە دڵی پارتی دەشکێنن و نە دڵی گۆڕانیش. بەڵام لە کۆتاییدا لەنێوان گۆڕان و پارتیدا، بژارەی دووەمیان هەڵدەبژێرن. ئەوەی کە پارتی یەکەمجار سەردانی یەکگرتوو دەکات، دەکرێ دوو هۆکاری هەبێت: یەکەم، پاش ڕووداوی کوژرانی کادیرە باڵاکەی یەکگرتوو، پارتی هەموو هەوڵێک دەدات دڵی یەکگرتوو ڕابگرێت و پێشیوایە کوشتنی کادیرەکە بۆ لەباربردنی ئەو لێکتێگەیشتنە نوێیەیە کە دوای هاتنی سەلاحەدین بەهائەدین وردە وردە خەریکە لەنێوان پارتی و یەکگرتوودا دروست دەبێت.

بەکورتییەکەی وەک کورد دەڵێت، مانگ لە سەرلەئێوارەوە دیارە. هەوڵی پارتی لە دەستپێکردنی ئەم دانوستاندنانە ئەوەیە کە ڕێککەوتنێکی نوێ بکات و گۆڕانی یان تێدا نەبێت، یان گۆڕانێکی تێدابێت کە بە مەرجەکانی پارتی ڕازی بێت. ئینجا دەکەوێتە سەر حیزبەکانی دیکە، بەتایبەتیش یەکێتی، کە گرێکوێرەکە دەکەنەوە یان توندتری دەکەن.

جیهانێکی دی



بەرزان فەرەج
barzanfa@gmail.com

# ئەردۆغان تا کوێ دەڕوات؟

دەستگیرکردنی پەرلەمانتارانی هەدەپە و پێشێلکردنی پارێزبەندیی ئەو کەسایەتیانە کە بەشێکن لە پرۆسەی سیاسی تورکیا و ئیرادەی نوێنەرانیان، بڕیاری پێشوەختی حکومەتی ئاکەپە بوو بە پێناسەکردنیان وەکو تاوانبار نەک پەرلەمانتار. پێش هەموو شتێک گرنگە هەدەپەو ئەو دەنگانەی خوازیاری خەباتی دیموکراسین، نەکەونە داوی ئەو گرەوەی کە ئەردۆغان گەمەی لەسەر دەکات بە پێناسەکردنی هەدەپە وەکو باڵی سیاسی پەکەکە لەناو پەرلەمانی تورکیا و خەنجەرێک لەناو دڵی سیستەمەکەیدا و لێرەشەوە پەکەکە نەبێتە بەشێک لەو گەمەیەو هەڕەشەی گرتیبەردانی تورکیا نەکات و کلیلی بردنەوەی گرەوەکە نەداتە دەست ئەردۆغان کە هەر بەتەنیا هەدەپەی نەکردووەتە ئامانج، بەڵکو ئەم کارە بەردەوامیی هەڵمەتێکی داڕێژراوی فراوانە لە تورکیادا کە لە دوای کۆدێتا شکستخواردووەکەی 15ی تەممووزەوە دەستی ئەردۆغانی واڵا کردووە دژی هەموو ئەوانەی بە مەترسی بۆ سەر ئارامیی خۆی و باڵادەستیی حیزبەکەی دەزانێت. ئەمەش پێشینەیەکی ترسناکە بۆ سەر ئایندەی تورکیا.

ئەردۆغان دوژمنەکانی خۆی لەناو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەی تورکیادا دەبینێتەوە تا ئەو ڕادەیەی ڕیزەکانی حیزبەکەی خۆی و وەفادارانیشی لێ دەرنەکردووە. ئەو پرۆسەیەی بە پاکتاوکردن یان کۆدێتا بەسەر کۆدێتادا ناسراوە، ئەردۆغان بە نیعمەتی خوای دانا کە لە ئاسمانەوە بۆی هات تا نەیارانی خۆی لە کۆمەڵگەی تورکیادا ڕابماڵێ. چاوەڕوان ناکرێت ئەم نیعمەتە تا سەر دەستەکانی ئەردۆغان بەرەڵا بکات لە پرۆسەی بە دوژمن دانانی چەندین ملیۆن دەنگی جیاواز و پاکتاوکردنیان و ئارامبوون وەکو تاکە سەرۆکی بێ ڕکابەری وڵات لە سەرا نوێیەکەی سەرۆکایەتیدا کە هەزار ژووری تێدایە و بە شێوازی بیناسازیی سەلجوقیەکان، یەکەم بنەماڵەی حوکمڕانی تورکی و نۆستالجی بۆ سوڵتانەکانی عوسمانی، دروستی کردووە و پێدەچێت نیازی نەبێت زوو ماڵئاوایی لەم سەرا خەیاڵییە بکات.

لە دوای کۆدێتا شکستخواردووەکەوە، ژمارەکان (زیاتر لە 150 هەزار دەرکراو و 40 هەزار زیندانی) ئاماژە بۆ ترسناکیی ئەو ماشێنی پاکسازییە دەکەن کە هەموو جومگەکانی کار و ژیانی تورکیای گرتووەتەوە، هەر لە توێژی سوپاوە تا دادوەری، پەروەردە، کولتوور و میدیا و وەرزش و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، تەنانەت خودی حیزبەکەی ئەردۆغان و هێزی پاراستنی کۆمارییش بەدەر نەبووە لە پاکسازی. بۆیە ئۆرهان پاموکی خاوەن خەڵاتی نۆبڵ هاوار دەکات: تورکیا وای لێهاتووە لەسەر بچوکترین گلەیی و ڕەخنە لە حکومەت خەڵک دەخرێتە زیندانەوە، تورکیا تا دێت لە دەوڵەتی یاسا دوور دەکەوێتەوە و دەبێتە دەوڵەتی تۆقاندن.

ئەردۆغان ئێستا لە قۆناغی ترسدایە لە هەمووان، سڵ لە هەمووان دەکاتەوە و پێیوایە هەمووان پەلاماری دەسەڵاتی ئەو دەدەن. بۆیە لە کاردانەوەدا تا دێت باوەڕی بە گەمەی دیموکراسی نامێنێت و دەزگای دەسەڵات لە پێکهاتەیەکی کۆماری و نوێنەری گەلەوە دەکاتە دەزگایەکی پەلاماردەر و تۆقێنەری گەل. پێیوایە ئەو دەزگا پۆلیسییەی کە دەمێکە بە هێمنی و بە نهێنی و بە پەروەردەکردنی نەوەیەک لە گەنجە بەوەفاکانی دەیەوێت بیکاتە بەدیلی سیستەمی دەوڵەت و کە لە شەوی کودێتادا توانی بەرگری لە مانەوەی ئەردۆغان بکات، لە کۆتاییدا خەونی پاکتاوکردنی تورکیا لە هەموو نەیارەکانی دێنێتە دی، خەونی چۆکدادانی هەموو ئامرازەکانی دیموکراسی لە تورکیادا، حکومەت، پەرلەمان، حیزب، دەزگاکانی دادوەری تا پەروەردە و خوێندیش بۆ ئەو سیستەمە پۆلیسیە، ئەمەش مەترسیی ڕاستەقینەیە لەسەر ئایندەی دیموکراسی لە تورکیا.

تورکیا لە پانتاییەکی جیۆپۆلیتیکی نێوان زەوی و دەریادا لە خاڵی بەیەکگەیشتنی ئاسیا و ئەورووپادا ڕاکشاوە و یەکێک لە گەورەترین هێز و دەوڵەتەکانی ناوچەکە و کلیلی ئارامی و سەقامگیریەتی. ئەندامی ناتۆ و مەزنترین هێزی سەربازییەتی، یەکەمین شەریکی ئەورووپایە و لە دەرگای بە ئەندامبوونی دەدات، ئەندامی جی بیست، واتە بیست دەوڵەتی ئابووریی بەهێزی جیهانە. تورکیا کە لە دوای ڕمانی سیستەمی کۆمۆنیزم و ڕووداوەکانی دوای بەهاری عەرەبی بووەتە کاراکتەرێکی بڕیاردەر و گوێلێگیراوی ناوچەکە، لەسەر دەستی ئەردۆغاندا تووشی غرورێک بووە، لە مەزنییەوە بەرەو هەڵدێر و شیرازە تێکچوونی دەبات؟ ئەم غرورە تا کوێ ئەردۆغان وێڵ دەکات و تا کوێ لەگەڵ گەلی خۆی و لەگەڵ دەرەوەی تورکیادا بە ڕەنجاوی و گۆشەگیری دەیهێڵێتەوە؟ هەموو ئەوانەی سەنگی تورکیا بە هەند وەردەگرن، پێشکەوتنەکەی بۆ ئەو دیموکراسیە ڕێژەییە دەگەڕێننەوە کە تورکیا لە دوای پشتکردنە دەسەڵاتە تاکڕەوەی و کۆدێتا یەک لەدوای یەکەکانی سوپا گرتیە بەر، بەڵام خەریکە دوای کۆدێتا شکستخواردووەکە، تارمایی گەڕانەوەی دەسەڵاتپەرستی و تاکڕەوەی ئەمجارە نەک لەناو خودی سوپاوە بەڵکو لەناو خودی توێژی مەدەنی و حیزبەوە سەرهەڵدەداتەوە کە ئەویش حیزبەکەی ئەردۆغانە، ئەو حیزبەی خۆی بە تەنیا لە ناوەندی حەقیقەت و ئەوانی دی لە بەرەی دوژمن و ناڕاستدا دەبینێتەوە.

ڕۆژئاوا و جیهانی دیموکراسی پشتگیری حکومەتێکی هەڵبژێردراوی تورکیایان کرد دژی کۆدێتاکەی سوپا، بەڵام ئەوان تیشکی سەوزیان بۆ ئەردۆغان هەڵنەکرد کە دەستەکانی بکاتەوە بۆ ئەو پاکسازییە ترسناکەی دەستی داوەتێ وەکو کۆدێتای ڕاستەقینە بەسەر دیموکراسیەت لە تورکیادا. جیهان ئارامی و سەقامگیریی تورکیای دەوێت لەبەر پێگەی گرنگی تورکیا نەک لە خۆشەویستیەوە بۆ ئەردۆغان کە لە هەنگاوناندایە بۆ تێکدانی ئەو ئارامیە بە غروری سیاسی و پیرۆزکردنی دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگەی وێرانکردنی ئەوانی دیکەوە. پێناچێت ئەردۆغان ئەو دەستانەی کە بەرەڵای کردوون بۆ پاککردنەوەی تورکیا لە نەیارانی، بکشێنێتەوە. پێناچێت لە هەنگاونان بۆ بە زیندانکردنی تورکیا بوەستێت، ئەردۆغان تا کوێ دەڕوات؟ تا کوێ خۆی لە بەرامبەر ملیۆنان نارازی و نەیارانی و نیگەرانیی جیهاندا بە تاکە خاوەن هەق دەزانێت؟ هێشتا جیهان هەر ئومێدی بە تورکیا ماوە وەکو تاکە دەوڵەتی بە سیستەم لائیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕاگری ئارامی و هاوسەنگیی ناوچەکە بمێنێتەوە و دوای سەدەیەک لە ڕمانی ئیمپراتۆریەتە نەخۆشەکەی عوسمانی و پشتکردنە خەلافەت و ڕۆژهەڵات و ڕووکردنە ڕۆژئاوا، جارێکی دی پشت نەکاتەوە ڕۆژئاوا و ڕووی خۆی بەرەو مەککە و ڕۆژهەڵات و خەونی خەلافەتێکی دیکە وەرنەگێڕێت. ئەرکی ئەردۆغانە لەسەراکەیەوە خەونی بوونە سوڵتان نەبینێ و لەوە زیاتر نەڕوات.



ڕابەر تەڵعەت

# دیموکراسی هەر بە قسە خۆشە!

قۆناغی گەشەکردنی ناسیۆنالیزم و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەورووپادا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی هەژدە و نۆزدە، ئەورووپا لەو ماوەیەدا توندوتیژترین ژان و قۆناغەکانی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی تێپەڕاند، دوا قۆناغیشی بە دوو جەنگی جیهانیی یەک لەدوای یەک بەڕێ کرد. بەو مانایەی پرسی گەشەپێدانی دەوڵەت لەسەر بنەمای تیۆرەکانی دیموکراسی و لیبراڵیزم، مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و بیرۆکەی لیبراڵیزم و لیبراڵ دیموکراسی و ئابووریی بازاڕ و دامەزراندنی دەوڵەتی خۆشگوزەران، لە ئەورووپادا بەشێوەیەکی سیستەماتیک لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سەری هەڵداوە، بەتایبەتیش لە سەرەتای ساڵانی 1950 کە یەکەم دەسپێشخەری بۆ لێکنزیککردنەوەی وڵاتانی ئەورووپا لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی فەرەنسا ڕۆبێرت شیومانەوە دەکرێت، پاشان ڕێککەوتننامەی خەڵوز و ستیل لەنێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا ئیمزا دەکرێت و دواجاریش بە قۆناغ، ئەنجامەکەی دەبێتە لەدایکبوونی ئەوەی کە ئێستا ئێمە بە یەکێتی ئەورووپا دەیناسین.

سەبارەت بە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا، نەمانی کۆمۆنیزم و گەڕانەوە بۆ باوەشی یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ ئەوانی ڕووبەڕووی دوو تەحەدا و سەرکێشیی گەورە کردەوە، یەکەم دەبوو جارێکی دیکە خۆیان وەک وڵاتانێکی سەربەخۆ و خاوەن سیادە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزم بونیاد بنێنەوە، واتا هەم پەرە بە ناسیۆنالیزمی خۆیان بدەن، هەم بە دەوڵەتی نەتەوەیی، بەتایبەت بۆ وڵاتە تازە دروستبووەکانی وەک چیک، سلۆڤاکیا و سلۆڤینیا و ئەوانی تریش. دووەم دەبوو خۆیان لەگەڵ مەرجەکانی یەکێتی ئەورووپا بگونجێنن و ببن بە وڵاتانی دیموکراسی و لیبراڵ و خاوەن بازاڕی ئازاد، واتا لەیەک کاتدا هەم دەبوو پەرە بە ناسیۆنالیزمی خۆیان بدەن هەم بە گواستنەوەی دیموکراسی، بەڕێوەبردنی ئەم دوو پرۆسەیەش هاوکات و بەیەکەوە بۆ وڵاتانێک کە خاوەنی ئابوورییەکی ڕووخاو و ساڵانێکی درێژی ژێردەستەیی بوون، هەروا ئاسان نەبوو، ئەگەرچی تارادەیەکی باش توانییان تێیدا سەرکەوتوو بن، لەمەشیاندا یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانی ناتۆ ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان هەبوو، کە سەرجەمی پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراسی و ئابووریی ئەو وڵاتانە، لەژێر چاودێریی یەکێتی ئەورووپادا بەڕێوە چوو. وەک نیشاندانی گۆشەیەکی بچووک بۆ بەراوردکاریش، دەتوانین هەمان حاڵەت بۆ دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستانیش بهێنینە بەرچاوی خۆمان، بەو واتایەی کە خەباتی دامەزراندنی دەوڵەت و نەتەوە هاوکاتە لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی جیهان لە کورد بۆ گەشەپێدانی بەهاکانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پتەوکردنی بونیاد و یاساکانی دەوڵەتی مۆدێرن، بە جیاوازیی ئەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدایە و بە جێگای یەکێتیی ئەورووپا، بە کۆمەڵێک دەوڵەتی تۆتالیتاری دەورە دراوە کە لەهەمان کاتیشدا نەیارن بە گەشەکردنی ئەزموونی کوردی لە ناوچەکەدا!

یەکێتیی ئەورووپا بۆ ئەوەی بتوانێت وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپا (پۆست کۆمۆنیزم) جارێکی دیکە بگێڕێتەوە بۆ باوەشی خۆی و لە مەترسییەکانی پاش کۆمۆنیزم ڕزگاریان بکات، دەبوو هەوڵ بدات خۆی لە ناوچەیەکی بازرگانیی ئازادەوە بگۆڕێت بۆ ئاکتەرێکی چالاک لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، یەکەم هەنگاویش بۆ ئەمە بریتی بوو لە هەوڵەکانی بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ڕۆڵی یاسا و دامەزراوە مەدەنییەکان لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوخۆی ئەورووپاش، بەتایبەتیش کاریگەرییەکانی ئەو سیاسەتە بەسەر وڵاتانی ئەورووپای دوای کۆمۆنیزمدا.

ڕێککەوتننامەی کۆپنهاگن 1993، گرنگترین هەنگاوی یەکێتی ئەورووپا بوو بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئەو ئاکتۆرە سیاسییە نێودەوڵەتییە بگێڕێت کە بتوانێت چاودێریی قۆناغی دوای نەمانی سۆڤیەت و داڕمانی کۆمۆنیزم و گواستنەوەی دیموکراسی بکات، ئەم کارەش بەبێ نەخشەڕێگا و بەرنامەیەکی ستراتیژی، بەتەنیا بە گوتار و دروشمی سیاسیی بریقەدار جێبەجێ نەدەبوو، وەک ئەوەی ئێمە لێرە لە سەروبەندی بەهاری عەرەبیدا بینیمان! ڕێککەوتننامەی کۆپنهاگن لە 72 چاپتەردا بەرنامە و پێوەرەکانی گواستنەوەی دیموکراسی و مەرجەکانی ئەندامێتی و ئەرکەکانی سەرشانی ئەندامێتی لە یەکێتییەکەدا دەستنیشان کرد، یەکێک لە پێوەرەکانیش پەیوەستە بە لایەنی سیاسییەوە، هەر وڵاتێکی ئەورووپا بۆ ئەوەی وەک ئەندام قبوڵ بکرێت، دەبێت خاوەنی سەقامگیریی سیاسی بێت و ڕێز لە یاسا و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی بگرێت، دەبێت ڕێز لە کەمینەکان و مەزهەب و ئاینە جیاوازەکان بگرێت و چاودێریی پاراستنی هەموو لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگاکەی بکات بەبێ جیاوازی.

ئەم ڕێککەوتننامەیە بە تەنیا وەک مەرەکەبی سەر کاغەز نەمایەوە، بەڵکو ڕێوشوێن و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی دەستنیشان کراو ژمارەیەک لە وڵاتانی پاش کۆمۆنیزم وەک پۆڵەندا و هەنگاریا بە ڕەسمی داوای ئەندامێتییان کرد و پرۆسەی بە ئەندامبوونیش زیاتر لە 10 ساڵی خایاند، لەم ماوەیەدا یەکێتی ئەورووپا لە هەموو ڕوویەکەوە کاری لەگەڵ ئەو وڵاتانە کرد و هاوکاریان بوو لە سەرخستنی پرۆسەی گواستنەوە و جێبەجێکردنی مەرجەکانی ئەندامێتیدا.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# دەشنێ دەبێتە ئەنیمەیشن
« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

# "شۆڕش" مرد








■ 13ی ئابی 1926: فیدڵ ئەلێخاندرۆ کاسترۆ روز لە خێزانێکی دەوڵەمەند لە دایکبووە. باوکی خاوەنی کێڵگەی قامیشی شەکر و دایکیشی ئافرەتی ماڵەوە بووە.

■ 1950 – 1954 : خەریکی خوێندنی یاسا بووە لە زانکۆی هاڤانا. لەو ماوەیەدا لەگەڵ گروپە شۆڕشگێڕەکان تێکەڵ بە سیاسەت بووە.



■ 1952: خۆی بۆ ئەندامێتی کۆنگرێسی کوبا پاڵاوت. بەڵام بەهۆی کودێتای ژەنەراڵ فولگێنسیۆ باتیستا هەڵبژاردنەکە نەکرا.

■ 1953: بە سەرکردایەتی گروپی (بزووتنەوە) هێرشیان کردە سەر بنکەی سەربازیی مۆنکادا کە دەکەوێتە دەرەوەی ناوچەی سانتیاگۆ دی کوبا. هێرشەکە شکستی هێنا و لەگەڵ رائولی برای، سەرۆکی ئێستای کوبا، دەستگیرکران. دوو ساڵ دواتر لە چوارچێوەی لێبوردنی گشتیدا ئازادکران.

■ 1955: چووە مەکسیک، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی 16ی تەمووزی مەکسیک بگۆڕێ بۆ هێزێکی پارتیزانیی خاوەن دیسیپلین.



■ 2ی کانوونی یەکەمی 1956: فیدل کاسترۆ و 80 چەکداری دیکە بە یەخت خۆیان گەیاندە خاکی کوبا، بەڵام هەر زوو کەوتنە بۆسەی سوپاوە. لەو 80 کەسە تەنیا 12 کەسیان رزگاریان بوو. لەوانەش فیدل و راول کاسترۆ و چێ گیڤارا. ئەم 12 کەسەش بە مەبەستی دەستپێکردنی شەڕی پارتیزانی روویان لە شاخی سیەرا مایسترا کرد.

■ 1959: نۆ هەزار چەکدار بە سەرکردایەتی کاسترۆ هێرشیان بردە سەر هاڤانا و باتیستایان ناچارکرد رابکات.



■ 1960: پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکی نزیک لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، بە سەرۆکایەتی نیکیتا خرۆشچۆڤ. لە ئاکامی ئەمەشدا ئەمریکا هەموو پەیوەندییە دیپلۆماتیکییەکانی لەگەڵ کوبا پچڕاند و پاش ئەوەی کوبا هەموو ناوەندەکانی بەرژەوەندی ئەمریکا لە کوبای بە نیشتمانی کرد، واشنتنیش سزای بازرگانیی قورسی بەسەر هاڤانادا سەپاند.



■ 1961: هەوڵی نهێنیی ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر خاکی کوبا لە رێگەی کەنداوی پیگز. ئەم هەوڵە بە هاوکاری 1300 تاراوگەنشینی کوبایی بەڕێوەچوو کە دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا مەشقی پێکردبوون. هەڵسەنگاندنی ئەمریکا بۆ پشتگیریی نێوخۆیی خەڵک لە کاسترۆ هەڵە دەرچووبوو. بۆیەش هەوڵەکە شکستی هێنا.



■ 1962 : بوونی سیستەمی مووشەکیی سۆڤیەت لە کوبا خەریک بوو جەنگی نێوان رووسیا و ئەمریکای لێبکەوێتەوە. ئەم کێشەیە بە "قەیرانی سیستەمی مووشەکیی کوبا" ناوی دەرکردبوو. لە کۆتاییشدا رووسیا ئامادەبوو سیستەمە مووشەکییەکەی لە کوبا لابدات. ئەمەش دوای ئەوە بوو کە جۆن ئێف کێنێدی، سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا، بە نهێنی بەڵێنی دابوو سیستەمی مووشەکیی وڵاتەکەی لە تورکیا لابەرێ.



■ 1975 1989: کاسترۆ هێزی سەربازی رەوانەی ئەنگۆلا، ئەسیۆپیا و یەمەن کرد. بۆ ئەوەی پشتگیری و هاوکاری پێشکەش بە هێزە کۆمۆنیستەکانی ئەم وڵاتانە بکات.

■ 1976: پارتی کۆمۆنیستی کوبا دەستووری سۆسیالیستیی نوێی کوبای پەسندکرد. کاسترۆش وەک سەرۆکی کوبا هەڵبژێردرا.



■ 1980: کاسترۆ رێگەی بە 125 هەزار کوبایی دا لە رێگەی بەندەری ماریەلەوە رەوانەی ئەمریکا بکرێنەوە.

■ 1991: رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت. کۆبای تووشی رەوشێکی ئابووریی سەخت کرد. بە مەبەستی لادانی بەشێک لەم گوشارە، کاسترۆ رێگەی بە هەندێک کرانەوەی ئابووری و چالاکیی بازاڕی ئازاد لە کوبا دا.



■ 1998: پاپا جۆن پۆڵی دووەم سەردانی کوبای کرد و لەلایەن فیدل کاسترۆوە پێشوازی لێکرا.

■ 2002: فیدل کاسترۆ رەخنەی توندی لە ئەمریکا گرت کە لە کەمپی گوانتانامۆ ژمارەیەکی زیندانی لە حاڵەتی دەستبەسەریدا هێشتووەتەوە.

■ 2003: بەهاری رەش: سەرکوتکردنی نارەزاییەکان رەخنەی توندی وڵاتانی جیهانی لێکەوتەوە. لە هەڵمەتەکەی بەهاری رەشدا 75 کەسی نارازی حکومەت دەستگیرکران کە 29 کەسیان رۆژنامەنووس بوون، لە نێوان بەندکراوەکاندا منداڵێکی شەش ساڵان و ژمارەیەکی زۆر مێرمنداڵ هەبوون. کاسترۆ نارازییەکانی بەوە تۆمەتبار کە داردەستی ئەمریکان.



■ 2008: نەخۆشی و رەوشی نالەباری جەستەیی، کاسترۆی ناچارکرد لە تەمەنی 81 ساڵیدا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی رابگەیەنێت و دەسەڵات رادەستی رائول کاسترۆی برای بکات.

■ 2015: ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی کوبا و ئەمریکا دوای 54 ساڵ، هەر ئەمەش رێگەی بۆ گەشتە سێ رۆژییەکەی باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا، لە مانگی ئاداری ئەمساڵ خۆشکرد.



■ 25/11/2016: فەرماندەی شۆڕشی کوبا، فیدل کاسترۆ روز، لە تەمەنی 90 ساڵیدا کۆچی دواییکرد. فیدڵ کاسترۆ زۆر شانازی بە شۆڕشی کوباوە دەکرد و دەیگوت "شۆڕش منم".